


کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست


١- قەڵادزێ.. شارێک لە ڕیزی شاران.................................................... جەبار جەمال غەریب ........ ٤
٢- قەڵادزە؛ لەنێوان نەهامەتیەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا ........................................ بایز ڕەشید ئەمین ....... ٢٧
٣- یادی کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ بۆچی لە شارۆچکەی قەڵادزێ بوو بە ئامانج؟ ........... قادر ژوان .......... ٣١
٤- ئەمڕۆ ٤٢ هەمین ساڵڕۆژی بۆرومانکردنی شارۆچکەی قەڵادزێی باشووری کوردستانە. ........... ش.ف ............. ٣٥
٥- ٤١ همین ساڵیادی جینۆسایدی قەڵادزێ ................................................ ئاوارە حسێن ......... ٣٧
٦- بیبلیۆگرافیای کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ ............................................ مۆفەق میراودەلی .......... ٤٠
٧- قەڵادزێو یادی هەردوو کارەساتەکەی ................................................ د.ئەحمەد سەید محەمەد بەرزنجی ...... ٤٨
٨- زامەکانی قەڵادزێ ئێستاش خوێنیان لێدەتکێ ............................................. ساڵح میراودەلی ....... ٥١
٩- شار لە نێوان تراژیدیا و بەرهەمی تراژیدیا ............................................ پێشەوا کاکەیی ...... ٥٥
١٠- شێوازەکانی یادکردنەوەی ٤ - ٢٤ دەڤەری پشدەر ........................................ سارا فەقێ خدر ...... ٥٧
١١- ٤ - ٢٤ و بەڵێنەکانی حکومەت ......................................................... هەرێم حەسەن ...... ٦٠
١٢- لەبیرەوەری ڕاگواستنی قەڵادزێدا ...................................................... خالید ئیبراهیم ...... ٦٢
١٣- لەیادی بۆردومانی قەڵادزێ کارەسات و ڕاپەڕین و... قسەیەکی دی ............... شەپۆل فەتحی کەریم ....... ٦٦
١٤- تاوانی ٢٤ - ٤ لە شیکارێکی یاساییدا.................................................. عوسمان عەلی وەیسی ......... ٦٨
١٥- جینۆسایدێکی فەرامۆشکراوی دۆسییەی دادگایی بەعس ................................. کارزان محەمەد ........... ٧٤
١٦- بۆردوومانی ساڵی ١٩٧٤لەنێوان کۆست و ڕاپەڕیندا ...................................... م.خدرئیبراهیم ......... ٦٧
١٧- هەفتە چالاکیەک بۆیادی کارەساتەکانی قەڵادزێ ......................................... هۆشمەند چەکوانی ...... ٧٨
١٨- ڕۆژو ڕوداوە گرنگەکان لە مێژووی شاری قەڵادزێدا................................. مەلا سمایلی نوورەدینی ...... ٨٠
١٩- قەڵادزێ سروشتێکی جوان، بەڵام هەمیشە کارەسات ........................................ سەلام عومەر ........ ٨٣
٢٠- یادی ڕاپەڕینی قەلادزێ دیمانەیەک لەگەڵ "بەهرە حسێن ............. ئامادەکردنی: سەلام محەمەد ...... ٨٨
٢١- قەڵادزێ، قەڵای ئازادی و بەرگری ..................................................... م.مشیر سورچی .......... ٩٤




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٢- لە خۆپیشاندانی شەقامەکانەوە تا ڕاپەڕینی ناو ئۆردوگا ............................... ئازاد حاجی .............. ٩٦
٢٣- پەلەیەکی ڕەشی تر بە ناوچاوانی بەعسیەکان لەجینۆساید کردنی خەڵکی کوردستان ..............................
................................................................................................. خالید ئەحمەد ئاسنگەر ....... ١٠٣
٢٤- وچانێک لە سێبەری قەڵادا ........................................................ ڕێبوار بەکرەجۆیی ........ ١٠٧
٢٥- قەڵادزێ مەکۆی کوردایەتی ...................................................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ...... ١٠٩
٢٦- چیرۆکی یەکەم سرود بۆ بیست وچواری چوار .............................................. د.عمر نورەدینی ......... ١١١
٢٧- سالم سوڵتان بۆ ئاوای لە قەڵادزێ کرد؟ ........................................ عومەر ئیسماعیل باوزێیی ....... ١١٤
٢٨- خوێندنەوەیەک بۆ زامی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ و ڕاگواستنی ٢٦ - ٦ - ١٩٨٩ ی قەڵادزێ ................................
................................................................................................... حەمید قەڵادزەیی ......... ١١٦
٢٩- زیانە ماددیەکانی کارەساتی بۆردومانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤............................................................ ١١٨
٣٠- یەکەم شاڵاوی جینۆسایدی کورد، لەشەهید کردنی یەکەم زانکۆ .................. خالید ئەحمەد ئاسنگەر ........ ١٢٢
٣١- قەڵادزێ ......................................................................................... ١٤٤



قەڵادزێ ١٩٦٥



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## شار.. خەونە گەورەکەی من




**جەبار جەمال غەریب**

نووسین دەربارەی شار یەکێکە لە ئومێدە کۆنەکانم، تەمەنێکە دەمەوێ لەسەر شار بنووسم، ئەو شارانەی تێیاندا ژیاوم، ئەوانەی دیتوومن، ئەوانەی خەونی من بوون، ئەوانەی گیرۆدەیان کردم.

**بۆ هەر کەسێک شار چەند جۆرێکە، یان لە چەند ڕێگایەکەوە شار دەناسێ، یان دەناسین:**

- **یەکەمیان**، ئەو شارانەی تێیاندا ژیاوین.
- **دووەم**، ئەو شارانەی سەردانمان کردوون، یان پێیاندا تێپەڕیوین.
- **سێیەم**، ئەو شارانەی بوونە خەونمان، بۆیان باس کردووین، یان دەربارەیانمان خوێندووەتەوە.

**یەکەم**: ئەو شارانەی تێیاندا ژیاوم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- بەشی یەکەمی ئەو وتارانە بۆ من دەماری ژیانە، باسکردنە لە ڕووحی مانەوەم لەسەر زەوی. بۆ من سەر زەوی ئەو شارانەن کە تێیاندا ژیاوم. نەخشەی زەویم دیتووە، هێڵکاری وڵاتەکان و سنووری شارەکان، شاری گەورە و بچووک، شارۆچکەی بەناوبانگ و سەوز و بیابان و شاخاوی، هەزار هەزارن، گوند هەن، بۆ کەسانی دیکە ڕووحی مانەوەن، هێزی هەناسە و بەردەوامیی ژیانن، بۆ من هیچ نین، نە بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستم ناویانم دێنە خەیاڵ، نە شەوێک بیریان لێ دەکەمەوە، نە ناویان دەزانم، کەواتە نە ئەوان لە ژیانی مندا هەن و نە منیش لە ڕۆژانی ئەواندا.

- پێش ئەوەی بێمە سەر مەبەستی سەرەکیم، پێویستە شتێک لە جوگرافیاوە باس بکەم، ئینسان لە سێ شتدا وجوودی هەیە، یان بوونی ئینسان بە سێ شتەوە بەستراوەتەوە.

- یەکەمیان بوونی خۆی وەک جەستە کە بێ ئەو هیچ شتێک وجوودی نییە.

مەبەستم، هەر یەکێک لە ئێمە، کە بوونی دنیا و ڕووداو و خۆشی و ناخۆشی بە وجوودمانەوە بوونیان هەیە، کە نەبووین، کە و جوودمان نەبوو، ئیدی هیچ شتێک وجوودی نییە.

- **دووەمیان کات**.
- **سێیەمیان جوگرافیا**.

واتا لە سێ شتدا هەین، یەکەم، جەستەی خۆمان. دووەم، ئەو کات و زەمەنەی تێیدا دەژین. سێیەم، شوێن، جوگرافیا، ئەو گوند، یان شارۆچکە، یان ئەو شارەی ژیانمانی تێدا بەڕێ دەکەین.

- کەواتە دەتوانین بڵێین، بۆ من (کە بۆ خۆم سەنتەری ژیانم) ئەو کاتە گرنگە، کە تێیدا دەژیم، ئێستا ساڵی ٢٠٢٣یە، ساڵی ١٠٢٣ واتا هەزار ساڵ لەوە پێش بۆ منی ئێستا (بۆ جەستە و خولیای ئێستام) هیچ گرنگ نییە و وەک نەبێ وایە. (ئەوە بەو مانایە نییە، کە زەمەنەکان لە دوور مەودادا کاریگەرییان لەسەر یەکتر نییە).

- بۆ شوێنیش هەر وا، ئەو شارە شوێنی لەسەر جەستەی من، هەوای لە هەناسەی مندا، تۆزی لە ناخم و هەتاوی لەسەر پێستم بەجێ ماوە، کاری تێ کردووە، جیاوازە لەگەڵ شوێنێک، کە من تەنانەت ناویشیم نەبیستووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چوار شار هەن بۆ من زۆر گرنگن، بەشێکین لە ژیان و مانەوەم. بەشێکن لە پێکهاتە و خانەکانی جەستەم. گڵیان چووەتە ناو مۆخم و شێی هەوایان چووەتە ناو سییەکانم. دەماغم بەوان بەرزە. یەکەمیان قەڵادزێیە و دووەمیان سلێمانی و سێیەمیان هەولێر و چوارەمیان بەغدایە.

## قەڵادزێ.. لەندەنی پشدەر

یوری گاگارین (١٩٣٤- ١٩٦٨) کە لە گەشتە ئاسمانییەکەیدا باسی ئەوەی کردبا، کە قەڵادزێی لە ئاسمانەوە دیتووە، کە وەک کانییەکی شین لە ناوەندی حەوزی پشدەر دەدرەوشێتەوە، دنیا گەرمتر پێشوازیی لێ دەکرد و سۆفیەکانیش زووتر باوەڕیان پێ دەکرد.

- کە یوری گاگارین بە خۆی و کەشتییە ئاسمانییەکەیەوە بەدەوری زەویدا سووڕایەوە، ساڵ ساڵی شەست و یەک بوو (١٢ی ٤ی ١٩٦١)، ڕاستە ئەو ساڵە جگە لە مەکتەبێک و دائیرەی حکوومەت هیچ خانوویەکی چیمەنتۆ و بەرد لە قەڵادزێ نەبووە، شارەکە بریتی بووە لە چەند ڕیزە خانوویەک، کە وەک دۆستی بەوەفا و مەست شانیان پێکەوە دابوو، بەڵام یوری، ئەو پیاوە ئاسمانگەڕە، بۆ ویقاڕی گەشتەکەی خۆی پێویست بوو باسی دیمەنێکی قەڵادزێی بکردایە.

- بۆیە ئەوەش دەڵێم، قەڵادزێیەکان هیچ کەس و ڕووداو و شتێکیان ناچێتە مێشک، کە پەیوەندییەکی بە قەڵادزێوە نەبێ.

- هەر بۆ نموونە، سەعیدە شێت لای قەڵادزێیەکان سەد ئەوەندەی جونەیدی بەغدادی وەلیتر و زاناترە، با سەعیدە شێت لە هەموو ژیانیدا وشەیەکی نەخوێندبێ و قەتیش قسەیەکی لە دەم نەهاتبێتە دەرێ.

- هەموو دنیا هاوار بکات کە (ئوسین بۆڵتی) جامایکایی، کە سەد مەتری بە نۆ چرکە و نیو (٩,٥٨ چرکە) بڕیوە، لای قەڵادزێییان هەر قالە ڕێوی خێراتر و بەگوڕترە، کە لە سەید ئەحمەدانەوە بە دوای ڕێوییەک کەوتووە و لە سەنگەسەر گرتوویەتی.

- چین و هیند و ئەمریکا و تورکیا دوا داهێنانی زانستییان بەکار هێناوە بۆ باشکردن و بەتامکردنی تەماتە، تەنیا چین ساڵی ٢٠١٧ نزیکەی شەست ملیۆن تەن تەماتەی بەرهەم هێناوە، بەڵام هێز نییە لە دنیادا بە قەڵادزێییەکی بسەلمێنی کە ئەو تەماتانە شان لە شانی تەماتەی هەڵشۆ دەدەن، نەک تەماتە، هیچ لیمۆیەکیش نییە بۆ مزری و ئاوداری و بەتامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەک تەماتەی هەڵشۆ بێ. کابرای قەڵادزێیی لەوسەری دنیا بێ، یا لە ئەمریکا یان لە بەستەڵەکی باشوور بێ، هەر ئەوەندەی کەوچکی لە شلەی دا، یەکسەر تەماتە خوار و تەنک و قاشقاشەکانی ئاشی زادەی دێتەوە بەرچاو و ئەگەر ڕووحیان بۆ لێنابێ بە نابەدڵی دەیخوا.

هەر ویستم دیدێکی گشتیی قەڵادزێ باس بکەم، تا ئەوانەی ناشیناسن بڕێک شارەزای بن، دەنا لەبیرمە، وتارەکەم لەسەر شار و لەندەنەکەی پشدەرە.

---

## قەڵادزێ.. شارێک لە ڕیزی شاران

### قەڵادزێ ١٨٢ گوندی هەبووە

**مامۆستا غەریب پشدەری گوتی:**

- هەتا ١٣ی ٤ی ١٩٥٨ قەڵادزێ سەد و هەشتاو دوو گوندی هەبووە، بۆ هەموویان بە پێیان چووم. یەکەیەکە ژماردوومن و تۆمارم کردوون.

قەڵادزی سەنتەری ناوچەیەکی فراوانە، لە دەربەندی ڕانیەوە تا دەگاتە سنووری سەردەشت هەمووی سەر بە قەڵادزێیە.

ئەوەی قەڵادزێی کردووەتە سەنتەر، گەورەیی شارەکە نییە، هەبوونی کارگە و پیشەسازییش نییە، ئەوەی قەڵادزێی کردووەتە سەنتەر فەرهەنگی شار و تێگەیشتنی فراوان و یەکتر قبووڵکردن بووە.

قەڵادزێ وەک ناوچە و شارێکی سنووری، لەلایەن دەسەڵات و دەوڵەتەوە هەمیشە پشتگوێ خراوە. نەک هەر پشتگوێ خراوە، دژایەتییش کراوە، بەڵام ئەو فرامۆشکردنەکەی کردووەتە هەوێنی پشت بەخۆبەستن و هەستانە سەرپێ.

گوندەکانی قەڵادزێ سەرچاوەی بەرهەمهێنان و کارکردن و حورمەتیش بوون. خەڵکەکەی وەک خاوەنی شارەکە بن، هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوون چۆن خزمەتی خەڵکی شارەکە بکەن. هەر ئەوانیش توانیبوویان کارێکی وا بکەن شار پێویستی بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەستگیرۆیی و یارمەتیی هیچ شوێنێک نەبێ.

وەک کاکە شوانە، شوان ئەحمەد، لە کۆمێنتێکیدا بۆی نووسیوم:

{ ئەی برینجی سەر چۆمی ئاڵاوێ و خەیارەکەی نوورەدین و کۆخی بیکلۆ و ترێی بێگەڵاس و کاڵەکی خانەڵێ و شووتیی کێلەسپی و ترشی بێخرێ و تووری شێخاوەدلان و هەناری دۆڵی نێسێ و گوێزێ باوزێ.}

قەڵادزێ وەک شازادەیەکی تەواو، برا بچووکەکانی خۆی، واتا گوندەکانی بۆ کار ناردبوو، کارێک کە هەموو پێویستییەکانی شازادەیان جێبەجێ دەکرد. سەرەڕای ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانە، سەرەڕای تێرکردنی شار لە گۆشتی بەرخ و گیسکە دابەستەکانیان، سەڕای بێبەش نەکردنی شار لەو بەفرەی کە لە چاڵە بەفرەکان، لە شاخەکان دایاندەگرتن بۆ وەرزی هاوین و گەرما. سەرەڕای هەموو ئەوانە، گوندی هێرۆ، کە ناوەندی ناحیەش بوو، (بزوو) کە دەبێتە (شاڵی) سلێمانی و (کری) هەولێر، لە هەموو تەرزێک بۆ شار، واتا قەڵادزێی دەنارد. بزووی شینکی و سپی و ڕەش و سوور و مەرەز. ژنان خورییان دەڕست و جۆلاکانی قەڵادزێ وەک کارخانەی قوماشی ئەورۆ دەیانکردنە (بزوو، قوماش).

- ژنان، خوری و بەرگین و موویان لەبەر جۆگەلە و چۆم و کانییەکان دەشوشتنەوە، ژنان هەڵیاندەخستن، وشکیان دەکردنەوە، جا (شە) کردن، هەر ژنان شەیان دەکردن، هەر ژنان دەیانڕستن. (تەشی) ناسراوترین ئامێرە لەو بەینەدا، هەر تەشییەک تا تۆپێک خوری دەڕست، کورە تا چەنگێک خوری دەڕست و دەیکردە (داو)، سەد جار، هەزار جار، ملیۆن جار بەر شلکەڕانی ژنان دەکەوت. بەداخەوە (مام) کەمال غەریبی خەیات چووە دنیای فانی و نەیزانی لە کاتی دوورینی هەر (ڕانکوچۆغەیەک) جلێکی بزوو، سەدان جار دەستی بەر شلکە ڕانی ژنانی ناسک و خوێن شیرینی گوندەکان کەوتووە. ئەگەر ئەوەی زانیبا، هەڵبەت ڕووحی تەسلیم نەدەکرد و هێشتاش هەر خەریکی ڕانکوچۆغە دروون دەبوو.

واتا گوندەکانی پشدەر، برا بچووکەکانی قەڵادزێ، چییان بۆ دەنارد؟

- هەرچی میوە و سەوزەی دنیا هەیە، گەنم و جۆ و برنج و ماش و نیسک و دەیان بەرهەمی دیکە.

- گۆزە و دیزە و کیتەڵە. هێرۆ پایتەختی پیشەسازیی پشدەر بوو.
- بەهۆی بزووەوە، ڕانکوچۆغە، جاجم و بەرماڵ و جەواڵ و ڕەشکە و گوریس و شەدا و کەژوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

من تا ئێستا باسی گوندەکانم بۆ کردوون، جارێ قەڵادزێ ماوە، گوند شتێکی دیکەشی بەرهەم دەهێنا، کە نەدەبینرا، دەستی لێ نەدەدرا، نەدەگیرا، ئەویش زمان و فەرهەنگی زمان بوو.

## زمانی پشدەرییان

- گوند، زمانی بەرهەم دەهێنا، زمان لەو شوێنە بەرهەم دێ، کە کاری تێدا دەکرێ، گوندەکان کارگەی کارکردن بوون، کارگەی جووڵە و گەمەی زمانیش بوون. زمانی هەموو گوندەکان یەک بوو، زمانی کوردیی ساغ و پاراو، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم، هەر گوندەش شتێکی خۆی هەبوو لەناو زماندا، لەناو زمانەکەدا دەیناشت و وەک مۆرکی خۆی جێگای دەکردەوە.

- منی (شل)ە قەڵادزەیی، گەورەترین سەغڵەتی و ناخۆشیم ئەوە بوو کە هەڵشۆییەک، لە هەڵشۆیە لە باسکێکی هاوار بکات و بیەوێ شتێکم تێگەیەنێ، منی تەپۆل لە تێگەیشتن هەرگیز لەو تۆنە خێرایەی ئەو نەدەگەیشتم، تۆنێکی خێرا و زمانێکی کورتکراوە، دەیان وشە بەسەر لێویاندا با دەیبردن و نەدەگەیشتنە من.

- لام وابێ ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمەی ئێستا، لە هەڵشۆییەکانڕا فێر بوون لە کاتی قسەکردندا دەنگەکان هێندە کورت بکەنەوە و وشەکانی هێندە توند بخەنە پاڵ یەکدی (تێکیان ترنجێنن)، کە ڕستەیەکی تەواو بکەنە چەند دەنگێکی خێرا.

- جگە لە هەموو ئەوانە، جۆرێک لە کولتوور و فەرهەنگیش لەنێوان و گوندەکاندا لە جووڵەدا بوو، لە بەند و حیکایەت و مەتەڵ و چیرۆک، هەمووشیان بە هەوادا دەگەیشتنە ناو شاری.

ئەوە سەرچاوە و کارگە و مەکینەی داهێنانەکانی قەڵادزێ، شتی هەرە گرنگی قەڵادزێ، وەک ناوەندێکی شارستانی و مەدەنی، هەموو ئەو شتانەی چۆن وەردەگرت؟

- چۆنی بەرهەم دەهێنانەوە؟

- مامەڵەی لەگەڵ کەسەکان و کولتوورەکەیان چۆن بوو؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- قەڵادزێ لە کۆکردنەوە و وەرگرتنەوە و دانەوەی هەموو ئەو شتانە، سەلماندوویەتی شارە، شارێک لە ڕیزی شاران، شارێک، کە دەبێتە ناوەندی بەیەکترگەیشتنی زەوق و بیر و بەرهەمی ئینسانەکان.

- ئەوە چۆن؟

- چۆن شارێک لەو بنی دنیایە، شارێک لە ناوەندی ڕەوەزە شاخ و بەردەهەسانان، لەو پەرگەیەی دنیا، لەو لاچەپەکە چۆن توانیویەتی شارێک بێت لە ڕیزی قەزاکانی دیکە نا، بەڵکە ڕاست لە ریزی سلێمانی و هەولێر؟ ئەوەش دەبێ من پێتان بڵێم، بە زمانێک، کە هی هەڵشۆییەکان بێ، بەڵام بە تۆنی قەڵادزێ.

---

## قەڵادزێ.. پایتەختی شین یان قەڵادزێ گەوهەری شین

- کە من چاوم کردەوە، قەڵادزێ ڕاستە شەقامێک بوو، وەک تیر لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژ دەبووەوە. شەقامێک ریزەدوکانێکی ماندوو ئەمبەر و ئەوبەری گرتبوو. دوکانی بچووک و چاخانەی کورسیی لەق و کەبابخانە و قاوەچاغ، لەگەڵ دوکانی قوماشفرۆش و بەرگدروو، وردەفرۆش و عەتار، هورمزی مەی فرۆش و ئەسکەندەری بابیشی.

هەریەکێک لەو دوکانانە، کە ڕەنگیشیان نەبوو، ڕازاوە بوون بە کەسانێک، بە ئەتوار و پێکەنین و قسەخۆشێک، کە هەرگیز هیچ ڕێبوار و سەردانیکەرێک نەیتوانی نەکەوێتە بەر تەلیسمییان.

- قەڵادزێ وەک شانەهەنگوینێک دێتە بەرچاو، کە دانیشتوانی و ڕێبوارەکانیشی ئەوەندەی گیرۆدەی هەنگوینەکەی بوون، سەرنجی دیوار و شانەکانی ناویان نەدابوو. با زەمەن پێی لێ نابێ، خانە و ژوورە بچووکاکانی شانەهەنگوینەکەی بەسەر یەکدا پان کردبێتەوە، پێی زەمەن هەرچەند قورس بێت، کوا شیرینیی هەنگوینی پێ لەناو دەچێ!

- هەموو گوندەکان، کە کولتووری گوندییان هەبوو، کە ژیانی گوندییان هەبوو، بەبێ جیاوازی توانا و داهێنان و بەرهەمی خۆیان دەخستە سەر سینی و شەقامەکانی قەڵادزێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- قەڵادزێ ئەو ئاوەدانییە لاچەپەکە، دەیزانی ئەو دەبێ شار بێت، ئەو نابێت گوند بێت، کە ببێتە گوند تەنیا ژمارەی گوندەکان یەک دانە زیاد دەکات. قەڵادزێ دەیزانی کە ببێتە شار، دەبێتە پایتەختی هەموو دێیەکان و سوڵتانی پشدەر، کە ببێتە شار، دەبێتە تاقانە شار.

- هەر بۆیە قەڵادزێ نەدەبوو شارێکی ئاسایی بێت، دەبوو لەندەن بێت.

### چی قەڵادزێ جیادەکاتەوە؟

- قەڵادزێ شێوازێکی قسەکردنی هەڵبژارد، کە پێی دەڵێن (بنزار) یان شێوەزار، کە هی هەموو گوندەکانە و هی هیچیشیان نییە، بۆنی هەموو گوندەکانی لێ دێت، هەموو گوندەکانیش دەزانن شێوازی ئەوان نییە. شێوازێکی متوربە لە هەموویان، هەڵێنجراو لە هەموویان، بەبێ ئەوەی هیچیشیان بێت، تۆن و دەنگی هەموویان، تێکەڵ و گیراوە بە ڕەشاقەتی شار، بە زەڕافەتی شار.

- وشە پڕ و دەنگ کامڵ و دەربڕین قووڵ و واتا ڕوون.

ئەوە زمانی قەڵادزێیە. ئەو شیوازە تەنیا لەسەر سەقامەکانی قەڵادزێ لەدایک دەبوو، لە کۆڵانەکانی پێی دەگرت و لە بازاڕەکەی دەچووە ناو جەفەنگەوە.

- هەموو گوندێکی قەڵادزێ، لەو ١٨٢ گوندە، شێوازی خۆی دەناسێتەوە، شێوازی خۆی لەسەر زمانی ڕۆڵەیەکی ونبووی دەناسێتەوە، قەڵادزێ هەر ١٨٢ دوو بۆنی تێکەڵ کردووە، هەر گوندییەک دێتە ناو شار، شێوازەکەی خۆی دەبینێ، هەستی پێ دەکات، شانازیی ئەوەیشی پێوە دەکات، کە شتێک (بڕێک) گەورە بووە، هەر بنزارەکەی خۆیەتی، هەر دەنگ و قسەی خۆیەتی گەشەی کردووە و گەورە بووە. وەک منداڵێکی کە دەینێرنە قوتابخانە، هەر هەمان منداڵە لەبەرچاوی داک و بابی گەشەی کردووە، فێر بووە، گەشەکردنێک، فێربوونێک، کە جێگای شانازییە. خۆ ئەگەر وتارەکە ڕێگای دابا، دەکرا لەسەر جیاوازیی ناسینەوەی هەر سەد و هەشتا و دوو گوندەکە بدوێم و بیخەمە ڕوو.

- قەڵادزێ ئەو شارە بەدەسەڵاتە لە ڕووی زمانەوە، ئەو ڕێیەی لێ گرتووم، حەز ناکات کوڕەکانی لێک جیا بکەمەوە.
- هەر کەسێک لە هەر شار و وڵاتیکەوە ڕێی بکەوێتە قەڵادزێ و لەوێ بژیت، دوای چەند ساڵێک زمانەکەی متوربە دەبێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە شێوازی دەوڵەمەندی قەڵادزێ، هەر قەڵادزێییەکیش بچێتە هەر شار و وڵاتێکی دیکە، ئەگەر هەوڵیش بدات (زۆر شت فێر دەبێت و زۆر شتی تێدا دەگۆڕێت) دیسانەوە ناتوانێ شێوازە ڕەسەنەکەی خۆی لەبیر بچێ. بۆ نموونە:

- کابرای قەڵادزێیی ناتوانێ لەجیاتی ماین بڵێ (ئەسپی مێ).
- لەجیاتی جوانوو ناڵێ (بەچکەی ئەسپ).
- ناتوانێ بڵێ جگەرە دەخۆم، دەڵێ جگەرە دەکێشم.
- ناتوانێ بڵێ چا دەخۆم، دەڵێ چا دەخۆمەوە.
- ناتوانێ بڵێ کڵاو لەبەر دەکەم، دەڵێ کڵاو لەسەر دەکەم.
- ناتوانێ بڵێ پێڵاو لەبەر دەکەم، دەڵێ پێڵاو لە پێ دەکەم.

**هیچ قەڵادزێییەک ناڵێ گوارە لەبەر دەکەم و بازن لەبەر دەکەم و چاویلکە لەبەر دەکەم، بەڵکوو دەڵێ:**

- گوارە لە گوێ دەکەم، بازن لە دەست دەکەم، خەزێم لە لووتم دەکەم، چاویلکە لە چاوم دەکەم، ملپێچ لە مل دەکەم، پشتێن لە پشت دەکەم.

**ئیدی کابرای قەڵادزێیی ئەگەر لەو شارە زەبەلاحانەی ئێستا سەری لێنەشێوابێ، هەرگیز ناڵێ:**

- بەرکەوتنم لەگەڵی نییە. دەڵی تێکەڵی نیم.

- ناڵێ کۆ بوویەوە. دەڵێ کۆ بوونەوە.

- ناڵێ پارەم پێ نییە، کە مەبەستی (نەبوونی پارە بێت). دەڵێ پارەم نییە.

قەڵادزێ حیکمەت و هەیبەت و مانایەکی وای بە زمان بەخشی، ئەگەر وەک دەوڵەت شارەکانی یۆنان خاوەنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی بایە، شێوازەکەی، زمانەکەی بۆ ئەوە دەبوو ببێتە زمان و شێوازی هەموو ناوچەکان و شانازییشی پێوە بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- جا ئەو شێوازە ئەوەندە میهرەبانیشە، هەموو شێوازەکانی دیکە دەیانتوانی وەک میوان نا، وەک خانەخوێ لەلای سەرەوەی ماڵەکەی پاڵی لێ بدەنەوە، هەگبە و توانای خۆیان لەناویدا هەڵڕێژن.

- قەڵادزێ چۆن توانیی لە ناوەندی ئەو هەموو گوندانە، زمانەکەی شارستانی بێت و ژیانی مەدەنی و ئەتەکێتی سەردەمییانە بێت؟

- چۆن توانیی خواردنی شاریانە بێت، جۆری خواردنەکە و شێواز و کاتی خواردنیش هەر شاریانە بێت؟

- جلوبەرگی تایبەت و خانووی شارستانییانە بێت؟

- من لە سەلماندنی هەموو ئەوانە زۆر ماندوو نابم، چونکە بەڵگەکان لەسەر دیوارەکانی قەڵادزێدا نووسراونەتەوە، کام قەڵادزێ؟ ئەو قەڵادزێیەی لەسەر پەردەی مێشکم وەک خۆی هەڵگیراوە.

---

## قەڵادزێ.. هەستانە سەر پێ

قەڵادزێ وەک هەست بە بەرپرسیاریەتی و شوێنی خۆی بکات، دەسەڵاتی جوگرافیی خۆی بەکار دێنێ و دەبێتە شوێنێک لە هیچ گوندێکی دەوروبەرەکەی و شارێکی نزیکیشی نەچێت.

ئەو بەشەی وتارەکە تەرخان دەکەم بۆ قەڵادزێ وەک شار، دەشێ لە ڕووی واقیعی و زانستییەوە چەند ڕستەیەک بنووسم کە بەدڵی دۆستانم نەبێ، بەتایبەتی ئەو دۆستە نزیک و برا ڕووحییانەی کە بەردەوام خوێنەری وتارەکان بوون.

### ڕووحی شار لە قەڵادزێدا

**یەکەم**: بنەمای بوونی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی کولتووری، زمانە، ئەو زمانەی لە قەڵادزێ دەرکەوت نە هی گوندەکانی بوو، نە هی ئەو خێزان و کەسانە بوو کە لە شوێنی دیکەوەڕا هاتبوون.. دەبێ ئەوە زیاتر ڕوون بکەمەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- لە وتاری پێشوودا وردەکاریی پەیوەندیی قەڵازێم بە گوندەکانەوە شی کردەوە، گوندەکان بە دوو جۆر کاریگەرییان لەسەر قەڵادزێ هەبوو، یەکەمیان ژیانی ئابووریی شارەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە گوندەکان بەستبوو، ئەوە باس کراوە.

**دووەمیان** ئەو گوندییانەی (لادێییانەی) لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە گەشەیان دەکرد، یان پێویستیی ژیانیان ناچاری دەکردن ڕوویان لە قەڵادزێ دەکرد و دەبوونە دانیشتوانی شارەکە.

واتا بەشێکی سەرەکیی شارەکە لەو خێزانانە پێکهاتبوو کە بە هەر شێوەیەک بێت، لە گوندەکانەوە بۆ ناو شارەکە کۆچییان کردبوو.

دیوە دڵڕەقەکەی قەڵادزێ ناسناوی (لادێیی) لەو کەسانە نابوو، ئەوان زمان و کولتوور و فەرهەنگی خۆیان هەبوو.

- بەشێکی دیکەی دانیشتوانی قەڵادزێ لە شارەکانی دیکەوەڕا هاتبوون، زۆرترینیان لە کۆیە و ڕانیە و شوێنە نزیکەکانەوە هاتبوون. پێنجوینی و گەرمیانی و خانەقینی و سلێمانی و دیوی ئێرانیشیان زۆر تێدابوو، بەتایبەتی خەڵکی شارەکانی سەرسنووری (ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور.)
قەڵادزێییەکان دەڵێین ناوچەکەمان خاکەکەی ڕەسەنە، بۆ خۆی کەسەکان و کارێکتەرەکان دروست دەکاتەوە، بەو شێوە و سیفەتانەی بۆ شارەکە پێویستن.

- هەر واشە، جوگرافیایی قەڵادزێ ملکەچی هیچ کام لەو گرووپانە نەبوو، بنزاری قەڵادزێ کە خەڵکەکەی زیاتر پێیانخۆشە بڵێی (زمانی قەڵادزێ) هی هیچ کام لەو گرووپانە نییە. بۆ نموونە کۆییەکان کە ژمارەیان لەناو شارەکە زۆر بوون، بە خەڵکی (شاری)ش هەژمار دەکران، کەچی شێوەزارەکەیان نەبووە شێوەزاری گشتی و بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر هەموویان بنزاری کۆیەیان لەبیر چۆوە و شێوەزاری قەڵادزێیان پەسند کرد و بوونە بەشێک لێی، نەک هەر ئەوە، بوونە بەشێک لە خاک و سروشتی شارەکە و نازناوی پشدەری یان قەڵادزێیان بۆ ئەبەد پێوە نووسا.

ئەوە بۆ تەواوی شوێن و خانەوادەکانی دیکەش ڕاستە. ئەوانەی خەڵکی سلێمانییش بوون هەر بە هەمان شێوە، بنزاریان بۆ قەڵادزێ گۆڕا. ئەو ژنە پۆلیسانەی بە هۆی گواستنەوەی مێردەکانیانەوە دەهاتنە شارەکە، دوای چەند مانگێک لە هاتنیان کە زەردەواڵەیەک بە منداڵەکەیانیەوە دەدا، دەیگوت: "جێی پێوەدانەکەی ئەستوور بووە" کە پێشتر و لە شاری خۆی گوتبووی "ئاوساوە."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانم یەکەیەکە نموونە لە خەڵکی هەموو ناوچاکان بهێننمەوە. خەڵکانێکیش هەبوو نەدەچوونە ناو کولتووری شارەکە و شارەکەش لە کاتی غرووری و لووتبەرزییدا تۆڵەی لێ دەکردنەوە و سزای دەدان و بە (لادێیی) ناودێری دەکردن.

**دووەم**: ئەوە هەر خەریکی ژماردنی ئەو سیفەتانەم کە قەڵادزێ خۆی لە تەواوی گوند و شارەکان پێ جیا کردەوە و (بەهێز) و سەنگەوە لەناو گلۆخۆڵی ناوچەڕا هەستایە سەر پێ.

- دووەم سیفەت و نیشانەی شاربوون، جۆری ژیان یان نەریتی ژیان، کولتووری ژیانی ڕۆژانە بوو. لەسەر ئەو بابەتە کە سەد وتار بنووسم هێشتا پێموایە هیچم نەنووسیوە.

- بۆچی قەڵادزێ شارە؟ بۆچی جیاوازە لە گوندەکانی دەوروپشتی؟ هەتا بۆچی جیاوازە لە شارەکانی نزیکیشی؟ هەتا بۆچی جیاوازە لە هەولێر و سلێمانییش.

پێویست ناکات پێناسەی لادێ بکەم، ئەوە هیچ ئینسانییەت هەر هەمووی خەڵکی لادێیە، ئەوە هیچ هەموو خانەوادەکانی کوردستان لە لادێوە هاتوونە ناو شارەکان، قەڵادزێیش هەروا.

- خێزانی گوندی خەریکی کشتوکاڵە، لە گەنم و جۆ و چەڵتووک و نۆک و نیسک دەزانێ. ئاژەڵداری دەکات. ئەوانە سیفەتی گشتیی لادێن.

- خەڵکی قەڵادزێ دوکاندار بوون، کاسب بوون، فەرمانبەریش بوون، کرێکار و بەننا و بەرگدروو و سەرتاش و کەبابچی و چایچی و مەیفرۆشیش بوون، کوتاڵفرۆش و ناڵبەند و مزگەر و تەنەکەچی و حەمامچییش، هەلاج و شوفێر و نانەواو و دەلاڵیش.

- خەڵکی شار ڕۆژانە (بەیانییان) دەچوونە سەر کار و نیوەڕۆیان دەهاتنەوە ماڵ یان هەر لە بازاڕ نیوەڕۆژیان دەکرد، دواتر جارێکی دیکە دەچوونەوە سەر کارەکانیان و ئێواران پێش تاریکان بازاڕیان دادەخست و دەچوونە پیاسە. شەوانە سەردانی یەکترییان دەکرد و میوانی یەکتر دەبوون، لە هەمووشی جیاوازتر ئێواران بەتایبەتی (ژنان) خۆیان دەگۆڕی و بەکۆمەڵ دەچوونە ماڵی خزم و هاوسێ و ئازیزان و کێک و چا پێشکەش دەکرا، میکیاج و خۆڕازاندنەوە و بەشێک بوون لە کەسایەتیی ژنی شاری.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- خواردن، ڕاستە سەرچاوەی خواردن گوندەکان بوون، بەڵام چۆنیەتیی ئامادەکردنی خواردن و پێشکەشکردنی لە شار و لادێ جیاواز بوو، وردەکاریی نانێن و دروستکردنی چێشتخانە و خواردنی جیاواز لە داهێنانی شار بوون. ڕاستە سەرچاوەی بەرخ و بەگشتی ئاژەڵ و پەلەوەر لادێیە، کەچی لە لادێکان تا ئەو دواییانەش سەروپێیان ئامادە نەدەکرد و نەشیاندەخوارد و ئامادەکردنی سەروپێ و وەستایی تێداکردنی کاری ژنی شار بوو، کفتە و کوبەش هەر وا.

زۆر لە گوندەکانیش کە رووبار و چۆمییان لێ نزیک بوو سەرچاوەی ماسی بوون، بەڵام بەدەگمەن ماسییان سوور دەکردەوە و دەیانخوارد. (وردەکاریی ئەو بابەتە، چێشتخانە لە گوندەوە و بۆ شار) بابەتێکی زۆر شیرینە و کات و کتێبی تایبەتی دەوێ.

- ژیانی ناو خێزان: جۆری خانووەکان و دابەشکردنی ژوور و جیاکردنەوەی منداڵ لە باوک و دایک ئەتوارێکی شارییانەیە، جلی شەو و ڕۆژ، پێڵاوی کار و پیلاوی پیاسە، جلی کار و جلی ئیسراحەت سەرچاوەکەی خەڵکی شارە.

- گەرماو، شار گەرماوی گشتی و تایبەتی هەیە، شاری پێنجشەممان حەمام گەرم دەکەن و دەبێ هەموو ئەندامانی خێزان خۆیان بشۆن.

- ئەوەتان لەبیر نەچێ، قەڵادزێ بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تا ڕاستییەکی پێدەڵێی دەبێ نیو سەعاتێک گوێی بۆ بشێلی. نووسین لەسەر (دین) و دنیا قەڵادزێ جەبارێکی دەوێ دڵی لە ئاسن و هەستی لە بەرد بێ، منیش وام، ئا دڵم لە ئاسنە و هەستم لە بەردە، بێگومان لە کاتی نووسیندا، تەنیا قەڵادزێ دەمکاتەوە بەو منداڵەی دینارێکی بەدەستەوەیە و دوای نیوسەعات لە بیرکردنەوە بەرانبەری دوکانی کابرای پسکیت فرۆش هێشتا ناتوانێ بڕیار بدا کام لوقم یان کێک بەو دینارە بکڕم. (ئێستاش بۆ هەڵبژاردنی وشە لە وەسفی ئەو شارەدا ئەو منداڵەم)

هەموو ئەوانە چۆن لە کولتوور و بەشاربوونی قەڵادزێدا ڕەنگی داوەتەوە؟ ئەوە گرنگترین و جوانترین و هەستیاترین بەشی ئەو بابەتە دەبێ، چونکە وشە دەگاتە سەر برین، هەموو قەڵادزێیەک برینێکی دیکەشی لە دڵیدا هەیە، ئەویش برینی وێرانبوونی شارەکەی کە هەر دروست نەکرایەوە، لەبەر ئەو هەستیارییە زۆرەی لە دڵی خۆشمدا هەیە، بەلامەوە باشترە ئەو بەشەی نەنووسم و خۆتان بە خەیاڵ بۆ خۆتانی بگێڕنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شار دەبێ شەلاتییشی هەبێ

- كە شار هەستایە پێ، دەبێ بیسەلمێنێ زانا و شارستان و باڵادەستە، بۆ ئەوەش، هەموو ڕێگایەک بەکار دێنێ. قەڵادزێ هەستایە پێ، لەناو چەند گەڕەكێكی قوڕ و خواروخێچدا سەری دەرهێنا، وەک بۆق، یان کیسەڵێک لەناو لم و لیتاودا سەر دەردێنێ.

- ژیانی ڕۆژانەی خۆی خستە سەر پارە پەیداکردن، واتا چاوەڕێی باران و شینبوونی گەنم و پێگەیشتنی تووتنی نەدەکرد و ڕۆژانە دەبوو پارەی ژیانی پەیدا بکات، هەر بەرخەکەی لادێ بوو قەساب سەری دەبڕی و کەبابچی بە هێندێک تەڕەپیازەوە بە لادێیی و فەرمانبەرانی شاری دەفرۆشتەوە و نانی خۆی لێ پەیدا دەکرد.

بێ حیکمەت نابێ ماندووبوونی شارییان لە کاتی تەنگانەدا بگێڕمەوە، تاکە دەستی نان پەیداکردنی خێزانی شاری (لە بەشی زۆر کاتدا یەک تاکەکەس بوو) کە ئەو تاکەکەسە پەکی دەکەوت، یان کۆچی دوایی دەکرد، خێزانەکە دەکەوتەوە حاڵەتی (مەمرە و مەژییەوە!) مردنی کاسبکاری خێزان، مردنی خێزانەکە بوو.

هەر بۆ نموونە، ژنێک، کە بە مانای وشە ژن بوو، کاتێک مێردەکەی لەوپەڕی پێویستیدا کۆچی دوایی کرد، ژنە تەنیا و بێدەرەتان، یەکباڵ ژیانی چوار کوڕی منداڵ و دوو کچی کەوتە سەر شان، ئەو ژنە دەستی لە ژیان بەرنەدا و شار فێری کردبوو کە دەبێ متمانە تەنیا بە خۆی بکات، دەکرا منداڵە گەورەکەی بکاتە قوربانی، یان هەموو کوڕەکانی بکاتە قوربانی و کاریان پێ بکات، ئەو وای نەکرد، شار و قوتابخانە و فێربوون ئەوەیان لێ قبووڵ نەدەکرد، لەناو شار هەر بە سوێرکردن و برژاندن و فرۆشتنی ئەو گوڵەبەڕۆژەی لە جووتیارەکانی دەکڕییەوە، منداڵەکانی بەخێو دەکرد و دەشیناردنە قوتابخانە و خەرجیی خوێندن و خواردن و جلوبەرگی بە هونەرێک دابین دەکردن، کە لە گوڵەبەڕۆژە برژاندنەکەیدا بەخەرجی دەدا. گوڵەبەڕۆژەی برژاوی پوور خەیاڵێ ببووە مارکە و وێنەی نەبوو. کوڕەکانی ئەویش یەکەم دکتۆرا و یەکەم ماستەریان لەسەر ئاستی شارەکە بەدەست هێنا. منیش ناحەقم نییە تا ئێستا بۆنی گوڵەبەڕۆژەی برژاو لە نامەی ماستەر و دکتۆرا دەکەم.

- دیوێکی دیکەی شار، قۆشمەیی و گاڵتەچییەتی و قسەی خۆشە، ئەو دیوە لە هەموو گوندەکانی پشدەرێ هەن، بەڵام لە قەڵادزێ دەکەوێتە سەر شەقام، ڕووحییەتی قسەخۆشی لە هەموو کەسدا هەبوو، بەڵام دەرکەوتنی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیکە جیاواز بوو. ڕاستە گوندەکانی بە قسەی ڕووت زیاتر بەناوبانگ بوون، دەشێ بشڵێین قسەی بێ پەردە.

- لێکۆڵینەوە زانستییەکان زۆر دوای قەڵادزێ و پشدەر لە سوود و کاریگەریی قسەی خۆش گەیشتن، زۆر درەنگ زانییان ئارامی و پتەویی ناخی ئینسانەکان لە دەربڕینە بەتوێکڵ و گاڵتە ئامێزەکاندایە. تا ئێستا دەفتەر و شاشە ئەوەندەی دڵی پشدەرییەکان فراوان نییە، تا ئەو ڕووحییەتە قۆشمەیە وەک خۆی لەخۆ بگرێت.

- زۆر لە شارەکان خنکانێکی کۆمەڵایەتی و داخرانی دەروونییان دروست کرد، بۆ نموونە، لە بەشی زۆری شارەکانی کوردستان تا ئەمڕۆش، لەبەر پێویستیی کۆمەڵایەتی، یان ئارامی و تاکپەروەری لە ماڵەکانیان، ژووری زۆر و دیوەخان دروست ناکەن، بەڵکوو دیوەخانیان بۆیە دروست کرد، تا سنووری پیاو و ژن لێک جیا بکەنەوە.

تا ئەمڕۆش لە شارە داخراوەکان ژن میوان نابینێت و بۆی نییە لەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەی ماڵەکەی بەشدار بێت (کە سەردانی و میوانییە)، کەچی نەک لەناو شاری قەڵادزێ، کە لەندەنە، لە گوندە دوورەدەستەکانیشی ماڵ هی هەموان بووە، هەموو چالاکییەکی خێزانی ژن تێیدا بەشدار بووە، میوان بە هەر بیانوویەکەوە هاتبێ، میوانی هەموان بووە. ئەگەر پێناسێکی شارەکانی ئەمڕۆش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بکەم، ئەوەیە (شارەکان کۆمەڵە گوندێکی داخراون بەپاڵ یەکەوە).

- با بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی، کە کرانەوەی گوندەکان و ڕووحیەتی شارییانەی دانیشتوانی قەڵادزێش یەکیان دەگرتەوە و مۆدیلێکی تازەی گاڵتە و قۆشمەییان بە ئەتەکێتەوە دادەهێنا. مامۆستا هەژار شتێکی لەو قۆشمەیی و زمانە گاڵتەئامێزە، لە هەمان کاتدا جدییە، لە (چێشتی مجێور)دا بەکار هێناوە. ئەو زمانەی هەژار نوێنەری تەواوی زمانە گاڵتەئامێزەکەی قەڵادزێیە.

لایەنی دڵڕەقیی قەڵادزێ لە پیاوە قۆشمە توند و شەلاتییەکانیدا بوو، ئینجا شار بەپێچەوانەی گوندەوە، سەرەڕای پیاوماقووڵ و نانبدە و بەخشندەیی و زانا و شێت و وەلییەوە، دەبوو شەلاتییشی هەبێ، ئەو شەلاتییانە دەردیان دەدا خەڵکی گوند، کە سەرچاوەی بژێویان بوون.

هەر بۆ نموونە، کاتێک کابرای هەڵشۆیی بارەدار و ترێ و هەنجیری پڕ لە شیلەی بۆ قەڵادزێ دەهێنا، (ئاخر ئەو هەڵشۆییانە هەرگیز نەیانتوانی هێشوە ترێیەک، یان چنگە بەفرێکی نێوچاڵە بەفران لە چلەی هاوینێ بەبێ قەڵادزێیان بخۆن) دوکاندارەکان بۆیان دەفرۆشتنەوە و قازانجیشیان لێ دەکردن و پیر و منداڵیش دەمیان شیرین دەبوو و کەللەیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فێنک، کە کابرای هەڵشۆیی کەرەکەی لە پەنایەک دەبەستەوە، تا لوولەکەبابێک بخوات، کورە چەتوونێک هەر خێرا پەتی ملی کەرەکەی دەکردەوە و بەرەڵای دەکرد و جا هاواری دەکرد "هەڵشۆیی کەرەکەت ڕۆیی" تا کابرای هەڵشۆیی سادە تێدەگەیشت، کەتنی شەلاتییانە و گاڵتەیان پێی کردووە، بیست گوریس غاری دابوو.

- دەلاڵێک، کە کەس نەیدەپرسی خەڵکی کوێیە، ببووە شاری و لەسەر شەقامەکان پڕ بە ئاسمانێک هەناسەی غرووری قەندیلی هەڵدەمژی، هەر بە هەوای قەڵادزێیان، چەند شووشە دەرزیی چووکەڵەی پڕ دەکرد لە ئاو و چوار پێنج دڵۆپە پۆرمەنگەنات و ئیسپرتۆی تێ دەکرد و بە ناوی دەرمانی کوشتنی کێچومۆریان بە کابرای دەشتێوی، یان گەرمکانی و شیوەڕەزی دەفرۆشت.

کە دواتر کابرای لادێیی لە پەنایەک چاوی بە دەلاڵەکە دەکەوتەوە و لێ دەپرسی:

- کابرا خۆ دەرمانەکەت کێچەکانی نەکوشت؟

کابرای دەلاڵیش وەک تارانییەک، کە پیاوێکی سادەی ڕەشتی دەست کەوتبێ، بە هەوای نەفەس لێی دەپرسێ:

- دەرمانی من یەکەمە، پێم بڵێ چۆنت بەکار هێناوە؟

- چاکم بەکار هێناوە، لە مۆخە سەری منداڵانم داوە، لە پزووی سەرینانم هەڵسووە، یەک تاقە کێچیشی نەکوشتووە.

کاکی دەلاڵ پێکەنینێکی کلۆری لە هەوادا بڵاو دەکاتەوە و دەیگوت:

- کاکی برا وانابێ، دەبێ یەکەیەکە کێچەکان بگری و دەرمانەکەیان دە چاوی کەی.

قەڵادزێ، نەک تەنیا بژێویی ڕۆژانەی، ئارامیی دەروونی و کولتوورییشی لەسەر گوندەکان بوو. جگە لەوانە، شەهامەتییشی هەر لەوانەوە وەردەگرت و دەیشاراندن.

دەبێ جاری دێ لە قەڵادزێ و شەهامەتییش بدوێم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مردن قەڵادزێ دەلاوێنێتەوە

ئەم وتارە بۆ ئەو کاتە تەرخان دەکەم، کە قەڵادزێ شارە و بە دەسەڵاتی شارەوە دەژی و نەک گوندەکان، شارە هاوکووفەکانیشی دەیکەنە وانە و قوتابخانەی خۆیان.

- ئەوەی لە گوند وەریدەگرێ دەیکاتە هی خۆی و وەک کولتوور و سیفەتی خۆی نمایشی دەکاتەوە.

- بۆ نموونە میواندۆستی، کە یەکێکە لە سیفاتەکانی گوند بەگشتی و بەتایبەتی گوندەکانی پشدەر. قەڵادزێ ئەو سیفەتەی تەبەنی کردبوو، بە جۆرێک، لە ماوەی سەد ساڵی تەمەنیدا کە مێژووی نزیکە، دیارە قەڵادزێ ئامادە نەبوو میوانخانە یان ئوتێل لەخۆی بگرێت، ڕاستە ئوتێل دیاردەیەکی شارییانەیە، دەبوو قەڵادزێ وەک شار هەیبێ، بەڵام شەهامەت و دەماغی بەرزی، ڕێگای بە خۆی نەدا برەو بە کردنەوەی میوانخانە بدات، لەگەڵ ئەوەشدا کە شارێکی سنووری بوو.

چ ئەوانەی لە دیوی ئێران، یان ئەو (دیو) وەک قەڵادزێیەکان دەڵێن، دەهاتن {قەڵادزێییەکان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەگوت (ئەودیو) وەک ئەوەی سەردەشت و مهاباد و بۆکان و سەقز و سنە و مێندواو و خانێ و شارەکانی دی بەشێکی ئەبەدی و نەبڕاوە بن لە قەڵادزێ و باشووری کوردستان}، چ ئەو ڕێبوارانەی لە سلێمانی و هەولێر و باقیی شارەکانی دیکەوە دەهاتن، پێویستیان بە میوانخانە بوو، بەڵام قەڵادزێیەکان ئەوانیان بە میوان نەدەزانی و بە خانەخوێیان دەزانین و دەیانبردنەوە ماڵی خۆیان. بۆ ئەوەش، باشترین نوێن و قاپوقاچاغ و شوێنی نووستنیان بە ناوی میوانەوە دەکرد. باشترین قەڵادزێیی ئەو کەسە بوو کە هەمیشە میوانی هەبێ، بەخشندەترینیان ئەوەیان بوو خۆی بە نانخواردنەوە خەریک بکات و کەمترین خواردن بخوات، تا میوانەکە تێر دەبێت.

- بەرویشت ئەتڵەس، بەو قەڵادزێیانە دەڵێن کە (داک و بابیان) قەڵادزێیین. ئەوە بەو مانایە نا، کە ئەوانی دیکە (جاو) بن، ئەوە تەنیا بەو مانایەی، کە یەکگرتنێک لەنێوان ئەو شارییانەدا دروست بکەن، کە هەرگیز مامەڵە لەسەر بە (لەندەن)بوونی قەڵادزێ ناکەن.

- دزەکانی پشدەر، ئەگەر دزی لە کولتووری خێڵ و عەشایردا تا ڕادەیەک وەک جۆرێک لە ئازایەتی سەیر کرابێ، ئەوەتا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

عەرەبەکان شانازیی پێوە دەکەن، دواتریش تا ئەو تاڵانکردنەیان وەک خۆی نەهێنا ناو ئیسلامیشەوە، پشتی ئایینەکەیان نەگرت، تورک و فارسەکانیش بە هەمان شێوە، تاڵانکردن و دزیکردن بەشێک بووە لە کولتووری خێڵ و عەشیرەتەکان لە سەردەمێکی دیاری مێژوودا.

- بواری ئەوە هاتووە چیرۆکێک بگێڕمەوە، کە شەهامەتی دزی تێدا دەردەکەوێت. بابم جەمال غەریب کە (دنیا بێ ئەو بەتاڵە) زۆر جار ئەو چیرۆکەی بۆ دەگێڕاینەوە و دەیگوت:

- جارێک لەگەڵ بابم واتا (غەریب)، کە پێیان گوتووە میرزا، یان میرزا غەریب، چووین بۆ گربداغ، من منداڵ بووم ئەو لەگەڵ خۆی بردمی، ئەویش بۆ ئەوە چووبوو قەواڵەیەک لەنێوان ئاغا و بازرگانێکی قەڵادزێ بنووسێ، بۆ (سەلەمکردنی توتن، یان بەرهەمێکی دیکەی کشتوکاڵ)، دوای ئەوەی گرێبەستەکە نووسرا، نانمان خوارد و محەلەبییان بۆ هێناین، کە بە وردە برینج و وردە شەکر دروست کرابوو، یەکێک لە پیاوەکانی ئاغا، کە بەو برینج بە وردە شەکرە رووداوێکی خۆی بیر هاتبووەوە، ڕووی لە میرزا غەریب کرد و گوتی:

- میرزا تۆ زۆر بەشانسی.

میرزا گوتی:

- چۆن دەزانی، کە نامناسی و ئەوە یەکەم جارە تۆ دەبینم؟

پیاوەکەی ئاغا گوتی:

- نا، من دەتناسم، سێ ساڵ پێشتر، کە زستانەکەی زۆر سارد بوو و منیش لەوپەڕی هەژاریدا بووم، شەوێک لەگەڵ برادەرێکم هاتینە قەڵادزێ بۆ دزی، ماڵی ئێوەمان دەستنیشان کرد و لە پشتەوە دیوارمان بڕی (دیوارەکەمان کون کرد) هەرچی گەنم و برنج و ڕۆن و ئەرزاقتان هەبوو هەموومان بۆ دەرێ کێشایەوە، لە دواجاردا شووشەیەکمان بەرچاو کەوت لەسەر ڕەفەیەک دانرابوو، تاومان دایە، بە وردە شەکری تێگەیشتم و وامزانی کابانی ماڵێ لە کاتی قەند شکاندنێ ئەو وردە شەکرەی بۆ کاتی پێویست کۆکردووتەوە، سەرەکەیم کردەوە تا تامی بکەم، بەڵام لە بەدبەختیمان شەکر نەبوو، (خوێ) بوو، هەر کە نمەکمان کردی، ئەژنۆمان شکا (گوتمان تازە نمەکی ئەو ماڵەمان کردووە و ناکرێ دزییان لێ بکەین)



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەمانتوانی دزییت لێ بکەین و هەموو ئەرزاقەکەمان هێنایەوە ژوورێ.

میرزا غەریبیش گوتی:

- بەڕاستی ئەو دیوار بڕین و هیچ نەبردنە لە لامان ببووە لوغز و مەتەڵ، ئەوە ئێستا تێیگەیشتم، خۆزگە دۆستێکی وەک تۆم دەبوو، کە نمەکت دەکردم و پشتڕاست دەبوومەوە، کە خیانەتم لێ ناکەی.

قەڵادزێ دزییەکە پشتگوێ دەخات و شەهامەتەکە بۆ خۆی هەڵدەگرێ. قەڵادزێ بەسەر دیواربڕیندا باز دەدات و وەفا بنیات دەنێ.

## هەنارێک بەر دیواری ئاسنی دنیا دەکەوێ

قەڵادزێ مەڵبەندێکی ئازاد و پایتەختی زمان و لوتکەی نانبدەیی بوو، خاکەکەی بەرهەمهێنی تووتن و برنج و ڕەز و باخچە و شەهامەت بوو، دەست و دڵی بە هەموانەوە بوو. تەنیا گیرسانەوەی ئەو هەموو پاڵەوان و شۆڕشگێڕانەی کۆماری کوردستان لەوێ، کتێبێکی سەربەخۆی دەوێ.

- دەبوو ئەو شارە بکەوێ، دەبوو بکەوێت و نەمێنێ، دەبوو وەک هەڵۆ و تا قووڵایی ئاسمان بڕوات و بمرێ، دەبوو وەک قەقنەس بسووتێ، هەموو دنیا کۆک بوون لەسەر ئەوەی، ناکرێ ئەو هەموو جوانییە لە شوێنێک پێکەوە بێت، بە نیازی لەناوچوون، دەستێکی ئاسنین و شێتانە، بەوپەڕی دڵڕەقی بە دیواری بێدادی دنیای دادا و ئەویش وەک هەنارێکی هەزار ڕەنگ، بەسەر سینگی مێژوودا تەقی.

قەڵادزێ تەنیا لە دوو شوێندا ماوە، یەکەم قەڵادزێ ئاڵتوونییەکە، کۆڵان و گەرمیی بازاڕ و عەشقیش بە تەپوتۆزی خۆیەوە لە مێشکی مندا پارێزراوە (دەشێ هی تۆش). دووەمیان گۆڕستانێکە لە هەولێر، ئەویش تەنیا بەو نیازە دروست کراوە.

- ژیان بە دڵڕەقیی خۆیەوە لێکی جیا کردینەوە، با مردن بە دڵنەرمیی خۆیەوە کۆمان بکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەداخەوە نەمتوانی ئەوەی دەمویست بینووسم، یەک تاکە وشەی دڵی خۆم نەنووسی.

کۆتایی

---

**ئەرکی منە لە باسی قەڵادزێدا خۆم شەهید بکەم**

**بەشی یەکەم دوای کۆتایی**

من ویستم چیدی دەربارەی قەڵادزێ نەنووسم، دانیشتوانە نەمرەکەی، ئەوانەی لە شارەکەی زەینی مندا ماون، سنگیان گرتم و هاواریان بەسەردا کردم:

- ئەی ئێمە هەی بێ وەفا!

ئەحمەدی مام عەلی، بەرگدرووە پاک و بێگەردەکە، بە پێکەنینێکی منداڵانەوە گوتی:

لەوەتەی مامت هاتووەتە لامان هەر لێی دەپرسم، ئەرێ سوورە خوێندنی تەواو نەکرد؟ ئەرێ نەهاتووەتەوە؟ ئەو بەغدایە بوو بە چی؟ من هەر مەبەستم ئەوەیە بێیەوە و دامەت لێ بەرمەوە؟

مامیشم ئەو پیاوە دەسترەنگینە (مەبەستم کەمال غەریبی خەیاتە) کە هەموو بەرگدرووەکان شتی تازەی لێ فێر دەبوون، بە پێکەنینێکی گەنجانەوە دەڵێ:

- با ناوی سوورە بەسەر زمانتدا نەیەت، ئەو زۆر منداڵە و زۆری ماوە بێتە لامان. (ئەو کۆچکردوانە زۆر دەزانن، بانگی کەسێک بکەن دەتوانن بیبەن بۆ لای خۆیان).

ئێمە دەڵێی لە دڵی یەکداین، من و مام و برادەرەکانی، ئەحمەدی مام عەلی و قادری برای مەحموودی و ساڵحی بەلەدییە و مەحەی عەبەی نانەواو و حاجی هەر نانەواو، هەر هەموویان لە قەڵادزێیەکەی ناو سەری مندا هێشتا هەر گەنجن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێشتا ئێواران گوڵەبەرۆژە و ڕێواس و چوالە دەکرن و هەندێ خوێ (لای حەمەی حاجی باسەی، کە هەر خوێی لەخۆ گرتبوو) لە باخەڵیان دەکەن و دەچنە پشت قەڵاتێ، یان خرێ پایزەواران و ئەوەندەی دەکرێ باسی بێژنیی خۆیان دەکەن و ئەوەندەی پێیان دەکرێ نوکتە لەسەر یەکتر و لادێییەکان دەگێڕنەوە.

## شار و خەڵکەکەی

خەڵک بەشێکی هەرە گرنگی شارن، ئەوەی شاری زیندوو ڕاگرتووە خەڵکەکەیەتی، هەموان بیری ئەو شارانە دەکەن، کە خەڵکی لێ دەناسن. پێش ئەوەی سەقزم بیر بکەوێتەوە، وێنەی مەنسووری تەیفووری دێتەوە زەینم، دەنگی ڕەزای شەجیعی دێتە بەر گوێم بە تەلەفۆن بە هاوژینەکەی دەڵێ:

- خۆشەویستێکم لەگەڵە، تۆ برنجەکە لێ نێ، ئێمەش کەباب دێنینەوە.

ئیدی وێنەی سەقز لای من، وێنەی هۆڵەکەی ماڵی شەجیعییە، نووسەر و ڕۆشنبیر و ئازیزانی شار پڕیان کردووەتەوە، یەکیان یارمەتیی خانمەکەی دەدادت و چا دەگێڕێ و یەکیان پرسیاری هەیە.

سەقز وێنەی قاوەخانەیەکە، کە ئەو هەموو گەنجە بۆ بۆنکردنی ئازادی، بە خەیاڵی ئەوان لە وشەکانی ئێمەوە دەهات، مەست ببوون. لاتان سەیر نەبێ، هەندێ جار سەقز تەڵخ و تاریک لەودیو ئەو عەلاگە پەنگوینە ڕوونە دێتە بەرچاوم، کە لوقمان عەرەقی فەلی تێ کردبوو.

سنە هادی زیائەدیینە، بەختیار سجادییە، ئومێد وەرزندە و دۆستانی دیکەیە. ئیدی بڵێم چی بانە لای من دەبێتە عەتای نەهایی و زۆر جار نەخۆش و ماندوو و سەد جاریش خۆشحاڵ و ئاگر، ئاگری جگەرە، کە دەسکی قەنەفەکانی پێ کونکون دەکات.

ئەو شارانە بەختەوەرن، کە بە کەسەکانی دەناسرێنەوە. دەشێ چەندین جار بەدوای ئەوەدا گەڕابیت، چارلی چاپلێن خەڵکی کوێیە؟ دڵنیاش بوویەوە خەڵکی بەریتانیایە، بەڵام زۆر سادە بەریتانیات لەبیر کردووە، با داگیرکەر و وڵاتیش بێت، بەڵام هەرگیز چارلیت وەک هونەرمەندێکی کۆمیدیی مەزن و داهێنەر و دیاردەیەکی جیهان لەبیر نەچووەتەوە و ناچێتەوە. ئەوە بۆ داستایۆڤیسکی و کازانتزاکی و بەلزاک و مارکیز و شکسپیریش هەر ڕاستە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شار خەڵکەکەیەتی، ئەوە کرۆکی بابەتی ئەو جارەیە

قەڵادزێ بە دوکانەکانیە شار بوو، دوکان واتا دوکاندارەکانی، بەرگدرووەکان سەنتەری گۆڕان و هەواڵ و حورمەتی دوکانداری بوون. ڕیزی قەسابەکان، قولاب و کێرد و چەپەچاغ و چاوی زەقی مانگا و بەرانی سەربڕاو وێنە نەبڕاوەکانی بوون. کوتاڵفرۆشەکانی ڕەنگیان دەڕژاندە ناو چاو و سەرشەقام و کۆڵانەکان. دوکانە پڕ بۆن و تەلیسماوییەکەی سۆفی ڕەحمان، بەو هەموو بەهارات و زەنجەفیل و ڕەشکە و شمڵی و وەسمە و خەنەوە، بۆ خۆیشی بەو ڕیشە سپی و درێژ و هێمنەیەوە شارێک نا، وڵاتێک بوو بۆ خۆی.

چایخانە گەرموگوڕ و قەرەباڵغەکان، چایخانەی سەید وەسیم و مەحموود دەبان و مەولان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوون، بۆنی چا خەڵکی دەخستە هەلەکەسەما. بەشێک لە سیحر و تەلیسمی قەڵادزێ لە کەبابخانەکانیدا بوو، شارەکە دابەش ببوو، بەسەر مشتەری یان هەوادارانی وەستا عەلی و وەستا ڕەشید، ئەو دوو کەبابچییەی، هەر وەک هەوادارانی ئێستای بەرشە و ریاڵ مەدرید.

کابرای لادێیی هەر کە کەرەکەی بار دەکرد، بە خۆشیی بۆنی کەبابەوە دۆڵ و گردی دەبڕی و بە گۆرانییەوە بەرەو شار ملی دەنا.

حەمەی شێخ ڕەشیدی، ڕەمزی سەفەر و ڕۆیشتن و هاتنەوە بوو، شوفێرەکان هەواڵهێن و میوانهێنی شار بوون، لەگەڵ گەیشتنی هەر تەکسییەک، یان هەر پاسێک، دڵی چەندان خێزانیان پڕ دەکرد لە پێکەنین و خۆشیی گەیشتنەوە و لەزەتی پڵاوی برنجی سەدری.

## دوکانەکان دڵی قەڵادزێ بوون، فەرمانبەرەکان مێشکی بوون

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە چەند ساڵێک قەڵادزێ هێندەی پەنجا ساڵ هەنگاوی گەورەی هاویشت، شار گەورە بوو، ڕۆڵەکانی خوێندنیان تەواو کرد و بوونە فەرمانبەر، مامۆستاکانی ڕەمزی فێربوون و پەروەردە بوون. نەوەیەک، کە لە شستەکانی سەدەی ڕابردووەوە خوێندنیان تەواو کردبوو و ببوونە مامۆستا، دیارترینیشیان مامۆستا غەریب پشدەری و مامۆستا خدری مام ئەمەری و مامۆستا عەلی میرزا و مامۆستا سەلیم و مامۆستا ئەحمەد قادر سەعید و دواتریش عەبدەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مام ساڵحی و مامۆستا مستەفای مام عەوێزی و مامۆستا غەفووری ڕەحیم گاور و چەندانی دیکە، ڕووناکییەکی زەینی بەهێز و فراوانیان بۆ شار هێنایەوە، بەڕادەیەک، هەر ماڵە و شتێک لەو ڕووناکییەی بەر کەوت.

ئەوانەی هەیبەت و ژیانی شاریان کەوتبووە سەر شان:

- فەرمانبەر و دەزگاکانی (بە مامۆستا و قوتابخانەوە).
- دوکاندارە شارەزا و قسەخۆشەکانی.
- وەستا و خەلفە و کرێکارەکانی.
- مەلا و سۆفییەکانی.

هەر یەکێک لەو گرووپانە بازنەیەکی تۆکمەیان دروست دەکرد، کە پێی دەگوترا شار، یان قەڵادزێ. بۆیە هەر کەسێک دەکەوتە ئەودیو بازنەکەوە، لە غرووری شاردا دەبووە لادێیی. جا ئەرکی من ئەوەیە باسی یەکەیەکەیان بکەم و لە باسی قوتابخانەشدا خۆم شەهید بکەم.

لە ڕێکەوتی:

٧ - ١٥ - ٢١ و ٢٨ی مارچ و ٥ - ١١ و ١٩ی ئەپریلی ٢٠٢٣ وەک زنجیرە وتار لە ماڵپەڕی باسنیوز بڵاو کراونەتەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## قەڵادزە، لەنێوان نەهامەتیەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا



بایز رەشید ئەمین

قەڵادزە شاری نەهامەتی و کارەساتەکان، هەمیشە پێشەنگی شۆڕش و کوردایەتیە، لانەی خەبات و تێکۆشانی خەباتی شار و شاخ بوە. لە خەباتی رزگاری نەتەوایەتی و کوردایەتیدا پشکی بەرچاوی بەر دەکەوێت. هەر لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عیراقەوە، پشدەریەکان هەڵوێستیان لە هەمبەر پێشێلکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد شۆڕشگێڕانەو بوێرانە بوە. هەر بۆیە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عیراق کە لەژێر سایەی شانشینی بەریتانیەوە دروستکرا، تەنانەت تا نزیکەی ١٦ ساڵ دوای دامەزراندنی نەیتوانی هەژمون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم ناوچەیەدا بسەپێنێت. تا دواجار لە کۆتایی سیەکانی سەدەی رابردو دەوڵەتی عیراق توانی بەفەرمی دەسەڵاتی بەسەر ئەم دەڤەرەدا بگات. بەشێوەیەک ئەم شارە هەمیشە لە ستەم و زوڵم یاخیەو هیچ کاتێک سەری بۆ داگیرکەران نەوی نەکردوە.

خەڵکی ئەم ناوچەیە وێڕای داکۆکیکردنی لە باشور، بە ئامانجی بەرخودان و تێکۆشان لە کاتی دامەزراندنی کۆماری مەهابادا سەدان هاوڵاتی ئەم دەڤەرە بۆ پشتوانیکردن لە کۆماری مەهاباد بەرەو رۆژهەڵات چون. بۆ پشتیوانی برا کوردەکانیان لە رۆژهەڵات بەشداری چالاک بون و سەدان هاوڵاتی ئەم دەڤەرە لە عەشیرەتەکانی مامەش و میراودەلی و مەنگوڕ و نورەدینی پۆل پۆل بۆ پشتوانیکردنی کۆماری مەهاباد رویان لە رۆژهەڵات کردوە. پشدەریەکان لەگەڵ هاتنی فکری مارکسی بۆ کوردستان پشتیوانیان لێکردوەو بە فریادرەسی هەژارانیان زانیوە. پاشان رۆڵی کاریگەرو دیاریان لەشۆڕشی ئەیلولدا بینیوە. لەدوای پاشەکشەی شۆڕشی ئەیلول لەگۆڕەپانی ناوچەکەدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێدا بەڕابەڕایەتی یەکێتی چالاکانە بەشدار بون. دانیشتوانی ئەم ناوچەیە رۆڵی دیارو بەرچاویان بوە لە هەمو راپەڕین و



https://serchawe.com

شۆڕشە كوردیەكان لە شۆڕشی شێخ محمود و كۆماری مەهابادو ئەیلول و شۆڕشی نوێ رۆڵیان دیارو كاریگەر بوە. لێرەدا لە یادی كارەساتی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ گەشتێكمان بە ناو نەهامەتیەكانی شاری قەڵادزە ئەنجامدا و گوێبیستی نەهامەتیە یەك لەدوایەكە هەرە دیارەكانی ئەم شارە پشتگوێخراوە بوین.

یەكەم تاوانی نامرۆڤانە لە سەردەستی رژێمی بەعسی فاشست لە سەر دەستی هێزی ئاسمانی ئەم رژێمە رویدا. لەدوای شكستهێنانی گفتوگۆكانی كورد و رژێم، كوردستان دوچاری شەڕ هەڵگیرسانەوە بو. لەبەرئەوە شۆڕش ناچاربو شارەكان چۆڵبكات و رو لە شوێنە دورەدەستەكان بكات كە هاوكات بانگەوازی خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی كرا كە لە شاری قەڵادزە درێژە بە خوێندنی زانكۆ دەدرێت. زانكۆی سلێمانیش یەكێك لەو شوێنانە بو كە خوێندكارەكانی بۆ درێژەدانی خوێندن بەرەو قەڵادزە هاتن، لە كۆی ٦٥٠ خوێندكار ٤٥٠ خوێندكاریان پەیوەندیان بە زانكۆی سلێمانییەوە كرد لە شاری قەڵادزە. كە لە یەكەم رۆژی دەوامی ئاساییاندا بونە قوربانی بەر هێرشە ئاسمانیەكەی رژێمی ئەوسای دەوڵەتی عیراق.

شاری قەڵادزە كەوتە بەر پەلاماری چەكی ناپاڵمی قەدەغەكراو، شار خەڵتانی خوێنكرا. پەلاماری سەر شارەكە، خەڵكی سیڤیل و زانست خوازی گرتەوە، كە لەو رۆژەدا فڕۆكەكانی بەعس بە ناپاڵم شاری قەڵادزەیان لەگەڵ یەكەم رۆژی كردنەوەی زانكۆی سلێمانی لەو شارەدا خەڵتانی خوێن كرد. ژمارەیەك خەڵكی مەدەنی بەهۆی ئەو وەحشیگەریەوە بونە قوربانی، كە لە ناویاندا دەیان خوێندكاری زانكۆی سلێمانی لە قەڵادزە شەهید بون.

دوای تێپەڕبونی دەیەیەك بەسەر كارەساتی شاری قەڵادزێی شەهیددا، كەسایەتی و رۆشنبیرو جەماوەری ناوچەكە لەشاری قەڵادزە كۆبونەوە و بڕیاریاندا وەك هەڵوێستێك، كە حكومەت لەوپەڕی هێزی سەربازی و ئابوریدا بو، یادی ئەم كارەساتە بەرز رابگرن و پەیامێك ئاڕاستەی حكومەت بكەن كە ئەم شارە بە كوشتن و هەڕەشە ناترسێنرێت و درێژە بە خەباتی كوردایەتی و تێكوشان دەدات، تا دوا مافی خۆی دەستەبەردەكات. بەڵام خەڵكی راپەریوی ئەم شارە لەگەڵ رژێم روبەڕوی گولە بونەوە چەندین شەهیدی تری لێكەوتەوە و جارێكی تر شاری قەڵادزە خەڵتانی خوێنكرایەوە. كە ئەمەش بەدوای خۆیدا تەواوی خەڵكی ناوچەكەی جۆشداو راپەڕین دەستی پێكرد كە زۆربەی شارو شارۆچكەكانی كوردستانی گرتەوە.

حكومەتی بەعسی فاشست لە دەرەنجامی كۆی راپەڕین و ناڕەزاییەكانی هەشتاكانی سەدەی رابردودا، كە زۆربەیان لەم شارەوە دەستی پێكردوە، ناچاركرا كە خوێندن لە خوێندنگاكان بكاتەوە بە زمانی كوردی كە پێشتر تەنها زمانی عەرەبی دەخوێنرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوای ئەوەی دو دەیە بەسەر کارەساتی قەڵادزەدا گوزەری کرد، لە دەیەی سێیەمدا قەڵادزەییەکان لە سەر دەستی حوکمڕانی کوردی خەڵتانی خوێن کرانەوە. کە هیچی لە تاوانی رژێمی بەعس کەمتر نەبو. دوای ئەوەی کە جەماوەر ڕاپەڕینی ئەنجامداو حوکمڕانی شاریان پێبەخشین، ئەو دو حزبە کە لە شاخەوە گەڕانەوە بۆناو شارو حوکمیان گرتە دەست. لە بری ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە، شەڕی ناوخۆ و کۆمەڵایەتی و براکوژیان کردە دیاری خەڵکی ئەم شارە. کە لە ساڵی ١٩٩٤ کەوتە بەر لێشاوی شەڕی ناوخۆ و لە ئەنجامی تۆپبارانی ئەو دەسەڵاتەی هێشتا لەسەر دەسەڵاتە، قەڵادزەییەکان جارێکی تر شەهید کرانەوە. دەیان کەس بونە قوربانی کە لە ناویاندا خانەوادەیەکی ئەم شارە کۆی ئەندامانی خێزانەکەی لە دەستدا کە تا ئێستاش دەرەنجامە نەرێنییەکانی ئەم کارەساتە لەڕوی دەرونییەوە لەم بنەماڵەیەدا دەبینرێت. بەڵام نوخبەی دەسەڵاتی بە زۆر خۆسەپێنی زۆرداری کوردی ئەم هەرێمە لە سەیران و گەشتی خۆیدایە، هیچ باکی بەوە نایات کە لە سەر دەستی ئەوان چ تاوانێک ئەنجامدراوە.

ئەوەی جێگەی داخە دوای تێپەڕبونی چوار دەیە بەسەر کارەساتی شاری قەڵادزەی چەند جار شەهیددا، ئەم شارە لە هیچ بوارێکی ژیاندا پێشکەوتنی بە خۆیەوە نەبینیوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم شارە لە ساڵی ١٩٨٩ وەک سزا لە لایەنی حکومەتی بەعس بە تەواوی خاپور کراوە، تاوەکو ئێستا کەلاوەکانی لە شوێنی خۆیان ماون. دەسەڵاتی کوردی بە هیچ شێوەیەک هەوڵی ئاوەدانکرنەوەی نەداوە، هەرچەندە کە پێویست بو وەک رەمزو رێز بۆ شکۆی زانست و زانکۆ و کەمکردنەوەی کەمێک لە ئازارەکانی خەڵکی زۆرلێکراوی ئەم شارە، زانکۆیەکی پێشکەوتو و سەربەخۆی تیادا دروستکرابا و زانکۆی قەڵادزە زیندو راگیرابا، هاوکات پەیکەری ئەو خوێندکارانەی کە لەم رۆژەدا شەهید بون دروستکرابا .بەڵام دەسەڵاتی کوردی لە ماوەی دو دەیەو نیوی رابردو نەک بیریان لە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی زانکۆ نەکردەوە، بەڵکو ئەوەی کە حزبی بەعس نەیتوانی بەم شارەی بکات ئەوا دەسەڵات کردی، هەر لە بەکارهێنانی ئەم سنورە بۆ ئاودیوکردنی ژێرخانی ئابوری و تێکدانی سیمای سروشتی ئەم شارە لە رێگای تاڵانی زەوی زار و گۆڕینی سیمای شاری قەڵادزە بۆ شارێک لە سەر سیمای گوندێکی گەورە. کە لەم شارە گوند سیمایەدا لەبری گەڕەکەکانی شار، گوند - گەڕەک دروستکراون.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لەم هەرێمە بە هەڵوێست و رابردوەکانی خۆیدا نەیەتەوە و هەنگاوی جدی نەهاویژێت لە پرۆسەیەکی چاکسازی گشتگیری بە پەلەدا، کە تەواوی کایەکانی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی و پەرلەمان و حکومەت لە خۆ بگرێت، ئەوا بەدور نازانرێت پشدەریەکان کە هەمیشە پێشەنگی خەباتن، ئەوا پەنا بەرنە بەر وتە بەناوبانگەکەی جۆن لۆک کە وتویەتی "کۆمەڵگا بۆیە لە بەرامبەر حکومەت دەسبەرداری بەشێک لە ئازادیەکانی خۆیان دەبن، کە دەوڵەت ئازادی، ژیان و موڵکی هاوڵاتیان بپارێزێت، ئەگەر حکومەت بەم ئەرکە هەڵنەستا ئەوا هاوڵاتیان مافی روخاندنی ئەم حکومەتەیان هەیە" ئەمڕۆ ئازادی و ژیان و سامانی خەڵک لە ژێر مەترسیدایەو دەسەڵاتداران لەو ئاستەدا




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نین داکۆکی لێبکەن.

لە کۆتاییدا بەو هیوایەی دەسەڵاتدارانی هەرێم برینەکانی ساڵی ٧٤ و ساڵی٨٤ دەستی رژێمی حزبی بەعس سارێژبکەن، برینەکانی ساڵی ٩٤ دەستی دەسەڵاتە خۆماڵیەکەی کورد کە کۆستێکی دڵتەزێن بو سارێژ بکەن و رودانەوەی کارەساتی لەم شێوەیە قەدەغە بکرێت. بۆیە داوا لە دەسەڵات دەکەم شاری قەڵادزە بەرەو ئاوەدانی بەرن، قەرەبوی کەسوکاری شەهیدان بکەنەوە، لە هەمانکاتدا پێویستە زانکۆی سەربەخۆی قەڵادزە دامەزرێت، بەپێچەوانەوە پشدەریەکان چۆن هەمیشە لە کوردایەتی و راپەرین و بەرخودان پێشەنگ بون، لە روبەروبونەوەی گەندەڵی دەسەڵاتی سیاسی کوردیشدا هەر پێشەنگ دەبن.


سەرچاوە: ماڵپەری سبەی - رێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٦






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## یادی كارەسات و راپەڕینی قەڵادزێ بۆچی لە ٣٩٧٤ - ٤ - ٢٤ شارۆچكەی قەڵادزێ بوو بە ئامانج؟



قادر ژەوان

رژێمی دیتاتۆری بەغدا كە وەكو هەمیشە گفتوگۆ و دیالۆگیان وەكو پیلان بۆ خۆسازدانەوە و خۆ بەهێزكردنەوە ئەنجامداوە، دیسان بە هەمانشێوە لەرێككەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ پاشگەز بۆوەو هەوڵی لەناوبردنی شۆڕش و گەلی كوردی داوەو خستوونیەتە بەرنامەی كاری هێرشە ئاسمانی و زەمینییەكانەوە، كەئەم بەرنامەی بەخێرایی پراكتیزە كرد و سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ لەرێی چەند فرۆكەیەكی سیخۆو لەئاسمانی ئەم شارەوە بە بۆمبای قەدەغەكراوی نێودەوڵەتی شارۆچكەی قەڵادزێیان بۆردومانكرد، كەزیاتر لە ١٦٣ شەهید و ٣٥٠ بریندراری لێكەوتەوە و بەدەیان خانوو و دووكانی كاولكرد، كە زانكۆی سلێمانی و قوتابخانەكانیش لەم خاپووركردنە بێبەش نەبوون. بۆچی شارۆچكەی قەڵادزێ بوو بە ئامانج؟

١- رێككەوتنامەی ١١ی ئازار كە ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان لێكەوتەوە و ماوەی چوار ساڵی خایاند، لەم ماوەیەدا كە كوردستان ئازادییەكی بەرچاوی بەخۆیەوە دیبوو هەموو ئەو كەسانەی تینووی رۆژی ئازادی بوون و رزگاریخواز بوون بەبێ ترس و بەئاشكرا لەشار و شارۆچكەكانی كوردستان و عێراق كاری حزبی و رێكخراوەییان دەكرد، كە رژێمی دەسەڵاتداریش لەبڕیاری ١١ی ئازار پاشگەز بۆوە و شۆڕش ئیحتیاتاتی خۆی وەرگرت، هەموو ئەو كەسانەی كە لەدڵسۆزیان بۆ شۆڕش خۆیان ئاشكرا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کردبووئەوا هەم بۆ پشتیوانی پێشمەرگە و هەمیش لە ترسی گیانی خۆیان بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان ڕۆیشتن، بەتایبەتی بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ.

٢- کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە شارۆچکەی قەڵادزێ، کە هاوشێوەی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان مامۆستا و قوتابیانی زانکۆی سلێمانیش بۆ خۆپاراستنپەنایان هێنابوو بۆ ئەو شارە، کۆبوونەوەی ئەو هەموو قوتابی و مامۆستایانە بووە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لەو شارە و دایانە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبێ ئەوەی باڵاخانە یاخود شوێنێکی شیاو هەبێت بگونجێت بۆ زانکۆ، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئینحیساری قەڵادزێ کە چەند هۆڵێکی لەخۆ دەگرت و شوێنی پشکنینی تووتن بوون دەستنیشانکراو دەوامی زانکۆی تیاداکرایەوە، هەریەکێک لەو هۆڵانە لە پانی و بەرینیدا لەهۆڵێکی سینەما یاخود شانۆیی گەورە دەچوو، واتەش جێگایەکی گەورە و گونجاو بوو. کردنەوەی ئەم زانکۆیە جەنجاڵییەکی زیاتری دروستکرد، چونکە ئەو قوتابیانەی کە پێشتر نەهاتبوون بۆ قەڵادزێ و لە شارەکانی دیکە مابوونەوە ئەوا بەهەمانشێوە دەستیانکرد بە گەڕانەوە بۆ زانکۆی سلێمانی لە شارۆچکەی قەڵادزێ بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن.

٣- لەبەرئەوەی زۆربەی سەرباز و ئەفسەر و پۆلیس و فەرمانبەرە کوردەکان پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو و دەزگا حکوومییەکان تارادەیەک بەچۆڵی مابوونەوە.

٤- وەرگرتنی ئیحتیاتاتی شۆڕش و گردبوونەوەیەکی چڕی جەماوەری لەو جۆرە بەلای ڕژێمەوە هەڵوێستێکی مەترسیدار بوو، خودی حکوومەت کەلەناخیدا ئۆتۆنۆمی بە شایانی کوردان نەدەزانی وای لەقەڵەم دەدا کە کاری ئێستای کوردەکان چاوەڕوانی جیاخوازی و خواستی گەورەتری لێدەکرێ بۆیە دەبێ پیلانێک دابڕێژێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵبوون و یەکگرتوویی کەهەیە یان ئەو داخوازیانەی کەهەن.

### لەچاو ئەم کارەساتە گەورەیە بۆچی زیانەکان کەمبوون؟

١- سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشبینی کارەساتی لەناکاوی دەکرد، بۆیە بەر لەچەند ڕۆژێک ئاگاداری دانیشتوان و هاووڵاتیانی ئەم شارەیان کردەوە کە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و سەلامەتییان و خۆحەشاردان لەکاتی ناکاودا خەندەق لەماڵەکانیاندا لێبدەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە خەندەقەکان لەشێوەی پیتەکانی(T.L.W) بووایە، کە زۆرماڵان ئەو خەندەقەیان لەحەسارەکانیاندا هەڵکەندبوو، جگەلەوەیش لەزۆربەی کۆڵان و شەقامەکانیشدا کونی گەورەی خۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شارنەوە هەڵكەندرابوون.

٢- جێی ئاماژەیە رۆژێ پێشتر واتە ٢٣ - ٤ - ١٩٧٤ چەند فڕۆكەیەكی جەنگی لەئاسمانی ئەم شارەدا سووڕاونەتەوە، دیسان بۆ جاری دووەم و شەوی ٣٢ لەسەر ٢٤یش چەند فڕۆكەیەكی جەنگی دیكە ئەم شارەیان خستۆتە ژێر چاودێرییەوە، ئەمانە هەموویان خەڵكیان وریاكردەوە، زەنگێكیش بوو بۆیان كەوایكرد خۆیان لەمەترسییەكانی بۆردوومان بپارێزن.

٣- بەرێوەبەرو مامۆستایانی ئەم شارە سەرلەبەیانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ بەبێ ئەوەی لەهیچ دەزگایەكی سەرووی خۆیانەوە ئاگادار بكرێنەوە یان رێگەیان پێبدرێت ئەوا سەربەخۆ قوتابخانەكانیان داخست و قوتابییەكانیان بەخێرایی ناردەوە بۆ ماڵەوە، چونكە پێشبینی رووداوو كارەساتی لەو شێوەیان لەهزر دابوو بۆیە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان ئەنجامدا، ئەویش بۆ پاراستنی گیانی مامۆستایان و قوتابییان بوو، قوتابخانەی قەڵادزێی سەرەتاییش یەكێك بوو لە بەركەوزتووانی بۆمبابارانەكە، كەئەگەر مامۆستایان و قوتابییانی ئەم قوتابخانەیە لەدەوامی فەرمی خۆیاندابوونایە ئەوا بێگوان بەدەیان شەهید و بریندادی دیكەی لێدەكەوتەوە و زیانەكانی گیانی لەم كارەساتەدا زیاتر دەبوون. بۆ فریاكەوتن و بەرگریكردن شۆڕش ئامادەكاری كردبوو هەرچەندە لەو رۆژەدا چەكی چەكی پێشكەوتووی دژە فڕۆكە نەبوو، بەڵام چەند شوێن و خاڵێكی ستراتیژی بۆ بەرگری ئاسمانی دەستنیشانكرابوون و سەنگەریان لێ ئامادە كرابوون، ئەم سەنگەرانە چەكی دۆشكەیان لێ دامەزراندبوون و چەندین پێشمەرگەی شارەزا لەبواری بەكارهێنانی ئەم چەكە بۆ رووبەڕوبوونەوە لە ئامادەباشیدابوون و سەنگەرەكان كەوتبوونە گردی حەسارێ لە پشت گوندی حەسارێ كەدەكەوێتە رۆژهەڵاتی قەڵادزێ. بۆ فریاكەوتنی دوای هەر كارەسات و رووداوێكیش تیمێك كە لە ٣٠ پێشمەرگەو ئەندامانی رێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان پێكهاتبوو، مامۆستا "ئازاد بابان" لێپرسراوی ئەو تیمە بوو راستەوخۆ پەیوەندیان بە كاك "جەلیل فەیلی" لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی ئەوكاتە و شەهید "حەسۆ میرخان" فەرماندەی هێزی كاوە بوو، هەندێ چەكی تایبەتیان وەكو غەدارە پێبوو، هەرچەندە ئەو ئامادەسازییانە وەكو شتێكی سەرەتایی بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە شۆڕش لە ناكاو تووشی ئەم بارودۆخە هاتبوو چاوەڕوانی كارەساتێكی دڕندانە و نامرۆڤانەی لەو جۆرەش نەدەكرا، چونكە بەر لە رێككەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و لەساڵانی شەستەكاندا فڕۆكەكانی عێراقی بەشی زۆری چەكی وەكو شەست تیریان لەشەڕەكاندا بەكار دەهێنا، بۆیە واچاوەڕوان نەدەكرا كە ئەگەر فڕۆكەیش بێتە سەرشارەكە ئەوا بەشەست تیر قەڵادزێ دەگرێتەبەر، كەوتە چاوەڕوانی ئەم هەموو كۆمەڵكوژی و وێرانكارییەی لێنەدەكرا. جیا لەشارەكانی دیكە، شۆڕش و جەماوەری كوردستان بۆچی قەڵادزێیان هەڵبژارد؟ شارۆچكەی قەڵادزێ لەهەر چوواردەوری چیای بەرز هەیە و بێجگە لەدەروازەی دەربەند كە دەكەوێتە نێوانی پشدەر و بیتوێنێ ئەوا لەهیچ شوێنێك و رێگایەكی دیكە هێزی پیادە ناتوانێت هێرشی لێوە بكات، لەلایەكی دیكەوە بەهۆی ئەوەی كە زۆر لەسنووری وڵاتی ئێرانەوە نزیكە ئەوا بۆ خۆپاراستن لەهەر هێرشێكی پیادە خەڵكی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەئاسانی دەتوانن زووتر خۆیان دەرباز بکەن و بگەنە ناو خاک و سنووری ئەم وڵاتەوە. جگەلەوەیش خەڵکی پشدەرێ زۆر ڕێز لەمیوان و لێقەوماوان دەگرن و بەخوڵقن. کە تاوەکو دوای کارەساتەکەیش هەموو ماڵێک لەم شارەدا چەند میوانێکی لەو ئاوارانە هەروەکو ئەندامەکانی خێزانەکانیان بەخێو دەکرد و خزمەتیان کردوون، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو پێشبینی و هەڵبژاردنی ئەم شارە وەکو سەر سنوور، خەڵکی سڤیل و بێدەسەڵات لەزەبری دڕندانە و نامرۆڤانەی دیکتاتۆری سەددامی لەداردراو بێبەش نەبوون و قوربانییەکی زۆریان پێشکەش بەشۆڕش و خاک و گەلەکەیانکرد

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٦





سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ئەمڕۆ ٤٣ هەمین ساڵڕۆژی بۆرومانکردنی شارۆچکەی قەڵادزێی باشووری کوردستانە.**



**ش.ف**

لە رۆژی ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ دا فرۆکە جەنگیەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس، شارۆچکەی قەڵادزێ-یان بە بۆمبی قەدەغەکراوی ناپاڵم بۆردومانکرد و لەو هێرشەدا زیاتر لە ١٣٧ هاوڵاتیی سڤیل کۆمەڵکوژکران و بە سەدانی دیکەش بریندار بوون.

دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و حزبی بەعسدا، وتووێژەکانی نێوان لایەنی کوردی و حکومەتی عێراق، کە زیاتر لەچوار ساڵی خایاند و هیچ ئەنجامێکیان لێنەکەوتەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ شەڕێکی دژواری لە باشوری کوردستان بە دوای خۆیدا هێنا.

چەندین کۆلیژی زانکۆی سلێمانی و ژمارەیەک لە دامودەزگاکان، لە سلێمانییەوە بۆ شارۆچکەی قەڵادزێ گوازرانەوە، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە هۆی گوشار و سەرکوتی ڕژێمی بەعس دژ بەکوردان، بۆ خوێندن ڕوویان لە قەڵادزێ کرد.

ڕژێمی بەعس چ لە بەرەی سیاسی و چ لە بەرەی شەڕدا، هێرشێکی گران و بەرفراوانی کردە سەر گەلی کورد، هێزەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سوپای عێراق بە بەرچاوی جیهانەوە، دەستیانکرد بەکۆمەڵکوژکردنی گەلی کورد، لە چوارچێوەی ئەو هێرشانەدا، بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی نیسان-ی ساڵی ١٩٧٤، دوو فڕۆکەی جەنگی شارۆچکەی قەڵادزێ و کۆلێژی قەڵادزێ-یان بە بۆمبی ناپاڵمی قەدەغەکراو بۆردومانکرد.

لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا، زیاتر لە ١٣٧ هاوڵاتیی سڤیل گیانیان لەدەست دا و لانی کەم ٢٥٠ هاوڵاتی تر لە دانیشتوانی ئەو شارە، بریندار بوون،٥٧ کەس لەوانەی گیانیان لەدەستدا، خوێندکارانی زانکۆ بوون.

دوای تێپەڕبوونی ٤٢ ساڵ بەسەر ئەو کۆمەڵکوژییەدا، تاکو ئێستا بۆردومانی قەڵادزێ لە دادگای باڵای تاوانەکان دانی پێدا نەنراوە،

وە لە لایەن حکوومەتی عێراق و، بگرە لە لایەن حکوومەتی هەرێمیشەوە گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و، کەسوکاری قوربانیان قەرەبوو نەکراونەوە.

دوای ئەو کۆمەڵکوژیە و بێدەنگی ڕای گشتی جیهان لە بەرامبەریدا، ئیدی ڕژێمی بەعس ڕێگەی بۆ شاڵاوێکی کۆمەڵکوژی مەزنتر خۆشکرد، کە لە میانەی شەڕی ئێران و عێراقدا هاتە ئاراوە و بە تاوانە شومەکانی ئەنفال و هەڵەبجە بۆ مێژوو ناسراوە، لەو شاڵاوەشدا، قەڵادزێ ئەمجارەیان لە هەشتاکاندا بە یەکجاری خاپورکرا و خەڵکەکەی دەبەدەرکرا.

شارۆچکەی قەڵادزێ تا ئێستاش لە ڕووی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوەوە هەوڵێکی بەرچاوی بۆ نەدراوە، تاکو ئێستاش ئاسەواری کاولکاریی ڕژێمی بەعس بە هەڵکەوتەی ئەو شارەوە دیارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوژنیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## (٤١) ەمین ساڵیادی جینۆسایدی قەڵادزێ




**ناواره حسێن***

(٤١) ساڵ پێش ئێستا ڕۆژی چوارشەمەی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ كاتژمێر ٩:٤٥ خولەكی بەیانی كە ئەو ڕۆژە خۆرەتاو بوو ڕژێمی ژەهراوی بەعسی عەرەبی عێراق بە پیلانێكی دۆزەخییەوە بۆردومانی شارۆچكەی قەڵادزێ ی كردو ١٣١ هاوڵاتی تێدا شەهید كرد.

حكومەتی بەعسی عەرەبی عێراق لە كاتێكدا ئەم تاوانە نامرۆڤانەی بەرامبەر بە نەتەوەی كورد ئەنجامدا، وەک دەوڵەتێک لە ٢٠ - ١ - ١٩٥٩ مۆرو واژۆی پابەندبونی خۆی كردووە بە ڕێكەوتننامەی قەدەخەكردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانكارانی كە لە ٩ - ١٢ - ١٩٤٨ دەرچووە و لە ١٩ مادده پێک هاتووە.

پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دادگای تاوانكاری باڵای عێراقی پێک هات كە لە ٤٠ مادده پێک هاتووە بۆ سزادانی ئەو كەسانەی كە لە ١٧ - ٧ - ١٩٦٨ وە تاكو ١ - ٥ - ٢٠٠٣ تاوانە نێودەوڵەتییەكانیان ئەنجام داوە بەرامبەر بە گەلانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

عێراق، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕون گوزارەیە لە فەرمانڕەوای حیزبی بەعسی عەرەبی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حسین. ئەو تاوانانەی کە حکومەتی عێراقی ئەنجامی دا بەرامبەر هاوڵاتیانی بێزیانی شارۆچکەی قەڵادزێ تاوانی جینۆساید بوو. ناوزەدکردنی ئەو تاوانەش بە تاوانی جینۆساید لە سۆزی ناسیۆنالیستی و هەستی نەتەوە پەرستیە وە سەرچاوەی نەگرتووە کە زۆر کات منی پێ تۆمەتبار دەکرێت، بەڵکو بە پێی ماددەی ٢ی ڕێککەوتننامەی قەدەخەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی و ماددەی ١١ لە دادگای تاوانکاری باڵای عێراقی تاوانی جینۆسایدە.

ئەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعسی ژەهراوی بەرامبەر بەنەتەوەکەمان ئەنجامیدا لەو دادگایەدا شەش کەیسیان بە تاوانی جینۆساید ناسێنران ئەوەش بۆ نەتەوەکەمان هەنگاوێکی گەورەیە و کردنەوەی دەرگاو دەروازە یاسای و ویژدانیەکانی دنیایە بە ڕوی دۆزە ڕەواکەماندا.

ئەو تاوانانەی کە بە جینۆساید ناسێنران و ئەو ڕژێمە ژەهراویە بەرامبەر نەتەوەکەمان ئەنجامیدا بوو لە ماوەی فەرمانڕەوای خۆیدا بریتین لە جینۆسایدەکانی: کوردی فەیلی، جینۆسایدی هەڵەبجە، ئەنفال، نێرینە بارزانییەکان، ڕاگواستنی پشدەر و سەیدصادق.

بەڵام یەکێک لەو کەیسانەی کە ماوەتەوە ئەو دادگایە هێشتا یەکلای نەکردووەتەوە کەیسی قەڵادزێیە، یەکلاینەکردنەوەو دواخستنی ئەو کەیسە لەدادگای تاوانکاری باڵای عێراقیدا گەورەترین فێڵی یاسای بوو کە سیاسیە یاساییە عەرەبە شیعە ڕێبازەکان لە نوێنەرە یاساییەکانی کوردیان کرد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەجۆرێک کە دۆزی دوجێل پێش دۆزەکانی :هەڵەبجە، کوردی فەیلی، ئەنفال، بارزانییەکان، قەڵادزێ یەکلایکرایەوە لەو دادگایەدا، بەو پاساوەی کەتاوانی دوجێل لە پێش هەڵەبجەو ئەنفالەوە ئەنجام دراوە ئەمەیان ڕاستییەکە بەڵام دەبو نوێنەرانی کورد هۆشیارانە مێژووی ئازاری ڕەهاو ئاهەکانی نەتەوەیان پیشان بدایاو بە گوێی عەرەبە شیعە ڕێبازەکانیاندا بدایاو کەیسی قەڵادزێیان زوتر و پێشتر یەکلای بکردایاتەوە چونکە بۆردومانکردنی قەڵادزێ پێش دوجێل ئەنجامدراوە، بۆردومانکردنی قەڵادزێ یەکەمین هەنگاوی پیلانی دۆزەخیانەو هۆڤانەو ژەهراویانەی نامرۆڤانەی ڕژێمی ژەهراوی بوو بەرامبەر بە نەتەوەکەمان لە باشوری کوردستاندا کە پاشتر لە هەڵەبجەو ئەنفالدا لە دۆزەخێکی دەسکرددا نەتەوەکەمانیان سوتاندو برینداری کەرامەت و جەستەیان کردین جۆرە بریندار کردنێک کە تا هەنوکە ئەو برینە نەک سارێژ نەبووە بەڵکو بە سوێتر و قوڵتر بووەتەوە.

ئەوەندەی ئاگادار بم و ئێستاشی لەگەڵ دابێت کەیسی قەڵادزێ لە کارنامەی یەکەم و گرنگی نوێنەرانی کورد بە گشتی و نوێنەرانی دەڤەری پشدەردا نییە، وەک ئەوەی نوێنەری ئەوان نەبن و ئەوان دەنگیان بۆ نەدابن.!!. ئەوانەی نوێنەرەکانیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نارده پەرلەمانی هەرێمی باشوری کوردستان و پەرلەمانی عێراق بە متمانەیەکی هێندە ڕەهایانەوە هەڵیانبژاردن وکردیانن بە نوێنەری خۆیان کە بەرزکردنەوەی دەستی نوێنەر وەک ئەوە لێک دەدرایەوە کە دەنگدەر خۆی دەستەکانی بەرز دەکاتەوە.

ئەوەی پێویستە لەسەر نوێنەرانی نەتەوە لە پەرلەمان کاری خێراو پێویست بکەن بۆ جوڵاندن و یەکلایکردنەوەی کەیسی قەڵادزێ لە دادگای تاوانکاری باڵای عێراقیدا پێش هەڵوەشاندنەوەی ئەو دادگایە چونکە ئەو دادگایە کاتییەو تەنها بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە پێک هاتووە کە لە نێوان ١٧ / / ١٩٦٨ تاوەکو ١ - ٥ - ٢٠٠٣ ئەنجامدراون تایبەتیشە بە چوار تاوانی: جینۆساید، دژ بەمرۆڤایەتی، جەنگ و پێشێلاکری یاساکانی عێراقی.

پێویستە دۆزی قەڵادزێ یەکلای بکرێتەوە و جەختیش لەسەر بە جینۆساید ناساندنی بکەنەوە و قەرەبوی مادی ودەرونی کەسوکاری قوربانییەکانیش بکرێتەوە، حکومەتی عێراقی ئێستا بەو کارە هەستێت وەک میراتگری حکومەتی بەعس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردوساید - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بیبلیۆگرافیای كارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ




**مۆفەق میراودەلی**

كۆمەڵكوژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ لە قەڵادزێ لەلایەن ڕژێمی بەعسی رووخاوەوە، تاوانێكی قێزەونە دەرهەق بەمیللەتی كوردو ناوچەی پشدەر، بۆردومانكردنی شاری قەڵادزێو زانكۆی سلێمانی، زیانێكی گەورەی مادیو مەعنەوی لێكەوتەوە، دەرئەنجامو كاریگەری فرە رەهەندی بەدوای خۆیدا هێنا، بەشێوەیەک ئەو كۆمەڵكوژیە لەهەناوی جەماوەردا رەنگیدایەوە، دواتر چەندان نارەزایەتی جیاجیا لێكەوتەوە، دیارترینیان خۆپیشاندانو راپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ بوو، كە لەیادی كۆمەڵكوژییەكە دانیشتوانی ناوچە راپەڕینو پاشان پڕیشكی راپەڕین چەندان شارو شارۆچكەی كوردستانی گرتەوە.

تۆمارو بە دیكۆمێنتكردنی مێژووی خەباتو قوربانیدان، لەچوارچێوەی نووسینو توێژینەوەو بەدواداچوون نرخو بایەخی مێژووی هەیە، بەئامانجی نیشاندانی قەبارەو ئاستی تاوانو كۆمەڵكوژییەكان، تا ببێتە پەندو ئەزموون بۆ نەوەی نوێ، هەربۆیە لەو دەریچەیەوە بەرئەنجامی ئەوانە دەبینین، لەماوەی ساڵانی رابردوودا ژمارەیەک كتێبو نامیلكەی سەربەخۆو تایبەت بەهەردوو كارەساتو راپەڕینی قەڵادزێ چاپكراون، ئەوەش گوزارشت لەگەورەیو كاریگەری كۆمەڵكوژیەكە دەكات، بەهیوای ئەوەی لێكۆڵینەوەو بەدواداچوونی زیاتر بكرێت، تا بەتەواوی زیانە مەعنەویو مادیو رەهەندەكانی نیشان بدرێن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## یەکەم: کۆستی شارێک

نووسەر: دادوەر تەها بابان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، گەلاوێژی ٢٠٠٤، ل ٢٤٤، قەبارە: ٢٠ × ٢٩.

### ناوەڕۆک

سەرەتایەکی کورت، پێشکەشە بە، ئەم دنیایە زۆر سەیرە، ئەو جەنگەو ئێمەی کورد، شێخ مەحمودی حەفید کێ بوو؟، شێخ محمود چی کرد؟، پاشگەزبوونەوە، ئەمری حوکمدار، ئەی کەی وەک چەک دژی کورد بەکارهێنرا؟، بابێینەوە سەر بۆمباران، هەڵەیەکی جگەربڕ، دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحمود، وەزع لەگەرمیان، ناوچەی رەواندز، وەزع لەناوچەی بادینان، ناوچەی هەولێر، ناوچەی قەڵادزێو رانیەو کۆیە، سەرچاوەکانی خۆمان، چەند تێبینییەک، رووداوەکانی سلێمانی، چارەسەرێک، خەڵوەت، داواکاری.

کۆتایی بنکەکەی یوزدەمیر لەرەواندز، چارەنووسی یوزدەمیر، رووخانی ئەفسەرە سوپاییەکان، نهێنی یەکی نەزانراو، کابینەی دووەم،

تێبینییەک، سەرلەنوێ گرتنەوەی سلێمانی، سەیرە!!، با بێینەوە سەر بۆمباران، سەرنج راکێشان، هەڕەشە، ئیعلان، لێکدانەوەیەکی سەیر، ئیعلان بۆ خەڵقی سلێمانی، ئیعلان بۆ خەڵقی لیوای سلێمانیو ئەترافی موجاویرە، ئیعلان بۆ شێخ مەحوود ئەفەندیو خەڵقی سلێمانی، ئیعلان، چاوپێکەوتنێک، ئەی ئێمە؟، کەلەپورێکی پیرۆز، ئێمە نەشکاوین، چونکە ترسنۆک بوین، دوا شەڕی شێخو دوا بۆمباران، چی تێگەیشتین؟، شەرمەزاری!، عەقڵیەتی عەرەبی دوای ئینگلیز، شۆڕشەکانی بەرزانو بۆمباران، بیرێکی سەیر، عبدالسلام محمد عارف، کۆتایی عبدالسلام، بەیانی (١١)ی ئازاری ١٩٧٠، پەراوێزەکانی بەشی یەکەم.

قەڵادزێ شاری ئازایەتیو فرمێسکو جوانی، پەراوێزەکانی بەشی دووەم، زانکۆو چەند پرسیارێک، دیاردەیەک، پرۆژەی زانکۆ، بۆ قەڵادزێ هەڵبژێردرا؟، بۆ زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە؟، ئایا زانکۆ بوو بەهۆی بۆمبارانکردنی قەڵادزێ؟، قەڵادزێ پێش بۆمبارانەکە بەرۆژێک، سەعاتی سفر ٩:٤٥، ژمارەی فرۆکەکانو جۆریان، جۆری فرۆکەو بۆمباکان چی بون؟، جیاوازی ئەمانو ئینگلیزەکان، کاولکارییەکان لەسەر زەوی، لیستی خانووەکان، لیستی بینا حکومییەکان، بۆمبا نەتەقیوەکان، دیدارێک، شایەتحاڵەکان، کورتەیەک لەژیاننامەی چەپکێک گوڵی هەڵپرووکاوی باخی رۆشنبیریو زانیاری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زانکۆی سلێمانی لەبۆمبارانەکەی شاری قەڵادزێ دا لەبەرەبەیانی رۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ دا لەلایەن هێزی ئاسمانی رژێمی بەعسی عیراقەوە کرایە سەری.

**شایەتحاڵی یەکەم:** سەرقافڵەچی کۆستکەوتووەکان ئەحمەدی حاجی سابیر، ئەلبومی خەمەکانی ئەحمەدی حاجی سابیر،

**شایەتحاڵی دووەم:** د.چیمەن حەسەن مەحمود،

**شایەتحاڵی سێیەم:** هەردوو: سامان عەبدوڵڵا مام ئەحمەدو قومریە غەریب محەمەد،

**شایەتحاڵی چوارەم:** سەیران فەتحی کەریم،

**شایەتحاڵی پێنجەم:** مامۆستا کەریم کابان،

**شایەتحاڵی شەشەم:** مامۆستا جەلال حەمە عەلی، **شایەتحاڵی حەوتەم:** خاتوو هەمین مەحمود،

**شایەتحاڵی هەشتەم:** قادر أحمد فتاح «قادری وەستا ئەحمەد»،

**شایەتحاڵی نۆیەم:** فەخریە عەبدوڵڵا بابکر، **شایەتحاڵی دەیەم:** گەلاوێژ ئەحمەد ئیسماعیل،

**شایەتحاڵی یانزەیەم:** زاهیر رەشید سەعید،

**شایەتحاڵی دوازدەیەم:** مامۆستا غەریب محەمەد ئەمین جەرجیس،

**شایەتحاڵی سیانزەیەم:** خاتو نەجات محەمەد مستەفا،

**شایەتحاڵی چواردەیەم:** رەئیس عورەفای پۆلیس «کاک محەمەد رەسوڵ قادر»،

**شایەتحاڵی پانزەیەم:** عەبدولرەحمان رۆستەم ئەمین،

**شایەتحاڵی شانزەیەم:** مامۆستا زیاد محەمەد ئەمین،

**شایەتحاڵی حەڤدەیەم:** پرۆفیسۆر دکتۆر جەلال شەفیق،

**شایەتحاڵی هەژدەیەم:** شێرکۆ عومەر حاجی کەریم،

**شایەتحاڵی نۆزدەیەم:** جەمال حەسەن خدر،

**شایەتحاڵی بیستەم:** نەناسراوێک!،

**شایەتحاڵی بیستو یەکەم:** محەمەد حەسەن خدر،

**شایەتحاڵی بیستو دووەم:** نوری حەمە سەعید،

**شایەتحاڵی بیستو سێیەم:** محەمەد خدر محەمەد، روونکردنەوەیەک،

**شایەتحاڵی بیستو چوارەم:** حەسەن رەسوڵ سەلیم ناسراوە »حەسەن چاوشین»،

**شایەتحاڵی بیستو پێنجەم:** کاک مەحمود عەبدوڵڵا سەعیدی قەساب،

**شایەتحاڵی بیستو شەشەم:** حەلاوە سەید سالح،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شایەتحاڵی بیستو حەوتەم:** حەسەنو حسێن کوڕانی حاجی عەلی،

**شایەتحاڵی بیستو هەشتەم:** دکتۆر مستەفا کەریم بەرزنجی،

**شایەتحاڵی بیستو نۆیەم:** مامۆستا عەبدولرەزاق سەراج.

چۆنم هەڵسوکەوت کردووە لەگەڵ ئەم یاداشتانەدا، گرنگی یاداشت نووسینەوە، ئەی ئێمە، ئەوەی شایانی باسە، چەند دیمەنێکی دڵتەزێنی بۆمبابارانەکە، دوای بۆمبارانەکە، لیژنە، کۆچ، ئەنجامێکی باوەڕنەکراو، ئەی بۆ قەڵادزێ، گیان بەبەردا هاتنەوە، راپەڕینە مەزنەکەی شاری قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ بەبۆنەی ساڵیادی هەشتەمینی بۆمبارانکردنیەوە، دوو شایەتحاڵی کە، چۆن دایە ئامینەو مامۆستا سنەوبەر شەهیدبوون؟، راگواستن، لەدوای راپەڕینەوە، ئاردی ناو دڕک، راپەڕینی ٤ - ٣ - ١٩٩١، پرسیارێک، خواستی داهاتوومان، رەنگدانەوەی قەڵادزێو کارەساتەکەی لەشیعردا، یادەکانم لەشارەکەم قەڵادزێ داری والی«غەفور پشدەر»، نامرێ نەمر «کەژاڵ ئیبراهیم خدر»، پەراوێزەکان، شیعری »شێرکۆ بێکەس»، گلەیی‌و بناشت، سوپاسو پێزانین، پێزانین.

### دووەم: أ- شۆڤێنزمی بەعس و مەرگی زانکۆیەک

نووسەر: سەلاح حسێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلاوەر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٤٧، قەبارە: ١٤،٥ × ٢٠، (لەسەر ئەرکی کۆمەڵەی خوێندکاران چاپکراوە).

### ناوەڕۆک:

پێشەکی، هاتنی بەعسو سەرەتای نەهامەتی، رۆڵی خوێندکاران لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕش، رژێمی بەعس لەکاتی گفتوگۆدا، بۆردومانکردنی زانکۆ لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤، هۆکاری بۆردومانکردنی زانکۆ، هەواڵی بۆردومانەکەو کاردانەوەی لەسەر جەماوەر، یادی کارەساتەکەو کاریگەری لەسەر جووڵانەوەی خوێندکاران، لەئێستادا پێویستە چی بکرێت؟، زانکۆ مێژووی خۆی ناناسێت، کۆتایی، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز دکتۆر جەلال شەفیق، وێنەکان، سوپاسو پێزانین.

### ب - شۆڤێنزمی بەعس و مەرگی زانکۆیەک

نووسەر: سەلاح حسێن، چاپی دووەم، چاپخانەی هونەر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٣٨، قەبارە: ١٤،٥× ٢٠،٥



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ناوەڕۆک:**

**پێشەکی چاپی یەکەم، پێشەکی چاپی دووەم، هاتنی بەعسو سەرەتای نەهامەتی، رژێمی بەعس لەکاتی گفتوگۆدا، رۆڵی خوێندکاران لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕش، بۆردومانکردنی زانکۆ لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤، هۆکارەکانی بۆردومانکردنی زانکۆ، هەواڵی بۆردومانەکەو کاردانەوەی لەسەر جەماوەر، دەرئەنجامی کارەساتەکە، چارەنووسی خوێندکاران دوای بۆردومان، دووربینی بەعس لەئایندەی زانکۆی سلێمانی، زانکۆ مێژووی خۆی ناناسێت، ئەو پیاوەی ٣٣ ساڵ بەرەشپۆشی ژیا، سەرنجو تێبینی نووسەرو رۆژنامەنووس بەکر مەحمود، یادی بۆردومانەکەو کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی خوێندکاران، دەستگیرکراوەکانی راپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢، هوتافو دروشمەکان بەدەنگی بڵندگۆ، داواکاریەکانی جەماوەری قەڵادزێ لە «رادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق»ەوە، هۆنراوەیەک پێشکەش بە«ئامینە سوورو مامۆستا سنەوبەر»، لەئێستادا پێویستە چی بکرێت، وێنەکان، وێنەو ناوی هەندێ لەشەهیدەکان، وێنەی خۆپیشاندانی ١٩٨٢،**

**بەڵگەنامەکان، سوپاسو پێزانین، سەرچاوەکان.**

**سێیەم: ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی قەڵادزێ**

**مۆفەق میراودەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٧٧، قەبارە: ١٦ × ٢٢, «لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان».**

**ناوەڕۆک:**

**پێشەکی، ئینسکلۆپیدیای ژمارەیەک لەشەهیدانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤، رونکردنەوەیەکی پێویست، نمونەی دەنگدانەوەی کارەساتەکە لەبڵاوکراوەو سەرچاوە بیانیو ناوخۆییەکاندا «لەگۆڤاری ٢٩ - ٤ - ١٩٧٤ «The financial times، رۆژنامەی«The guardian»ی بەریتانی،**

**لەکتێبەکاندا: کریس کۆچێرا، دکتۆر گوینتەر دیشنەر، یۆنان هورمز، مەسعودبارزانی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی تایبەتن بەیادی کارەساتی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤و راپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ی قەڵادزێ دەرچوون، ئەو بەڕێزو لایانانەی هاوکاریان کردین، بەپێدانی زانیاری لەبارەی شەهیدەکان، بەشێک**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەوێنەکان وەرگیراون لە.

**چوارەم: کارەسات و بۆردومانی قەڵادزێ لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤**

نووسەر: عومەر هەمزە ساڵح «مامۆستا عومەر»، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٣١٨، قەبارە: ١٦،٥ × ٢٤،

«لەسەر ئەرکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی پارتی چاپکراوە.»

**ناوەڕۆک:**

وتەی ئەحمەدی حاجی سابیر سیمبولی شەهیدانی کارەساتی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤، پێشەکی، دەروازەی یەکەم: «بەشی یەکەم: جوگرافیای سنووری پشدەر، بەشی دووەم: گیروگرفتو کێشەکانی هەرێمی کوردستان، بەشی سێیەم: قەڵادزێ پێش بۆردومانەکە، بەشی چوارەم: کارەساتی بۆردومانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤، بەشی پێنجەم: بۆردومانەکانی سنووری پشدەر».

دەروازەی دووەم: «بەشی یەکەم: هۆکارەکانی راپەڕینی ساڵی ١٩٨٢، بەشی دووەم: بەرنامەی لایەنەکانی کوردستان لەشاری قەڵادزێ بۆ راپەڕین، بەشی سێیەم: راپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢، بەشی چوارەم: راپەڕینی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەشی پێنجەم: راپەڕینی ئۆردوگای زۆرەملێی خەبات لە ٤ - ٣ / ١٩٩١، بەشی شەشەم: دادگای باڵای تاوانەکان».

دەروازەی سێیەم: «بەشی یەکەم: بەڵگەنامەکان، بەشی دووەم: وێنەی شەهیدەکان، بەشی سێیەم: سەرچاوەکان».

**پێنجەم: قەڵادزێ و تراژیدیاو هەرەسی دیکتاتۆریەت**

نووسەر: شەریف وەرزێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، ٢٠١٢، ل ٣٥، قەبارە: ١٦ × ٢١.

**ناوەڕۆک:**

خوێنەری بەڕێز، پێشکەش بێ بە، کورتە مێژوویەکی قەڵادزێو پشدەر، هۆ قەڵادزێ، قەڵادزێ شاری خۆڕاگر، هەرەسی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیكتاتۆریەت، پێڕست.

**شەشەم: زانكۆی سلێمانی لەقەڵادزێ و بیرەوەرییەكانی پێشمەرگایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازی كوردستان ١٩٧٤**

نووسەر: پ.د.زەنوون پیریادی، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ، ٢٠١٣، ل ٩٣، قەبارە: ١٤،٥ × ٢١.

**ناوەڕۆك**

پێشەكی، لەبارەی ئەم نووسینەوە، بۆچی شۆڕش هەڵگیرسایەوە، دەرچوونمان لە سلێمانییەوەو پەیوەندیكردنمان بەشۆڕشەوە،

لەچوارتاوە بۆ ماوەت، سەفەر لەماوەتەوە بۆ مالومە، چوونمان لەمالومەوە بۆ قەڵادزێ، سەفەر بۆ حاجی ئۆمەرانو سەركردایەتی، بۆردومانكردنی قەڵادزێ، گوزەرانی ژیانی ڕۆژانەمان لەهەڵشۆ، سەفەر بۆ حاجی ئۆمەران، ئەلبووم

**حەوتەم: ٢٤ - ٤ ڕۆژی شەهیدی زانكۆی**

ئامادەكردنی: پ.ی.د. ئیبراهیم ئیسماعیل حەمەڕەش، هۆشمەند ڕەفیق، والی حەمە نووری، چاپی یەكەم، چاپخانەی ماردین،

هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٢، قەبارە: ١٤ × ٢١.

**ناوەڕۆك:**

پێشەكی، وتاری سەرۆكی زانكۆی سەلاحەددین بەبۆنەی ٢٤ - ٤ ڕۆژی شەهیدی زانكۆیی، مەرگەساتی بۆردومانكردنی زانكۆو قەڵادزێ، چۆنیەتی ڕوودانی بۆردومانەكە، ئامانجی بەعس لەبۆردومانكردنی زانكۆ، ڕاپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢، سەدای بۆردومانەكە لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و جیهانیدا، ناوی بەشێك لەشەهیدانی بۆردومانەكەی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ و ڕاپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ لەشاری قەڵادزێ. «سەرنج: ئەم كتێبە لە ل ٩ ەوە تا كۆتایی لەكتێبی ئینسایكلۆپیدیای شەهیدانی قەڵادزێ وەرگیراوە، بەداخەوە زۆر بە نادیاری ئاماژەی پێكراوە.»



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**هەشتەم: کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ**

**لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا (٢٤ - ٤ - ١٩٧٤) و (٢٤ - ٤ - ١٩٨٢)**

**نووسەر: مۆفەق میراودەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٨٧، قەبارە: 5،17 × ٢٤، «لەسەر ئەرکی خاتوو پەروین بابەکر حەمەئاغا چاپکراوە.»**

**ناوەڕۆک:**


**پێشەکی، ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان لەنێوان ساڵانی «١٩٩٢ - ٢٠١٥»: هەنگاو «پاشکۆ» «٢٤ - ٤ - ١٩٩٢»،٢٤ - ٤ «٢٤ - ٤ - ١٩٩٦» و « ٢٤ - ٤ - ١٩٩٨»، ڕووداو ٢٤ - ٤ - ١٩٩٨، ڕوداو ٢٤ - ٤ - ١٩٩٩، ڕوداو ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٠، ڕوداو ٢٤ - ٤ - ٢٠٠١، قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٠، زانست تیرۆر دەتۆقێنێت ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٢، بیستو چواری چوار ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٤، قەڵادزێ ی نیشتمانی خەمەکان با بکەینە خەمەکانی نیشتمان ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٤، ٢٤ - ٤ مەرگەساتو وەرچەرخان ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٥، پشدەر ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٦، قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٦، قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٧، قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٨، قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٩، قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠١٠، ٢٤ - ٤ «٢٤ - ٤ - ٢٠٠٦»، نوێکار ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٦، فرمێسکێک بۆ قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٦، فرمێسکێک بۆ قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٨ ، فرمێسک ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٨، فرمێسکێک بۆ قەڵادزێ «بەرواری لەسەر نییە دوور نییە ساڵی ٢٠٠٩» بێت، فرمێسکێک بۆ قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠١٣، فرمێسکێک بۆ قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠١٥، بیستو چواری چوار ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٧، بیستو چواری چوار ٢٤ - ٤ - ٢٠١٠، هەناسە ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٧، پاشکۆی سابات ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٧، قەڵادزێی نوێ ٢٤ - ٤ - ٢٠١٢، قەڵادزێی نوێ ٢٤ - ٤ - ٢٠١٣، قەڵادزێ ٢٤ - ٤ - ٢٠١٣....**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٦**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## قەڵادزێو یادی هەردوو كارەساتەكەی



**د.ئەحمەد سەید محەمەد بەرزنجی**

ساڵی (١٩٧٢) بەكاری حزب گوێزرامەوە قەڵادزێ، بۆ یەكەمجار لەسلێمانی دور كەوتمەوە، بۆ ئەو كاتە دووربوو، نەڕێگاوبان، نە ئوتومبێل وەک ئێستا نەبوون. هاوڕێو كەسوكارم ناڕازیبوون پێیان وابوو لەو تەمەنەدا قورسەو ئاسان نییە بۆ من لەو ناوچەیەدا كاربكەم، ناوچەیەک پڕیەتی لەململانێی سیاسیو چینایەتی، حزب لاوازە، لەتەمەنێكدا بووم وەكو دەڵێن خەتم نەدابوو یەعنی سمێڵم نەڕوابوو بەڵام وەک سمێڵ بابڕێک دەمخوڕی وا لەخۆم دەڕوانی. ئەو سەردەمە وەک شۆڕشی نوێ نەبوو پێشمەرگەو لێپرسراوان تەمەنیان بالابوو، دیاردەی عەشائیری و كەسایەتی زاڵبوو، بەهەرحاڵ چووم، لێپرسراوی ناوچەیەكیشم وەرگرت تەنها دوو سێ مانگێ سەختبوو، تا لەگەڵ بارودۆخو خەڵكەكە ڕاهاتمو ئاشنا بووم، ئیتر وەكو خەڵكی ناوچەكەم لێهات، بەشی زۆری دەگەڕایەوە بۆ چاكی خەڵكەكەو سادەیی‌و دڵسافی جەماوەرەكەی، خەڵكێک ڕاستگۆ هاوكار بەخزمەت بۆ شۆڕشو پێشمەرگە .

دوای تەواوبوونی وادەی ڕێكەوتنی (١١) ئازار، بارودۆخەكە گۆڕرا، سەركردایەتی شۆڕش ڕازی نەبوو كە ڕژێم بەنیوناچڵی ڕێكەوتنەكە ڕاگەیەنێت، ڕژێمیش سوور بوو لەسەر جێبەجێكردنی ئیتر شۆڕشو جەماوەرو دامودەزگاكان لەشارەكان كشانەوە .

زانكۆی سلێمانی ڕوویكردە قەڵادزێ. هەڵكەوتەی شاری قەڵادزێ لەدەڤەرەكەدا كەم وێنەیە، شارەكە چواردەوری چیایە، هەر وەک حەوشەیەک وایە بەتەنها یەک دەرگاری هەیە ئەویش دەربەندی قەڵادزێیە، ڕێگایەكی یەک ساید لەنێوانی چیای كێوەڕەشو ئاسۆس.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قەڵادزێ ڕێگای شارەكانی سلێمانیو كەركوكو گەرمیانو سەركردايەتی ئەو سەردەمە بوو كە لەچۆمانو حاجی هۆمەران بوو، دەبوو هەرچی لەو شارانەوە دەڕوات بۆسەركردايەتی، بەقەڵادزێدا تێپەڕ كات.

جگە لەڕێبواران، هێزەكانی پێشمەرگە، جەماوەریی شارەكانی سلێمانیو كەركوكو ناوچەكانی تر زۆريان روويان لەقەڵادزێ كردبوو، خەڵكی قەڵادزێو ئاوايەكانی دەرگای ماڵەكانيان لەسەر پشتبوو بۆ ئەو جەماوەرە ئەو بەخشندەيیەی لەدەست خەڵكی ئەو ناوچەيە دەهات كەم وێنە بوو.

ڕۆژی ٢٣ - ٤ - ١٩٧٤ دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە كە ڕژێمی داگیركەری عیراق بۆردومانی شاری قەڵادزێو زانكۆكەی دەكات، بانگەوازەكانی زانكۆ پەيتاپەيتا لەڕاديۆی دەنگی كوردستانەوە بڵاودەكرايەوە، داوايدەكرد خوێندكارانو مامۆستايان پەيوەندی بەزانكۆوە بكەنەوە لەقەڵادزێ.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەش ئۆرگانەكانی حزبو شۆڕش لیژنەيەكی تايبەتيان دامەزراندو ئاگاداری خەڵكيان كردەوە كە جێگايی ئامانجەكانی دوژمن چۆڵ كەن بچنە دەرەوەی شار، بەڵام زۆری خەڵك گوێيان پێ نەدا.

ئێوارە لەگەڵ هاوڕێكان سەردانی خوێندكارەكانمان كرد لەهۆڵی (انحساری توتن) كە هۆڵێكی گەورە بوو، بەجەمالۆن دروست كرابوو لەتەنيشت قايمقاميەت. خوێندكارەكان لەو هۆڵە دەحەوانەوە شەهیدان (سۆران سەڵتەو ئازاد و محەمەد سامسام) هەرسێكيان پێكەوە بوون، وتم لەگەڵ ئێمە وەرن لێرە مەبن، وتيان تازە ئەمشەو لێرەین بەيانی زو هەڵئەسین، ئەوەبوو هەڵنەسانو بۆ هەتاهەتايە خەبەريان نەبۆوە.

شەو لەماڵی خوالێخۆشبوو ئيبراهيم خدر ميران كە كادرێكی تێكۆشەری حزب بوو ماينەوە كە لەخانووی مامۆستا فوئاد حەمەلاودا بوو. بەيانی هەستاين چوينە چايخانەی (قادر) كە تێكۆشەرێكی كۆمۆنيست بوو، لەبەر قەرەباڵغی جێمانهێشت، چووينەوە بارەگای حزب كە بەرامبەر مزگەوتی خانەقا بوو.

گەيشتينەوە حەوشەی بارەگا، فڕۆكەی سیخۆ گەيشتە سەر قەڵادزێ، گرمەو تەقينەوە تێكەڵ بوو، قيامەت هەڵسا، دۆشكەی سەرقەڵاكە دانرابوو بۆ پارێزگاری شارەكە عەدد دۆشكەكە چوبووە ماڵەوە. لەچەند چركەيەكدا شارەكە خڵتانی خوێن كرا، بێبەزەيیانە ناپاڵمو تی ئێن تی شارەكەيان هەژاند، شارە جوانو بەخشندەكەی قەڵادزێ، مەڵبەندەكەی فەقێ ئەحمەدی دارشمانەو شێخ فەرخو خوشكە سنەوبەر لەهەر چوارلاوە دوكەڵو ئاگری لێ بەرز دەبۆوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قوتابخـانەی ئـاسۆس كە گەورەتـرین خوێنـدنگابوو لەو شـارەدا لەگەڵ زەوی ڕێكبـوو و چـوو بەزەویـدا، سـەرۆكایەتی زانكـۆو بازاڕو ئوتێلو چایخانەكەی قادر پڕبوون لەبۆنی خوێن، بۆ كرۆزی خێزانە هەشت كەسیەكەی فەتحی ڕەسام، خوێنـدكارەكانی ئینحسار، پیادەڕێكانی ناو بازاڕ، زیرەی منداڵ، هاواری ژنان، گەرەكی كارەبا، ماڵەكەی شەوی ئێمە تیا خەوتین، خوشكە ناكامەكەی مامۆستا فوئـاد، جەستەی لەتـوپەتی قوبـاد، كـوڕە جـوان خاسـەكەی حەسـەن حـاجی مەحمـود، دەیـانوت دەیـان شەهیدی تر بوونە خۆراكی ئەژدیهاكەی بەغدا.

ڕۆژی ٤ - ٤ - ١٩٧٤، كارەسـاتێک بـوو كە هەرگیـز لەبیرنـاچێ، بـۆیە جـارێكی تـر بـۆ ئەو یـادە لەڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ نەوەكـانی شۆڕشـی نـوێ بەڕابەری مـامی ڕەمـزی نەتەوەو (ی.ن.ک) ڕاپەڕیـن بەڕووی داگیـركەری بەعـسو چڵكاوخۆرەكـانی، ڕاپەڕیوان بەرەو گڵكۆی شەهیدان بەدەنگی مردن بۆ داگیركەرو سەركەوتن بۆ شۆڕشی نوێیان چڕی، خوشكو دایكی و خێزانی شەهیدان پێشەنگی ئەم ڕاپەڕینە بوون.

دوژمـن تـرس دایگـرت، شـڵەژا، هەمـوو پرنسـیپە مرۆییەكـانی لەدەسـتدا، پەلامـاری جەماوەرەكەیـدا كە زۆربەیـان شـێرە ژنو منداڵانی بەچكە پڵنگ بوون. دەسترێژی گولە ژمارەیەک شەهیدو بریندارى لێكەوتەوەو ژمـارەیەكیش بەدیـل گیـران، بەئـاگرو ئاسن ڕاپەڕینەكەیان كپكرد. سەرقافڵەو پێشەنگی ڕاپەڕینەكە شێرەژنی قەڵادزێ (سنەوبەر) بوو بەخـوێنی خـۆی سـەركەوتنی بۆ شۆڕشی نوێو سەربڵندی بۆ قەڵادزێو نەتەوە تۆماركرد.

* یاریدەدەری هەڤاڵ سكرتێری گشتی بۆ كاروباری ئایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستانی نوێ - ڕێكەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## زامەکانی قەڵادزێ ئێستاش خوێنیان لێدەتکێ



**ساڵح میراودەلی**

دەزانم و دڵنیام ئەمساڵیش یادی کارەستی ٢٤ی ٤ی ساڵی حەفتا و چوار و راپەڕینی سالی ١٩٨٢ی قەڵادزێ، وەک هەمو ساڵانی دی بە چەند تۆپ قوماش و چەند لیتر بۆیاغێک دەکرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە پێداهەڵدانی میدیاکانی دەسەڵات بەو شارە و هەندێکی دیکەش بە بروسکە و قسە و گفتی سواوی دەسەڵاتدارانی کوردستان، ئەوە ئەو میکانیزمە راستەقینەیە بەردەوام دەیانەوێت کۆستی شارێکی وەکو قەڵادزێی پێبشارنەوە، جارجارەش بەو پڕۆژۆکانەوە کە جارجار لە راگەیاندنی حیزبەکانەوە دەیبینین و دەیبیستین، پەرۆشی دەسەڵات بۆ خەڵکی ناوچەی پشدەر و قەڵادزێ دەردەبڕن و لە سۆنگەی ئەو پەرۆشیەشەوە هەندێ کاری خزمەتگوزاری دەکەن، بە دەیان دەنگ و بە چەندین رەنگ بەخەڵکی ناوچەکەی دەفرۆشنەوە، وەک ئەوەی خەڵکی ئەم دەڤەرە رۆڵ و کاریگەریان ئەوەندە نەبوبێت لەو بارودۆخەی ئێستادا، کە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە دی، یان بایی ئەوەندە قوربانیان نەداوە لەو پێناوەدا، یان دەیانەوێت بەناوی پڕۆژەکانەوە زۆر شتی دی لە فکری ئەو خەڵکەدا بسڕنەوە و کەسیش باسی ئەو هەمو زامانە نەکات.

لەدوای راپەڕینەوە کراونەتە جەستەی شاری قەڵادزێ، لەسەردەستی دەسەڵاتدارانی کوردستان، هەمو ئەو زامانە هیچیان کەمتر نیە لە کارەساتی بۆردومانەکەی ساڵی ٧٤ ئەگەر زیاتر نەبێت، لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بەهەندێک لەو تاوان و پێشێلکاریانە بکەم کە لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا بەسەر ئەم شارەو ناوچەی پشدەردا هاتوە و کاریگەریەکی نێگەتیڤی کردۆتە سەر رەوتی بەرەو پێشچون و گەشەکردنی ئەم شارە، لەڕوی ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی و زۆر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لایەنی تریش، بەشێكی زۆری ئەو كەموكورتیانەی لەو شارە هەن و خەڵكی ناوچەكە بەدەستیەوە گیرۆدەبون، خاڵی هاوبەش و پێداویستی سەرجەم شوێنەكانی دیكەی كوردستانیشە، بەڵام تایبەتمەندیەكە لێرەدایە، كە قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر لەگەڵ چەند دەڤەرێكی تردا، لەدوای راپەرینەوە ئاوەدان كراونەتەوە، كاتێك دانیشتوانەكەی گەڕاونەوە تەنها زەویەكی تەخت بوە و بەس، كەواتە دەبوایە هەر لەدوای راپەرینەوە هەوڵ درابایە یاسایەكی تایبەت بەو ناوچانە دەربكرێت، بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانە ئابوریەكەی و سڕینەوەی سیماكانی وێرانكاری، ناكرێت شارێك یان شوێنێك كە هەرگیز زەرەرمەند نەبوە، بەیەك بەرنامە و ستراتیژ لەگەڵ شارێكی تردا كە تەنها خاشاكەكەی ماوە پلانی بۆ دابنرێت، ئەگەرچی ئەوەش نەكراوە، بەڵام بەدیوە پێچەوانەكەیدا، زۆر زامی تری هاوشێوەی بۆردومانی ساڵی حەفتاو چوار لە جەستەی ئەم دەڤەرە كراوە، كە تائێستاش ئەم زامانە خوێنیان لێدەتكێت، بەگەڕانەوە بۆ مێژویەكی نزیكی ئەم ناوچەیە، بە گەواهی بەشی زۆری دانیشتوانەكەی دەگەینە ئەو راستیەی ئەوەندەی ململانێی دەسەڵات لەنێو حیزبەكاندا، كاریان بۆ مكومكردنی پێگەی جەماوەری خۆیان كردوە، هەرگیز بە نیوەی ئەوەش كاریان لەسەر پرۆژەیەك نەكردوە بۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەم ناوچەیە، بە ماوەیەكی كورت لەدوای راپەڕین و لەژێر كاریگەری سیاسەتی پەنجا بە پەنجا، هەردو حیزبی دەسەڵاتدار هەستان بە زیندوكردنەوەی هەستی چینایەتی و خێڵگەرایی و ناوچەگەرێتی، لەژێر ناوی جیاجیادا، ئەمەش كارەساتی بەدوای خۆیدا هێناو ناوچەكە واتە پشدەر بەگشتی گیرۆدەی شەڕی نێوخۆ بۆوە.

لەو كاتەدا قەڵادزێ و ناوچەكە لەسەرەتای قۆناغی ئاوەدانكردنەوە دابو، هەندێك لەو لادێ و ئاواییانەی بە مەچەكی خەڵكی ناوچەكە خۆی ئاوەدانكرابۆوە، جارێكی دی توشی سوتان و لەناوچون چون، هاوكاتیش وەكو سۆزێكی مرۆڤانە كۆمەڵێك رێكخراوی بیگانە، كە كاری ئاوەدانكردنەوەیان دەكرد، بەهۆی نائارامی ئاسایشی ناوچەكەوە بارگەو بنەیان تێكنا و پرۆژەكانیان گواستنەوە بۆ شوێنەكانی تر، كە تائێستاش ئەو كێشانە بێ چارەسەر ماونەوە و دەسەڵاتی ناوچەكە وەكو كارتێك هێشتویەتیەوە بۆ بەكارهێنانی، لەهەر كاتێكدا گەرەكیان بێت، لەگەرمەی ئەو كێشانەدا بو كە یەكەم چەخماخەی شەڕی كوردكوژی لەم شارەدا دەستی پێكرد و لەوێشەوە لە ماوەیەكی كورتدا ئاگرو دوكەڵی ئەم شەڕە ماڵوێرانكەرە، سەرجەم كوردستانی گرتەوە، هەرچەندە چوار مانگ و نیو پێش، ئەم شەڕەش، لە شاری رانیە شەڕی بزوتنەوەو یەكێتی رویدابو، ئەنجامەكەشی وەدەرنانی بزوتنەوە بو لە كوردستاندا، ئەوان لەو ماوەیەدا لەسەر سنورەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان، كە دەكەوێتە سنوری ناوچەی پشدەر خۆیان رێكخستبۆوە و هێزە پەرتەوازەكەیان لەوێدا كۆكردبۆوە، بە هەڵگیرسانی شەڕی پارتی و یەكێتیش لەو ناوچەیەدا، هەندێك لە هێزەكانی پارتیش بەرەو ئەو ناوچە سنوریانە چوبون، ئەمەش وای لە هەردو لایەنی پارتی و بزوتنەوە كرد، كە بەیەكەوە بەرەیەكی هاوبەشی شەڕ دژی یەكێتی پێك بهێنن، هۆكاری سەرەكی هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیەش وەكو بەرەیەكی شەڕ بۆ چەند هۆیەك دەگەڕایەوە، یەكێك لەوانە كە هاوسنور بو لەگەڵ وڵاتێكی گەورەی وەكو ئێران و دەیانتوانی لەوێوە پێداویستی لۆجستیكیان بە ئاسانی پێبگات و برینداەكانیشیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەكانی ئەوێ، هۆكارێكی تر، هەڵكەوتەی جیۆپۆلۆتیكی ناوچەكە، كە ناوچەیەكی فراوان و شاخاوی بو بۆ شەڕكردن و چەندین هۆكاری تریش، دوای ئەوەی هەردو لا هێزەكانیان ڕێكخستەوە، بە پشتیوانی هێزی تۆپ هاوێژی ئێرانیەكان دەستیان كرد بە هێرشكردن، من وەكو شایەتحاڵێك ڕۆژانە چەندین جار ڕەتڵی راجیمەو تۆپەكانم دەدیتن و دەبیستن، كە هەر چەند سەت مەترێك لە دەوروبەری ئەو گوندانەی ئێمەی دەداو بەشی زۆری ئەو بۆردومانانەش كوێرانە بون و بۆ زیاتر ترس خستنە ناو خەڵک و ئاڵۆزتركردنی دۆخەكە بوو.

لەگەڵ بەردەوامی شەڕ بۆردومانەكان ئنجا زۆر بەخەستی ناو شاریشی گرتەوە، تەنها ڕۆژێكیان زیاتر لە بیست كەس لە سێ خێزان بونە قوربانی كە زوربەیان ژن و منداڵ بون، لەبیرمە ڕۆژێكیشیان بارودۆخەكە تۆزێ ئارامتر بو، بە پیادە لەگەڵ هاو ئاواییەكی خۆمدا هاتمە شار، دوای گەیشتنمان بۆردومان دەستی پێكرد و دوای كپ بونەوەی دۆخەكە، هەواڵی ئەوە هات كە تۆپێک لە پاسێكی بیست و یەک نەفەری داوە و یانزەیان گیانیان لەدەستداوە جگە لە بریندارەكانیش، هەرهەمان ڕۆژ لەناو شاردا چەند قوربانیەكی تریش هەبون، هەمو ئەو قوربانیانەش خەڵكی سڤیل بون، لە نێویشیاندا بەشی زۆریان ژن و منداڵ بون، ئەمانە چەند نمونەیەكی كارو كرداری ئەو دەسەڵاتەیە كە ئێستا حوكمی ئەو شارە دەكەن و فرمێسكی بۆ دەرێژن، كەواتە بە لێكدانەوەیەكی لۆژیكیانە، بەپێی ڕوداوەكانی چەند ساڵی رابردوو لەوە تێدەگەین، كە ئەم دەسەڵاتە لەبری سارێژكردنی زامەكانی ئەم شارە، چەندین زامی تری خستۆتە جەستەی ئەم شارەوە.

ئەوشوێنەی كە زانكۆی تێدابو، لە كارەساتی ساڵی حەفتا چوار بەر ئەو بۆردومانە كەوت و چەندین مامۆستا و خوێندكاری تێدا بونە قوربانی، دوای راپەڕین دەستبەجێ لە لایەن بەرپرسانی ئەو ناوچەیەوە داگیركراو هەركەس بە ئارەزوی خۆی خانوی تێدا كرد، لە جیاتی ئەوە دەكرا بیكەنە شوێنی یادەوەری كارەساتەكانی ئەم ناوچەیەو ئەرشیفی ئەم شارەی تێدا كۆ بكەنەوە،هەر بەوەش نەوەستاونەوە، بەشی زۆری ئەو شوێنانەی كە پێشتر موڵكی گشتی بون و دامودەزگاكانی بەڕێوەبردنی تێدا بوە، هەموی لەلایەن بەرپرسانە وە داگیركراوە، بۆ خۆیان كردونە خانوی نیشتەجێبون و ریزە دوكانیش بۆ كرێ، لە ڕێگەی ئەم نوسینەوە داوا لە خەڵكی تێكۆشەری شاری قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر دەكەم، لە دەرەوە و ناوەوە، كە پشتگیری ئەو كۆمیتەیەی بكەن لە وڵاتی هۆڵەندا بۆ پشتگیری كەیسەكانی ناوچەكە دامەزراوە و كۆمیتەی هاوشێوە دروست بكەن بۆ هاوبەندی لەگەڵ یەكتری و هەوڵدان بۆ بەرزكردنەوەی هەمو كەیسەكانی قەڵادزێ و پشدەر، بۆ دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق و دادگای لاهای نێودەوڵەتی، جگە لەو كارەساتانەی لەسەردەستی ڕژێمی فاشستی بەعس بەسەر خەڵكی ناوچەكە هاتوە، هەروەها ئەو كەیسانەش كە لەدوای راپەرینەوە، لەسەردەستی لایەنە كوردیەكان بەسەر خەڵكی ئەم ناوچەیەدا هاتون، هاوپێچ بكرێن و تاوانبارانی بدرێنە دادگا، ئەوەندە ماوە بڵێم كە بەرپرسانی قەڵادزێ و پشدەر بەگشتی، ئەگەر دڵسۆزی ناوچەكەن و دەیانەوێت زامەكانی ئەم شارە سارێژ بكەن، با بە كردار كار بۆ بنیاتنانەوەی ناوچەكە بكەن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چیدیکـە نەیکەنـە قوربـانی ململانێـی ناسـەردەمیانە. درود بـۆ شـەهیدانی ٢٤ - ٤ - ٧٤ و ٨٢ و سـەرجەم شـەهیدانی کـوردو کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٦ی مەی ٢٠١٢




١٩٨٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شار لە نێوان تراژیدیا و بەرهەمی تراژیدیا



پێشەوا کاکەیی

با لە بری یادکردنەوەی ٢٤ - ٤ لە پرۆسەیەکی تراژیدیاییەوە بیگۆڕین بۆ پرۆسەیەکی بیناسازی کە سیمای شارستانی ئەو شارە چیتر بەشێوەی نا بیناسازی شار بەرهەم نەهێنێتەوە..با ئەم قاوانە تراژیدیاییە چیتر دووبارە نەکەینەوە.. تاکی کورد هەمووی بەر تراژیدیا کەوتووە جا تراژیدیای ناوەوە بێت یان دەرەوە.ڕوونتر بڵێم مەبەستم لە تراژیدیای ناوەوە ئەوەیە کە زاماکان لەسەر زاری بەرکەوتەکان دووبارە دەبنەوە و تراژیدیای دەرەوەش مەبەستم یەوەیە کە لە ڕێی نووسین و شعر و ڕۆژنامەگەرییەوە دەنووسرێت و دەگێڕینەوە..هاوڵاتیانی شار تێرامانی من بۆ ئەم یادە پڕە لە زام.وەلێ ئێمە دەبێت لە تراژیدیاوە شار بگۆڕین بۆ بیناسازییەک کە تراژیدیا بە جێبێڵێت،وەک تراژیدیای ناوەوە..بۆ ئەوەی تراژیدیای دەرەوە بگۆڕین، پێویستیمانە کە ئەمانە ئەنجام بدەین؛کە-

١- بەراورد بکەین لە نێوان زۆری مزگەوتەکان و هەبوونی یەک کتیبخانە: مەبەست لەوە ئەوەیە کە شار تا ڕۆشنبیر بەرهەم نەهێنێت و خوێنەر دروست نەکات،ڕۆحی شارستانی دەمرێت و بەمەش هاوڵاتی شار بە قەناعەتێکی کەمەوە شار بەرێوە دەبات.

٢- نەبوونی سەنتەری ڕۆشنبیری و توێژینەوە و هۆڵ: نەبوونی شوێنی مۆسیقی شار لە فەرهەنگ کەمدەکاتەوە و بەمەش ڕۆحی مۆسقیمان دەمرێنێت..کێ بەر پرسیارە ئایا ژەنیارانی مۆسیق بەرپرسن یان وەزارەتی رۆشبیری؟ پێویستە بەرپرسە حکەمییەکانی ئەو شارە غەمخۆربن و هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی ژەنیارەنیش لە نۆتەی مۆسیقا نەکەون.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣- كوا بیناسازی شار .كوا شەقام..كوا پارك..لە بیناسازی شاردا ئەگەر شار ناوی بوونی شەقام نەبوو ناچێتە ناو شاربوونە،كوا بازاڕ سیمای بازار نابێت بەو شێوەیەبێت،ترشیات فرۆش و ئاسنگەر لەتەنیشت یەكبن. پێویستە سەرۆكی شارەوانی لیژنەیەك پێك بێنێت بۆ ڕێكخستنەوەی سیمای بازار.

٤- دەبێت ئەمشارە ناوی شەقامەكانی بۆ دابندرێت، دوور لە بیری حیزبی و عەشایری..با سەرۆكی شارەوانی ناوی شەقامەكان دابنێت لە مێژوو نووس و شاعیرەگەورەكان و لە دەوڵەتی مادەوە تا ڕاپرینی ١٩٩١.نەك شەهیدانی شەڕی ناوخۆ ئەوكاتە شار بە ئاراستەی تردا دەچێت.

٥- ئەگەر شار لە سەوزایی بەدوور بوو وە درەخت نەبوو ڕۆحی مرۆڤ بوونی نییە..وە دەبێت شار باغی تێدا بێت و ناوی باغەكانیش بوونی هەبێت، وە شەقامێكیش بە ناوی دایكە ئامینە و سنەبەر بندرێت، وە شەقامێكیش زانكۆوە بندرێت.

٦- پێویست بە بەرپرسان پەرلەمانتار و وتاری بریقەدار ناكات بۆ ئەمشارە.. شار دەبێت،شارەوانی بەرهەمی بێنێت.دەبێت پرۆژەی پێبێت.نەك بەهۆی حیزبەوە پرۆژە پێشێل بكرێت.

شار كاتێك بەرهەم دێت و دەچێتە ناو شاربوونەوە.كە كەرتی پیشەسازی و كۆمپانیا و ڕێكخراو و بوونی هەبێت..زۆر شتی نییە ئەمشارە بۆیە لە ڕووی بیناسازی و فەرهەنگی شارییەوە بە هێچ شێوەیەك ناچێتە شاربوونەوە......تەنها لەرووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە پرۆسەی شار هەیە نەك شاربوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێكەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شێوازەكانی یادكردنەوەی ٤ - ٢٤ دەڤەری پشدەر




سارا فەقێ خدر

كارەسات و راپەرینەكان لە مێژوی هەر نەتەوەیەكدا گرنگی خۆیان هەیە، دەبێ هەوڵبدرێ بەزیندویی بۆ نەوەكان بمێننەوە و ببنە هەوێنی نوێكردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی و پێكەوەژیانی ئاشتیانە، ببنە پاڵنەر بۆ خزمەتكردنی زیاتری وڵات و ئاوەدانكردنەوە و بوژاندنەوە.

لەدوای روداوی بۆردومانی شاری قەلازێ لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ لەلایەن رژێمی دیكتاتۆری عێراقەوە، هەمو ساڵێ خەڵكی ناوچەكە بەنهێنی، بەپۆشینی جلوبەرگی رەش و سەردانی مەزاری شەهیدان، یادی ئەو كارەساتەیان دەكردەوە. تا لە ساڵی ١٩٨٢دا خەڵكی خەباتگێری ئەو شارە و دەوروبەری یادی ئەو كارەساتەیان بەخۆپیشاندانێكی مەزن كردەوە، كە دەكرێ بەشێوازێكی نوێی خەباتی جەماوەری بۆ سەردەمی خۆی لە قەڵەم بدرێ.

ئەو روداوە جارێكی دیكە سەلماندی كە كوشتنی بەكۆمەڵ و ئاگر و ئاسن، چۆك بە خەڵكی دڵسۆز و تێكۆشەر دانادات، ئەوەبو دوای چەندان قوربانی لە شەهید و بریندار و گیراوی خەڵكی مەدەنی، كە ژمارەیەكی بەرچاویان ژن بون، خۆپیشاندانەكە كپكرا! لەو رۆژە بەدواوە، هەمو ساڵێك رژێمی داگیركەر لەپێش خەڵكدا ئامادەكاری دەكرد، بەوەی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا دەبابەی دەناردنە نزیک خوێندنگە ناوەندی و ئامادەییەکانی شار، روی لولەکانی لە دەروازەی قوتابخانەکان دەکرد، لەترسی ئەوەی نەبادا قوتابیانی چاونەترسی شار جارێکی دی خۆپیشاندان بکەنەوە. ئەو دۆخە ئاوا مایەوە هەتا دوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١، ئینجا مۆدێلێکی دیکە لە یادکردنەوەی ٢٤ - ٤ لە کەشوهەوای ئازادیدا پەیدابو، ئەویش دابەشکردنی بو بەسەر هەردو رەنگی سەوز و زەرددا...

لایەنێک دەیویستساڵیادەکە پایزی بکا و مۆرکێکی خەمئامێزی هەبێ، ئەوی دیکە دەیویست بەهاری بێ و شێوازێکی ئاهەنگئامێز لەخۆبگرێ، هەرچەند رۆشنبیر و هونەرمەندانی ناوچەکە بە سەرپەرشتی ئیدارەی پشدەر، ڤیستیڤاڵیان بەناوی (کارەسات و راپەڕین)ەوە سازدەکرد، بۆئەوەی دەربڕی هەردو مێژوەکە بێ، بەڵام ئەم ناولێنانە نەیدەتوانی کێبڕکێ و دژایەتیەکانی زەرد و سەوز کۆتایی پێبێنێ، بێئەوەی گوێ بە هەست و نەستی کەسوکاری شەهیدان و ئامادەبوان و ئامادەکاران بدەن، بەهۆی دەمەقاڵێی نێوانیانەوە.

**چەند جارێک فیستیڤاڵی ئەو ساڵیادە، بە بڵاوەپێکردن و راکردنی خەڵکی دەڤەرەکە کۆتایی دەهات!**

دوای شەڕی ناوخۆ و لەتکردنی هەرێمی کوردستان و پێکهاتنی دو حکومەتی سەوزو زەرد، شێوازێکی دیکەی یادکردنەوەی ٢٤ - ٤ پەیدابو، حکومەتی زەرد لە دورەوە لە هەولێر قەڵادزەییەکانیان کۆدەکردەوە و بەدڵی خۆیان مەراسیمیان سازدەکرد، حکومەتی سەوزیش هەمو ساڵێ بەهاتنی چەند بەرپرسێکی حیزبی یادەکەیان قەرەباڵغ دەکرد، تاوایلێهات خەڵکی ناوچەکە و کەسوکاری شەهیدان لەو رۆتینە بێزاربون و تەمەنی حکومەتیش لەساوایی تێپەڕاند، بۆیە داوای خزمەتگوزارییان دەکرد، ئەم داوایانە پانتاییەکی فراوانیان لە وتار و پێشنیارەکانی نوسەرانی ناوچەکە داگیرکرد کە لەو ساڵیادە دا لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، ئەوجار حکومەت هەرچی پرۆژەیەک کە لەو ساڵەدا تەواو بوبا هی حکومەت با یا هی رێکخراوی خێرخوازی، تەنانەت ئەگەر پێشتریش کرابایەوە، واتە (افتتاح)کرابا، ئەوا لە رۆژی ٢٤ - ٤ دا دوبارە قردێلەی کردنەوەیان بۆ دەبڕی، یان بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکیان دادەنا و لەسەر شانۆی یادکردنەوەکەش، بەڵێنی چەند پرۆژەیەکی دیکەیان بە خەڵک دەدا، بەڵام زۆربەیان تەنیا هەرقسە بون و لەبیردەچونەوە!

ئەم شێوازی ساڵیادە کە بریتییە لە (یادکردنەوە لەپێناوی یادکردنەوەدا)، مەبەستی سەرەکی ژێرپێ دەخا و لە سیفەتە مێژوییەکانی دادەبڕێ، هەمو ئەوسیما نەرێنیانەی ساڵیادەکە وای لە بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکە کردوە، کە لەبەرامبەریدا ساردی بنوێنن، گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە پێویست ناکا چیدی بەرپرسان سەردانی ناوچەکە بکەن و بەڵێنی زەردوسور بەسەر خەڵکیدا ببەشنەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە بەرزنرخاندنی هەوڵی هونەرمەندان و نوسەران و




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆشـنبیران و مامۆسـتایان و خوێنـدکارانی زانکـۆ و قوتابخانـەکان و سـەرجەم توێژەکانـە لـە بـەڕێوەبردنی سـاڵانەی مەراسیمەکەدا، هەر لە سازدانی ئاهەنگ و کردنەوەی پیشانگا و بەستنی کۆڕ و سیمینار و دەرکردنـی ساڵنامەی ڕۆشنبیری و بەیاننامەی تایبەت و سازدانی ڕێ ڕۆیشتنی جەماوەری بۆ سەرگۆڕی شەهیدان و...هتد، هەروەها ئەو چالاکیانەی کە هەمو ساڵێ زانکۆی سلێمانی لەو ڕۆژەدا ئەنجامی دەدات.

مایەی خۆشحاڵییە کە ئێستا زۆرێک لە خەڵکی کوردستان، لە دەلاقەیکی دیکەوە بۆ مەراسیم و بۆنەکان دەڕوانـن، پێیانوایـە گرنگی یادکردنەوەی کارەسات و ڕاپەڕین و بۆنەکان لەوەدایە، کە ببنـە مایـەی خوێندنـەوەی نـوێی مێـژوی نەتـەوە و گەشـەی کـەلتور و خزمـەتی هاوڵاتیـان و خۆشـگوزەرانی و بـەدیهاتنی خـەونی گـەنجان و گـۆڕانی ژیانیـان و دەسـتەبەربونی دادی کۆمەڵایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٢






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٤ - ٢٤ و بەڵێنەکانی حکومەت



**هەرێم حەسەن**

گومانی تێدانی یە لەهەموو ئان و زەمانێکدا قەڵادزێ سەرچاوەو لانکەی دروست بوونی شۆڕش و حزبە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بووە، ئەمە جگە لەوەی خەڵکی دلێری پشدەر بەسەروەت و سامانی خۆیان پشتگیرییان لەو حزب و شۆڕشانە کردووە. سەرەڕای ئەمانەش بەهەزاران شەهیدو خوێنی لەوپێناوەدا ڕشتووەو تادووا هەناسەش دژی هەموو سەرکوتکردنێک و چەوسانەوەیەک بووە.

یەکێک لەو سومبولە دیارو نەبەردانەی ئەو ناوچەیە بۆردوومانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ و ڕاپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ بووە کە بۆ ئەبەد شایانی بیرچوونەوە نییە، ویژدانی مرۆڤایەتی لەئاست ئەو بۆردوومانە دەوەستێت لەبەرامبەر نەمانی دەیان خێزانی وەکو [ئەحمەدی حاجی سابیرو...] شەهیدبوونی چەند کەڵە ژنێکی وەکو [دایکە ئامینەو خوشکە سنەوبەرو...].ئەمەسەرەڕای بریندارو کەمئەندام بوونی دەیانی تر، کەهەندێکیان تاکو ئێستاش بەدەست برینەکەیانەوە دەناڵێنن. هەروەها بۆردوومان کردنی زانکۆی ئەم شارە[ئەوکاتە زانکۆی سلێمانی هاتبووە قەڵادزێ] و شەهیدو برینداربوونی دەیان خوێندکاری تر، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە قەڵادزێ بۆ هەمیشە کایەیەکی مەعریفی بووەو بەتایبەتیش ئەوکات وەک مەڵبەندێکی ڕووناکبیری بەرچاو و دیار لەکوردستان ڕۆڵی بینیوەو بوونیەتی خۆی سەلماندوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەدووای ڕاپەڕینی ١٩٩١ خەڵکی دڵسۆز و خۆڕاگری قەڵادزێ بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوەبن حکومەت ئەوشارە ئاوەدان بکاتەوە [واتا خەڵک خۆیان ئاوەدانیان کردۆتەوە نەک حکومەت]، گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بەڵام چۆن..؟!

ئەوساتەی ئەوشارەیان جێهێشت ئاوەدان و شارێکی تەواو بوو، بەڵام کاتآ هاتنەوە، ئەوشارە بەدڕندانەترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا کرابوو، دوور لەهەموو بەها ئاینی و ئەخلاقی یەکان. هەموو خانووەکانی ئەم شارە بەشۆفڵ و کەل و پەلی وێرانکردن تێک درابوون، تەنانەت ئەو خانووانەی بەمانە بۆیان تێک نەدرابوو[T.N.T]یان لێ دانابوو و تەقاندبوویانەوە.

بۆئەوەی دوور نەکەومەوەو لوببی باسەکە بخەمە ڕوو دووای ئەو هەموو کاولکاری و ڕاگواستن و ..هیتری ئەم شارە وێرانە تەنها لەکاتی یادکردنەوەی ٢٤ - ٤ی هەموو ساڵآ [بەهەمان شێوەی هەڵەبجەو گەرمیان و...] ئەم شارە ستەم لێ کراوەیان بیردەکەوێتەوە. لەسەردانی بەرپرساندا [پێشم سەیرە بێزیان دێت بەو جادە قیرەی دەربەند - قەڵادزێ دا بێن چونکە لەوانەیە مەعیددەیان تێکچێ لەبەر خراپی ڕێگاکە]و لەویادەدا دوو سێ قسەی شیرین و باق و بریقمان بۆدەکەن. کاتێ دەزانن خەڵکی ئەم شارە بریندارەو گلەیی

دەکات، کۆمەڵە بەڵێن و بڕیار دەدەن بێ ئەوەی خاوەنی قسەی خۆیان بن و جێبەجێی بکەن تەنانەت دووای ڕۆیشتنەوەیان لەم شارە نەک هیچی بۆناکەن بەڵکو ناوەکەشان بیر دەچێتەوە.

تکا دەکەم بەسە پەیمانی درۆ خەڵکی قەڵادزێ لەهەموو ئەمانە بێزار بووە. گەنجانی ئەم شارە بەهۆی هاوکێشەی [ درۆ دزی گوێ پێنەدان] کۆچیان نەکرد بەڵکو دەرکران لەم وڵاتەو خۆیان دایە دەست قەدەر. لەکۆتایی دا دەڵێم بایادەکان و بەڵێنەکان چاودێربن بەسەر وروژاندنی ویژدانمانەوە نەبا بکەوینە بۆسەوە لەکاتی بەڵێنەکانماندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لەبیرەوەری راگواستنی قەڵادزێدا



**خالید ئیبراهیم**

**قسەیەک لەسەر کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی پشدەر**

**کۆتایی ئەم مانگە دواقۆناغی جێبەجێ کردنی پلانی هەڵکەندن و راگواستنی پشدەرییەکانە لەسەر زێدی خۆیان، کە بەراگواستنی خەڵکی شاری قەڵادزێ و تەختکردنی شارەکە کۆتایی هات. لەکۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩دا بەمەبەستی ئەوەی ئیدی ئەم زەویە بۆهەتاهەتایە لە رۆڵەکانی خۆی حەرام بکرێت وەک سزایەک بۆ خەڵک و خاکەکەی، لەبەرئەوەی ناوچەی پشدەر و شاری قەڵادزێ لە قۆناغە جیاجیاکانی شۆڕشی کورددا، خاوەنی قوربانی و خزمەتی زۆرە بۆ شۆڕش، بەعسیەکان هیچ چارەیەکیان نەبو بۆ تۆڵەکردنەوە، راگواستن و پەرت و بڵاوکردنی خەڵکەکەی نەبێت.**

**ئێستا قەڵادزێ ٢١ ساڵ تەمەنی خۆی تێدەپەڕێنێ لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا ئەو خزمەتەی پێیکراوە بەبەراورد لەگەڵ ئەو قوربانیەی داویەتی زۆر کەمە و بەچاوی جیاواز لەشارەکانی تر و وەک قەرەبوکردنەوە سەیری نەکراوە، وا بڕیارە لە ٢٦ی ئەم مانگەدا کۆنفرانسێک سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردنی زیاتر بەشارەکە لەبیرەوەری ٢٣ ساڵەی راگواستنی شارەکەدا ببەسترێت. بەندە وەک تاکێکی ئەوشارە کە چاوم تیایدا بەدنیا هەڵهێناوەو لەکوچەکانی و لەدەم چەم و کانیاوەکانی گەورە بوم، گەرەکمە سەرنجی خۆم دەربارەی بیرەوەری و کۆنفرانسەکە بخەمەڕو، ئەزمونی کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ کۆنگرەو کۆنفرانس و سیمینارردا ئەزمونێکی تازەنیە زۆرمان بینیوە کۆنگرەو کۆنفرانسەکان بێجگە لە**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەڵایەکی ئیعلامی و تۆمارکردنی وەک چالاکی تاکێک یان گروپێکی دیاریکراو، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوە لەسەر بەدەستهێنان و پێکانی ئەو ئامانجانەی کۆنفرانسەکەی بۆ دەگیرێت، بەڕای من بەستنی کۆنفرانسێکی وا لەم کاتەدا پێویست نیە لەبەرچەند هۆیەک، لەوانە ...

١- کێشەکانی پشدەر و قەڵادزێ رونن و لەچەندین بۆنەو کۆڕی جیاجیادا ئاماژەیان پێکراوە، کە من دواتر لەچەند خاڵێکدا وەک پێشبینیم بۆ ئەنجام و راسپاردەکانی کۆنفرانسەکە دەیانخەمەڕو.

٢- ماوەی کارکردن و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانسەکە جۆرێک لە پەلەپەلی پێوە دیارەو یەکەم کۆبونەوەی ئامادەکاری لە رۆژی ١٠-٦- ٢٠١٢ کراوەو کە تەنها نزیکەی دو هەفتە پێش بەستنی کۆنفرانسەکەیە. بەستنی کۆنفرانسیکی ئاوا بەمەبەستی گەشە پێدانی ناوچەیەکی فراوانی وەک پشدەر، دەکرا لانیکەم لەدوای نەورۆزەوە کاری بۆ کرابایەو خەڵکی شارەزاو تایبەتمەند رابسپێردرایە بۆ توێژینەوەو دیاریکردنی گرفتەکان بەوردی و خستنەڕوی چارەسەری پێویست بۆیان. پێشبینیم بۆ ئەنجام و راسپاردەکانی کۆنفرانسەکە:

پێش هەرشتێک دوبارە پێداچونەوە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی نەخشەی دایک، بنەڕەتی (ماستەرپلانی قەڵادزێ) بەپێی لێدوانێکی سەرۆکی شارەوانی قەڵادزێ، ئەم ماستەرپلانەی ئێستا سەرئێشەیەکی زۆری بۆ دروستکردون، چونکە کەموکورتی زۆری تێدایە، بەوپێیە بێت کاریگەری دەبێت لەسەر جێبەجێ کردنی هەر پرۆژەیەک لەهەر بوارێکدا بێت لەماوەی ٢٥ ساڵی داهاتودا.

١- لەبواری رێگاوباندا بەدو سایدکردنی رێگای نێوان ژاراوە دەربەند، چونکە بۆتە رێگای مەرگ و ساڵانە کارەساتی زۆری تیادا رودەدات.

٢- لەبواری گەشتوگوزاردا کردنەوەی ئوتێلێک بۆ میوان و گەشتیاران، چونکە تائێستا ئەم شارە ئوتێلکی گەشتیاری نیە. هەروەها کردنەوەی مەلەوانگەی داخراو لەبەرئەوەی ساڵانە گەنجان و مێردمنداڵان لەئاوی زێدا و لە چاڵی حەفارەکانی چەو و لمدا دەخنکێن. گواستنەوەی صناعەی گردی حوسنی و کردنی بەپارکێکی شایستەی خێزانی. داپۆشین و جیاکردنەوەی زێرابەکانی خانەقا و شەهیدان و گربداخ و راپەڕین بۆ ئەوەی تێکەڵ بەئاوی چۆمی ناوشار نەبن و رێکخستنی ئاوەکە و دەوروبەرەکەی، تا ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری و خەڵکی ئەو دەوروبەرەش لەبۆگەنی و پیسی زێرابەکان نەجاتیان ببێت، بەتایبەت هاوینان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣- لەبواری بازرگانیدا، بەرەسمی ناساندنی مەرزی كێلێ وەك خاڵێكی بازرگانی و هاموشۆی نێودەوڵەتی و قەناعەت پێكردنی ئەوانە كە لەبەغدا یان لەهەولێر رێگرن لەم بابەتە. پێم باشە لێرەدا هەڵوەستەیەك بكەم، مایەی تێڕامانە ماوەیەك لەمەوبەر سەرۆكی حكومەتی هەرێم دوای دەستبەكاربونی سەردانی توركیای كرد و لەراگەیاندنەكاندا بڵاوكرایەوە، كە هەرێم و توركیا لەسەركردنەوەی دو خاڵی تری سنوری لەنێوانیاندا رێككەوتون. حەقی خۆیەتی لێرەدا بپرسین بۆ لەولا وابەخێرایی دوخاڵی تر دەكرێنەوە بەس لەم لا مەرزی كێلێ دانپێدانانی قورسە.

٤- لەبواری ئاو و كارەبادا: ئەمانە دو بابەتی حەیاتی پێویستی رۆژانەی خەڵكن. پشدەر هەر چواردەوری كوێستان و كانیاو و روبارە كەچی رۆژانە ٤٠ دەقیقە تاكو یەك سەعات، ئاو رۆژێك نارۆژێك بۆ ماڵەكان دێت. بۆیە پێویستە ئەو كۆمپانیایەی پرۆژەی ئاوی خاس جێبەجێ دەكات دوای ئەوەی دو ملیاردینارەكەی درایە، ناچاربكرێت و چیدی لێی قبوڵ نەكرێت پرۆژەكە دوا بخات و لەكاتی خۆیدا تەواوی بكات .

كارەبای قەڵادزێ بەبەراورد لەگەڵ شارەكانی تردا تایەتمەندی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە بەشی زۆری گەڕەكەكان ڤۆڵتاجی بەهێزكردن بەكاردێنن ئەگەرنا سودی نیە لەبەرلاوازی تەزوەكە. چارەسەرەكەشی ئەوەیە كە پێش ١٥ - ١١ - ٢٠١٢ هەوڵبدرێت لەرێگەی وەزارەتەوە كۆمپانیای جێبەجێكار ناچار بكرێت پێویستییەكانی وێستگەی ١٣٢ كەی ڤی دابین بكرێت، ئەگەرنا زستانی داهاتو حاڵی كارەبا زۆر لەزستانی رابردو شڕتردەبێت و خەڵكی بێ كارەبا دەبن (ئەمە قسەی بەڕێز بەڕێوەبەری كارەبای قەڵادزێیە لەكاتی سەردانماندا بۆ وێستگەكە).

٥- لەبواری رۆشنبیری و هونەری و وەرزشدا: بەهۆی ئەوەی كتێبخانەی گشتی قەڵادزێ كەوتوەتە ناوچەیەكی لاچەپەك و بەبیانوی نەبونی زەوی پێویست لە سەنتەری شاردا بەشی زۆری خوێنەران و كتێبخانە توشی دابڕان و دوركەوتنەوەبون لەیەكتری، بۆیە پێویستە لەبەرامبەردا بیرلە ماڵێكی رۆشنبیری هونەری بكرێتەوە وەك جێگرەوەیەك بۆ ئەو بۆشاییەی كە هەیە، ئەم ماڵە هونەرمەندان و رۆشنبیران كۆبكاتەوە شوێنی بەیەك گەیشتن و گفتوگۆو چالاكیە رۆشنبیری و هونەرییەكان بێت. هەروەها دروستكردنی مۆنۆمێنتێكی یادەوەری بۆ ئەرشیفكردن و هەڵگرتنی دۆكۆمێنت و پاشماوەكانی رابردو لەكارەسات و راپەرینەكان و شەهیدانی ناوچەكە و شوێنەوارە دێرینەكانیش مۆزەخانەیەكیش بێ بۆ نیشاندانیان. بۆ منداڵانیش ئێستا یەك كازیوەی چالاكی منداڵان هەیە كە سەرەڕای نەگونجاوی بیناكەی قەرەباڵغیەكی زۆری لەسەرە و توانای لەخۆگرتنی ئەو رێژە زۆرەی منداڵانی نیە، بۆیە پێویستە دو كازیوەی تری منداڵان لە سەنتەری شارو گەڕەكی راپەڕین بكرێنەوە. لەبواری وەرزشیدا بەشی زۆری گەڕەكەكانی قەڵادزێ پێویستیان بە ساحەی داخراو و مەلەوانگە هەیە. وەك گربداخ هەنارۆك خانەقا مام قاسم شەهیدان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٦- لەبواری پەروەردەو خوێندانـدا قوتابخانە هەیە ٦٥ قوتـابی لەیەک پۆلی خوێندندایە، بیهێنـنە بەرچـاوی خۆتـان وانە گوتنەوە لەم پۆلەدا چ واتـایەک و بەرهەمێکی هەیە؟ پێویستە بینـای زیـاتر بـۆ نـاو شـار دروستبکرێت و بینـا کۆنەکـان و ئەوانە یەک قـات (هەرمـێن دابـان ئـالا) بەزوی بودجەیەکیـان بـۆ تەرخـان بکرێـت و بەشـێوازێکی نـوێ و فراوانتـر دروستبکرێنەوە. باخچەی ساوایان بۆ گەڕەکەکانی خانقاو گربداخ و هەنارۆک و شەهیدان بکرێتەوە .

٧- لەبواری کشتوکاڵ و ئاودێریەوە، هەردو بەنداوی بەلک و دەڵگە کە ئەمەی یەکەمیان دەگوترێت لەسەردەمی پاشایەتیەوە بیـر لەدروسـتکردنی کـراوەتەوە، بەدروسـتکردنی ئەم دو بەنـداوە بەشـی هەرەزۆری زەویە دێمییەکـانی نـاوچەی پشدەر بەراو دەبن و بواری کشتوکاڵ و گەشتیاریش لەناوچەکەدا قەڵەمبازێکی گەورە دەهاوێت بۆ پێشەوە، شـایەنی بیرهێنـانەوەیە پێش راگواسـتن و لەنیـوەی دوەمـی سـەدەی رابـردودا بژێـوی بەشێکی زۆری خەڵکـی نـاوچەکە لەسـەربەرهەمی تـوتن بـوە و تـوتنی پشدەر کوالێتیەکی باشی هەبوە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان .

بەجێبەجێکردنی ئەم خـاڵانە بەشی هەرەزۆری گرفتەکـانی نـاوچەی پشدەر چارەسەردەبن، ئەگەر هیممەت و نیەتـی بـاش و مشورخۆری باشی هەبێت و پێویست بە گرێدانی کۆڕو کۆنفرانس و خەرجکردنی پـارەو سەرقـاڵکردنی کۆمەڵێک کەس ناکـات، لەبەرئەوەی گرفتەکان رونن و دەمێکە دەگوترێنەوە و لەچوارچێوەی دروشم دەرنەچون. لەکۆتـایدا پێم باشە ئـامـاژە بەخـاڵێک بکەم کە لەم نوسینەمدا بـاسی نـاحیەو گونـدەکانم نەکـردوە لەبەردو هـۆ، یەکەم ئەو پـڕۆژانەی بـاسم کـردون بەشی زۆریـان پڕۆژەی ستراتیژین و راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەریان بۆ سەر گونـدەکانیش هەیەو سودمەندن لێـی. دوەم لەم وتـارەدا ناتوانریت زۆر بەوردی بچیتە نـاو وردەکاری کێشەکانەوە، هەروەک لەپێشتر باسمکرد بەدواداچون و تـوێژینەوەی وردی دەوێـت و لەبەر ئەوهۆیەش، من کۆنفرانس لەم کاتەدا بەپێویست نـازانم.

سەرچاوە: ماڵپەری قەڵادزێ - رێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لەیادی بۆردومانی قەڵادزێ کارەسات و راپەڕین و.... قسەیەکی دی




شەپۆل فەتحی کەریم:

قەڵادزێ، خەم و ئازارە

قەڵای سوری شەهیدانە...

هێماو رەمزی بەرخودانە

سرودی دەم نەوەکانە

بۆردومانی قەڵادزێ لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ ناپاڵمی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی رووداوێکی بێ وێنەو کارەساتێکی خوێناوی بوو بەعسیە فاشستەکان چنگی خوێناویان لێ گیرکردوو کردیانە مەیدانی تاقیکردنەوەی بەهێزترین فڕۆکەی مەرگ بارین و سامناکترین بۆمبی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی.

دەستپێکی جینوسایدکردنی گەلی کوردستان بوو بۆ تواندنەوە و داگیرکردنی خاکەکەی.

لە ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ خوێنی بەناهەق رژاوی شەهیدانی ١٩٧٤ لەدەماری شێرە ژنان و کوڕانی (قەڵادزێ) کەوتەوە جووڵەو بەخوێنێکی گەشترو ئاڵتر رێز لەشەهیدانی بۆردومانەکەی قەڵادزێ گیرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

راپەڕینی ساڵی ١٩٨٢ بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی کارەساتەکەو بەرنگاربوونەوەی زوڵم و ستەمی بەعسیەکان، بەپێی بەرنامەیەکی نەخشە بۆکێشراو لەلایەن قوتابیانی ئامادەیی قەڵادزێ بەبێ جیاوازی بیروبۆچونی سیاسی ( کۆمەڵەی رەنجدەران ، حزبی شیوعی ، پارتی، سیوشیالست) نەخشەکەی دانرا، شێوە تێکۆشانێکی جەماوەری نوێ و وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لەو سەردەمە بۆ بۆ پشتیوانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دژی رژێمی شۆڤێنیزم و رەگەزپەرستی بەغدا.

سنوردانان بوو بۆ رووبەڕووبونەوەی نەخشەو پیلانە ژەهراویەکانی، بۆردومانی قەڵادزێ و یادی قوربانیەکانی کرایە بۆنەی رووبەڕوبونەوەی سیاسەتی سێکوچکەی رەگەزپەرستانەی ( تەرحیل، تەبعیس - تەعریب) کەبەپێی بەرنامەیەکی ووردو حسابکراو دژی گەلی کوردستان رۆژانە بەرێوەی دەبرد، گوندیەکانی دەگواستەوە، گوندەکانی دەسوتاند وێرانی دەکردو هەڵمەتی رەشبگیری و گوللە بارانکردن و پاکتاوی رەگەزی.. بەشێوەیەکی مەترسیدار درێژەی هەبوو.

خۆپیشاندنی خەڵکی قەڵادزێ و رژانی رق و توڕەیی لە ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ لەو سەردەمەی (بەعس) و پیاوەکانی لە لوتکەی بەهێزی و دەسەڵاتی ملهوڕی دابوون، دەنگی زەنگێکی مەترسیدار بوو و پەیامێکی رون و ئاشکرا بوو بۆ رەتکردنەوەی دەسەڵاتی بەعسیەکان لە کوردستاندا لەماوەیەکی زۆر کورتدا بۆ پشتیوانی لەراپەڕینەکەی هاوسۆزی خەڵکی کوردستان، زۆربەی شارو شارۆچکەکانی گرتەوە.. بۆیە من پێشنیار دەکەم یادی راپەڕینە پڕشکۆکەی قەڵادزێ خوێندنەوەی تایبەتی و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکرێت ئەم شێوە یادکردنەوە راگوزارانەی کە دەچێتە کۆمەڵێک جموجوڵ و چالاکی و چەند رۆژێک دەخایەنێت، دووایی کەس ئاوڕی لێناداتەوەو لەبیردەچێتەوە، بەڕای من گرنگە بۆردومانی قەڵادزێ و یادی راپەڕینەکەی وەک دوو بۆنەی جودا یان هەر جۆرە شێوازێکی تر کە دەربڕی کارەساتەکەو راپەڕینەکە بێت. یادبکرێتەوە بۆ ئەوەی یادی راپەڕینە مەزنەکەی ساڵ (١٩٨٢) کە لەسەردەم و قۆناغێکی هەستیاری مێژوویدا ئەنجامدرا بەرامبەر دڕندەترین دەسەڵاتی فاشستی ئەم سەردەمە قەوارەی خۆی پێ بدرێ و لەمێژووی سەروەریەکانی گەلی کوردستان تۆمار بکرێ....

ماوەتەوە بلێم پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی و رەسمی بیر لە دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی گونجاو بکەنەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزانی شەهیدان لەساڵی (١٩٧٤) و شەهیدانی (١٩٨٢) ی راپەڕینەکە، راگواستنی پشدەر لەساڵی (١٩٨٩)، گرنگە نییە قەربوو کردنەوەکە رەمزی بێت یان مەعنەوی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تاوانی ٣٤ - ٤ لە شیکارێکی یاساییدا



عوسمان عەلی وەیسی

نەتەوەی کورد، پێکهاتەیەکی مرۆییە کە لە ژمارەو رووبەری زەوی و سامانی ولاتەکەی و هێزی جیۆسیاسی و جیۆپۆلەتیکی چوارچێوەی گشتی خاکەکەی، لە زیاتر لە هەشت یەکی دەوڵەتانی ئەمڕۆی جیهان بە هێزترە، بەلام لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتی ئەو کەسایەتیە دەولییەی نییە کە خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی بێت و بتوانێ لە بەردەم دەستەو دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگا نێودەوڵەتیەکان داوای دادپەروەری بکات، بۆیە لە روانگەی ئەم یاسایە وجودی نەتەوەی کورد وەک تاک و گروپ و کۆمەڵی نەژادی هەیە لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو ملکەچی یاسای ئەم دەوڵەتانەن ، تەنانەت نەتەوەی کورد ناتوانێ لە بەردەم لیژنە یان یەکە یان ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نوێنەرایەتی خۆی بکات، ئەگەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان کێشەکەی نەگەیێنێتە بەردەم ئەو ناوەندانە.

کەواتە چەمکی مافی چارەنووس، کە لە بنەڕەتدا مافێکی گشتی گەلانە، لە روانگەی تاکەوە لە عورفی یاسای نێودەوڵەتی تەماشای دەکرێت، چونکە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان بوونی ئەم مافە لە سەرئاستی سروشتی و ئاسایی کە لایەنی تیۆرییە، وە لە نێوان دەرفەتی بە کارهێنانی و ئارەزوو خواستی پیادەکردنی، ئەم پرسەیەش زۆر لایەنی میسالی و مۆڕاڵی هەیە وە لەسەر ئاستی ماف و ئاستی سیاسیش دەوروژێنی، لایەنی میسالی و ئەخلاقی نموونەی بالایە لە عەدالەت و یاسای سروشتی و لایەنی ماف ئەوەیە کە یاساو عورفی دەولی باسی دەکات و وەلامەکانیش تا بە ئەمڕۆ دەگات لە سەر ئەم پرسە



https://serchawe.com

جیاوازن.

هەربۆیە لە رووی سروشتییەوە دەڵێین کە نەتەوەی کورد یەکەو یەک نیشتیمانی هەیە، کوردستان سەرەڕای دابەشبوونی سیسی و کورد وەک هەر نەتەوەیەکی تر مافی چارەنووسی هەیە، ئەم مافە ئەبەدییە قابیلی سازشکردن نییە، هیچ مرۆڤێکی کورد یان حزبێک یان نەتەوەیەک ناتوانێ واز لەم مافە بهێنێ یان لێی کەم بکاتەوە لە سەر حیسابی نەوەکانی ئایینده... وە هیچ لایەنێکی غەیرە کوردی دەوڵەت بن یان کۆمەڵە دەوڵەت ناتوانن نەتەوەیەک لەم مافە بێبەشبکەن بە ناوی یاساو دەشتوور یان بە هێز،بەڵکو مافێکی سرووشتییە لە سەر رووی زەوی و خەبات بە شێوازی جۆراو جۆر بۆ بەدیهێنانی بەردەوام دەبێت تا لە دەرفەت و پێشهاتەکان بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەرفەت دەبینێ.

لە لایەکی تر، مرۆڤایەتی لە کۆمەڵێک بەهاو مافی بەیەکەوە گرێدراوی گشتی هاوبەشن کە پێشێل کردنی هەر یەکێکیان پێشێلکارییە بەرامبەر رێسایەکی بەرکاری یەکی لە رێساو پرینسیپەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، خۆ ئەگەر تاوانی نێودەوڵەتی لە چەشنی ئەوانەی کە ئەم یاسایە ناساندوونی ئەنجام بدرێت ئەوا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەسەرەو، یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی رێوشوێنی دادگاییکردن و جێکەوتەکانی تری داناوە، ئەگەر لایەنی قوربانی خودان دەوڵەتیش نەبێت.

دەرئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی زۆر بێ رەحمانە و زاڵمانە ، دوور لە پرنسیپە یاسایی و ئاینیەکان جەستەی کوردی پارچە پارچە کرد ، کە تیایدا بەرەی رۆژئاواو بە پێچەوانەی گوتاری چواردە خاڵی مافی چارەنووسی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وێدرۆ وڵسن و بەبێ رەچاوکردنی رۆحی پەیماننامە و عورفە نێودەوڵەتیەکان و بەبێ رەچاوکردنی پرنسیپی نەتەوەکان (مبدا القومیات) و بەبێ رەچاوی رێسا و جوانی بەها ئایینیە ئاسمانیەکان بەتایبەتی (مەسیحی و ئیسلام) و بەبێ رەچاوکردنی پرنسیپە ئەخلاقیەکانی مرۆڤایەتی و بێ گوێدان بە بەڵێن و پەیمانەکان، ئەم چوار مێخەکیە بۆ کورد و خاکەکەی نەخشە رێژ کراو پیادەکرا.

لە بەرامبەر ئەم زوڵمە مێژووییەدا، کورد بەرگری لە مانەوەی خۆی کرد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی دەستی پێ کرد، لەم ناوەشدا کە شۆڕشی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان (ئەیلول) پێی نایە قوتاغێکی نوێ و رژێمی بەعسی فاشی ناچارکرد بۆ خواستەکانی ئەو قۆناغە مل بدات، کە رێککەوتننامەی ئازاری لێکەوتەوە. بەلام دوای گۆڕانی باری دەولی و سەقامگیربوونی عێرا ق و زیادبوونی داهاتی زۆری نەوت و هێنانە ئارای تەماحی دەوڵەتانی دەوای و ئیقلیمی، رژێمی بەغدا گەیشتە ئەوپەڕی سەرسەختی و بێمنەتی و خۆسەپاندنی تاک لایەنە لە شوباتی ١٩٧٤ دەستی بە شەڕکردجەوەو لە ١



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ٣ - ١٩٧٤ەوە كورد بە ناچاری و بێ رەحمانە كەوتەوە بەرشالاوی سەربازی هێزی دڕندەوە نابەرابەری داگیركەرو شەڕی پێشمەرگەو بەعسی رووخاو دەستی پێكردەوە.

٢٤ - ٤ دەستپێكی پڕۆسەیكی فراوانی تاوانی نێودەوڵەتی بە ئاگادری و لە پێش چاوی كۆمەڵی نێودەوڵەتی و رێكخستنی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەووڵەتی، چێشتەنگاوی رۆژی ٢٤ - ٤ فڕۆكەكانی عێراق شاری قەلادزێیان بە چەكی قەدەغەكراوی نێودەوڵەتی بۆمباران كرد كە زیاتر لە ١٣٢ شەهید و زیاتر لە ٤٠٠ برینداری لێكەوتەوە كە سەرجەم قوربانیەكان لە ئافرەت و منداڵو خەڵكی سیڤیلی شار بون تاكە زانكۆی كوردستان كە لە باوەشی شۆڕشدا درێژەی بە زانست دەدا كەوتە ژێر پەلاماری چەكی كۆمەڵكوژی قەگەغەكراو، كریس كۆچێرا دەڵێ بۆ یەكەمین جار فڕۆكەی تۆپ هوێژی تۆپۆلۆف، كە زیاتر پێدەچوو لە لایەن فڕۆكەوانانی سۆڤیەتەوە لێ بخوڕێن، لە ئاسمانی كوردستاندا بە دیار دەكەوتن و فڕۆكەوانانی عێراقی شاری قەلادزێیان بۆردومان كرد كە دوای دوو رۆژیش ٢٦ - ٤ شاری هەڵەبجەیان بۆردومان كرد كە ٤٣ كەس شەهید بوون و لە ٢٩ - ٤ - ١٩٧٤ یش پردی گەلاڵەیان بۆردومان كرد كە ٢٩ كەس شەهید بوون.

رژێمی بەغدا پڕۆسەیكی لە ناوبردنی خەڵكی بێ چەک و بەشدارنەبوو لە شەڕی دەست پێكرد،جەنگ یان هەر ململانێیەكی چەكداری پەیوندیەكان و جێكەوتەكانی یاسایەكگی تایبەت رێكی دەخات، ئەم چوارچێوەیە لە نێوان لایەنە بە شەڕ هاتوەكان لە لایەک و لە نێوان لایەنە بە شەڕ هاتووەكان و لایەنەكانی بەشدارنەبوو لەو ململانێیەدا لە لایەكی ترەوە.

لە گرنگترین پرینسیپە یاساییەكان لەم بوارەدا، لە چوارچێوەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتیدا، بریتیین لە:

١- دەبێ ئامرازەكانی جەنگ و رێوشوێن و رێوشوێنی ئیدارەكردنی جەنگ لە لایەن لایەنە بەشەڕهاتووەكان سنووردار‌بێت.
٢- بەكارنەهێنان و رێگە گرتن لە ئامرازی بەربەریانە لە جەنگدا.
٣- پاراستنی هاوولاتیانی سیڤیل و بەشدارنەبوو لە جەنگدا.
٤- رێگە گرتن لە زیانگەیاندنی زۆرو بەردەوام بە سروشتی ژینگە و شوێنە پیرۆزەكان و ناوەندەكانی رۆشنبیری و بێ چەک و یەكە مەدەنی و خزمەتگوزاریەكان.
٥- رێكخستنی حاڵەتی بێلایەنی و مانەوەی دەوڵەتانی بەشدار نەبوو لە جەنگدا بە بێلایەنی.
٦- حەتمیەتی دادگایكردنی ئەنجامدەرانی پێشێلكاری یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و گرتنە بەری هەموو رێوشوێنێک بۆ بەتاوان ناساندن و لێكۆڵینەوەو سزادانی ئەنجامدەرانی و دیاریكردنی بەرپرسیارێتی و بەدواداچوونی جێكەوتەكانی ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تاوانە لە بارەی مافی قوربانیانەوە.

بەڵێننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بایەخی بەرچاوی داوە بە پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و ئازادیە سیاسیەكان، وە ڕێگە بە دەوڵەت نادات لە ژێر چەتری سەروەری دەوڵەت پێشێلكاری و تاوانیان بەرامبەر ئەنجام بدرێت، دواتر چەندین ڕێككەوتننامەو بڕیارواگەێنراو هەیەكە ڕێگە لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاونی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی قڕكردن(جینۆساید) دەدات لەوانە:

- جارنامەی سانت بترسبۆرگ بۆ قەدەغەكردنی بەكارهێنانی چەند جۆرێكی دیاریكراو لە گوللەو مووشەك لە كاتی جەنگدا لە ساڵی ١٨٦٨.
- ڕێككەوتننامەی لاهای بۆ ڕێزگرتنی یاساو داب و نەریتەكانی جەنگ لە ووكاییدا لە ساڵی ١٨٩٩.
- ڕێككەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و سزادان لە سەری كە كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵە ١٩٤٨دا ئەنجامیدا.
- ڕێككەوتننامەكانی ژنێڤ لە ١٢ی ئابی ١٩٤٩ بە تایبەت چوارەمیان كە تایبەتە بە پاراستنی خەڵكی مكەدەنی لە كلتی جەنگدا، هەروەها پاراستنی تایبەت لە هەرچوار ڕێككەوتننامە و پرۆتۆكۆڵی یەكەم و دووەمی ١٩٧٧ بۆ ئافرەت و مندالان.
- ڕێككەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٥٤ كە تایبەتە بە پاراستنی شوێنە كو لتوریەكان و رۆشنبیریەكان لە كاتی جەنگدا.
- برۆتۆكۆڵی یەكەم و دووەمی ساڵی ١٩٧٧ كە تایبەتە بە پاراستنی دانیشنوانی هاولاتی لە كاتی ناكۆكی چەكداری نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتیدا.
- ڕێككەوتننامەی ڕۆمای تایبەت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٩٨.

**سەرەرای ئەم ڕێككەوتنانە، كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان چەند بڕیارێكی دەركردووە لە وانە:**

- بڕیاری ٣١٠٣ لە ١٢ - ١٢ - ١٩٧٣ تایبەت بە مافی گەلان بۆ خەباتی ڕەوایان دژی دەوڵەتانی ئیستیعمارو ڕەگەزپەرست و فاشی ،وە بڕیاری ٢٦٢٥ كە دووپات دەكاتەوە هەر پلانێك بۆ لەیاربردنی ئەو خەباتە لە گەڵ یاسای نێودەوڵەتی ناكۆكەو پەلامارو هێرە بۆ سەر ئاشتی و تەنایی نێودەوڵەتی، هەر بۆیە ئەو ەناكۆكیەی كە بزوتنەوەویەكی خەباتگێڕی گەل دەیكات ناكۆكییەكی نێودەوڵەتییەو، ڕێككەوتننامەكانی ژنێڤ و پرۆتۆكۆڵی یەكەمی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.
- ڕاگەیاندنی تایبەت بە پاراستنی ئافرەت و منداڵ لە حاڵەتی لە ناكاوو ناكۆكی چەكداری ساڵی ١٩٧٤.
- پرینسیپە سەرەكیەكانی پاراستنی هاولاتی سیڤیل لە كاتی ناكۆكی چەكداری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی یاسای نێودەوڵەتی هەیە کە بەرپرسیارێتی یاسایی ئەوان دیاری دەکەن کە تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن لە وانە:

- بەڵێننامەی دادگای سەربازی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٤٥.
- رێکەوتنامەی تەقادومنەکردنی تاوانەکانە جەنگ و ئەو تاوانانەی دژی مرۆچایەتی ئەنجامدراون ساڵی ١٩٦٨.

بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وانە :

- تەسلیمکردن و سزادانی تاوانبارانی جەنگ یاڵی ١٩٤٦.
- سزادانی تاوانبارانی جەنگ و ئەوانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجام داوە ساڵی ١٩٧٠.
- پرینسیپەکانی هاریکاری نێودەوڵەتی تایبەت بە گرتن و تەسلیمکردنیو سزادانی ئەو تاکانەی کە لە تاوانەکانی جەنگ و دژە مرۆڤایەتی تێوەگلاون ساڵی ١٩٨٣. و ..... هتد.

بەم شێوەیە تاونی جەنگ یەکێکە لە تاوانە نێودەوڵەتیەکان، کە یەکێ لە پرینسیپ و رێسا سەرەکیەکانی پاراستنی هاوولاتی سیڤیل و دامەزراوە مەدەنیەکان و ئەو وێنانەیە کە خودان بە هایەکی شارستانین کە نبێ زیان بە هاولاتیانی مەدەنی و شوێنە مەدەنیەکان بگات و، نابێ ببنە پێگەی هێرشکردنە سەرو نابێ کاری توندو تیژی و ترس و تۆقاندنیان بەرامبەر بکرێ و, ئامانجە سەربازیەکان تەنها دەبێ رووبەڕوی سەربازو چەکدارەکان بکرێنەوە.

بەم پێیەش تاوانی ٢٤ - ٤ کە لە بنەڕەتدا بە نەخشەیەکی دارێژراوو بە بەرنامە ئەنجامدرا دژی خەڵکی مەدەنی و بەشدارنەبوو لە شەڕدا، وە دژی شوێنە زانستی و مەدەنیەکان لە سەروویانەوە زانکۆ. ئەمەش پێچەوانەی چەندین رێککەوتننامەو بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان و رێساکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتییە.

ئەم تاوانەی رژێم بە بۆردومان و ناپاڵمباران و خاپورکردن و بۆمبارانکردنی شارو زانکۆ، هەروەها پتر لە ٢٠٠٠ گوند ماڵ و حاڵیان بە جێ هێشت و سەرەتایەکی فراوانی ڤڕکردن بوو، پتر لە نیو مکلیۆن کورد هەلاتن و ماڵ و شارو گوندیان جێهێشت و بەشێکی گەورەی رووبەری خاکی کوردستان چۆل بوو. لەم رووەوە بارزانی نەمر رایگەیاند کە ئەمە دڕندانەترین ئەڵقەی زنجیرەی دڕی ڤڕکردنی گەلی کوردە کە دەیان ساڵە لە دژی دەکرێت، هەروەها بە تاوانێکی نامرۆڤانەی رژێمآ بەعسی لە قەڵەم داو هەوڵیدا کە رای گشتی دەرەوە لە بەرامبەر کوتنی بە کۆمەڵی رژێمی لە ناوچووی بەغدا لە رێگەی رۆژنامە نووس و ئاژانسەکان و پەیوەندیەکانەوەو راگەیاندنی جیهانی و ویژدانی مرۆڤایەتی لێ ئاگادار بکاتەوە، وێڕای ئەوەی کە بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵەی لە گەڵ شارو شەهید و بریندارو زیانی هاولاتیان کرد. هەروەها رۆڵەکلنی کوردو



https://serchawe.com

دوردستان، و قوتابیانی زانکۆ لە هەر کوێیوکی ناوخۆو دەورەوەی ولات بووبن بەردەوام یادی ئەم کارەساتەیان لە ویژدانی گەل و ئەو ئاستە نێودەوڵەتییەی بۆیان کرابێ یادی کراوەتەوە.

لە دوای پرۆسەی ئازدی عێراقیش بە شانازییەوە یەکەم روونکردنەوەی یاسایی و سیاسیمان لە گەڵ چەند بەرێزێکی تری هاوشاری لە مانگی ٥ی ٢٠٠٥ دا بە هەرسێ زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی پێشکەشی هاوپەیمانان لە هوتێلی خانزاد لە هەولێر کردو بە گەرمی پێشوازییان لەو بیرۆکەیە کرد بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی و ناساندنی وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی و قەرەبووکردنەوەی خەڵک و ئاوەدانکرنەوەی شار.

کاتێ یاسای دادگای تاوانکاری عێراقی تایبەتمەند بە ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٣ دەرچوو، ئیختیصاصی ئەم مەحکەمەیە هەموو ئەو تاوانانەی گرتەوە کە لە ١٧ - ٧ - ١٩٦٨ تا ١ - ٥ - ٢٠٠٣ لە لایەن رژێمی بەعسەوە ئەنجامدراوە کە دواتر بوو بە دادگای تاوانی عێراقی بالا. بەلام ولایەی ئەم ددگایە تەنهخا بەسەر کەسی سروشتی جێبەجێ دەبێت کە ئەمەش گرفتێکە لەم یاسایەدا هاتووە. بەلام خودی تاوانەکان کە نێودەوڵەتیین و لە دیاریکردنی ئەرکەکانیدا پشتیان بە رێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بەستووە، وە رەهەندی نێودەوڵەتی ئەم تاوانانە ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ کە کەسی مەعنەویش لە دەوڵەت و کۆمپانیاو رێکخراو بەرپرس بن لەم تاوانانە.

ئەم تاوانە دەکرێ لە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دابنرێت کە هەر کارێکی نامرۆڤانە دژی دانیشتوانمی مەدەنی و شوێنە پیرۆزو کولتوری و رۆشنبیریەکان دەیگرێتەوە، وەک لە ماددەی ١٢ دا هاتووە کە هەر هێرشێکی فراوان و نەخشە بۆرێژ دژی هەر دروپێکی دانیشتوانی سیڤل ئەنجام بدرێت و زانینی هەبێت بەم هێرشە، هەروەها بە بۆ چوونی ئێمە زیاتر دەچێتە ناو چواردێوەی تاوانی جەنگ کە ئەم کارە دژی یاساکانی جەنگ و رێکەوتنامەکانی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و برۆتۆکۆڵەکان و ئەوانی تری پەیوەندیدار لەم رووەوە، هەروەک ماددەی ١٣ی یاسای دادگای بالای عێراقی روونی کردۆتەوە.

لە کۆتاییدا، ناکرێ لە ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی وێڕای بەرپرسیارێتی تاکی ئەنجامدەر هەروەها سەرکردەو ئەوانەی کە بەرپرسیارێتی دەوڵەتیش لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە هێزە سەربازیەکان ئەنجامی دەدەن پشت گزێ بخرێت و بۆ کوردیش ئەم لایەنە گرنگی تایبەتی هەیە.

نەمری و خۆڕاگری بۆ خەڵکی کوردستان زو سەربەرزی بۆ شەهیدانمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - رێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## جینۆسایدێکی فەرامۆشکراوی دۆسییەی دادگایی بەعس



**کارزان محەمەد**

سیستەمە خوێناوییەکەی حکومڕانێتی بەعس لەماوەی (٣٥)سالی تەمەنی خۆیدا، بەدەر لەسەرجەم ئەو سیاسەتە جۆراوجۆرانەی نمونەی تەبعیس، تەعریبیو تەرحیلو...گرتیبەبەر لە پێناو تواندنەوەی دانیشتوانی عیراق لەنێو بۆتەی بەعسیزمدا، گەلێک تاوانی گەورەشی لەهەمبەر کورد ئەنجام دا کە بەهەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەچنەخانەی جینۆسایدەوەو دەکرێ کارەساتی بۆردومانکردنی شاری قەلادزێی چەندجارشەهیدیش لە (٢٤ - ٤ - ١٩٧٤)دا بەدەستپێکی پیادەکردنی ستراتیژی بەجینۆسایدکردنی گەلی کورد دابندرێت.

لەم کارەساتەدا بەپێی پیلانێکی نەخشەبۆدارێژراوی رژێمی بەعس، کاتژمێر (٩،٤٥) خولەکی سەرلەبەیانی (٢٤ - ٤ - ١٩٧٤) چەندین فرۆکەی مێکی رووسی بۆردومانێکی خەستی شاری قەلادزێ و زانکۆی سولەیمانیان کرد کە تیایدا سەرەڕای کاولکردنی شارەکە، پتر لە (٣٥٠) هاولاتی شەهیدو برینداربوون کە تائێستاش کاریگەرییەکی تراژیدیی قوڵی لەسەر دانیشتوانی شارەکە جێهێشتووە.

بۆردومانی شاری قەلادزێ فاکتەرەکەی دەگەڕایەوە بۆ هەڵکەوتەی جیۆگرافی و بەرزی ئاستی شۆڕشگێڕی ناوچەکە، چونکە لەوسەردەمەدا بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی خوێندنی زانکۆ، زانکۆی سولەیمانی بەبڕیارێکی ئەو کاتەی شۆڕش گوێزرایەوە بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شاری قەلادزێ، ئەمەش بووبەمایەی نیگەرانییەکەی زۆری ڕژێمی عیراق و دواجار بۆ لەناوبردنی ئەو ئەزمونە ئەکادیمییەو تۆڵەکردنەوە لەشاری قەلادزێ، بەچەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی ئەو شارەی خەڵتانی خوێن کرد.

ئەم تاوانە ئەگەرچی بەبەراورد لەگەلی تاوانەکانیتری ڕژێمدا ژمارەی قوربانییەکانی کەمتر بوو، بەلام گوزارشتێکی ئاشکرابوو لەو ڕاستییەی ئەمە زەمینەسازە بۆ جینۆسایدی گەورەترو بەرفراوانتر دژ بەکورد، بەجۆرێک کە دواتر کارەساتەکانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدیش بوونە تەواوکەری ئەم ستراتیژی ڤڕکردنەی ڕژێم لەهەمبەر گەلی کورد.

بێگومان کارەساتی بۆردمانەکە هەموو ساڵێک بەشێوەی نهێنی و چالاکی پێشمەرگانە یادی دەکرایەوە، بەتایبەتی لەیادی هەشتەمین ساڵرۆژی کارەساتەکەدا دانیشتوانی ئەو شارە خۆپیشاندانێکی بەرفراوانیان دژبە ڕژێم ئەنجام دا کە تیایدا ڕژێم بەچەک وەلامی خۆپیشاندەرانی دایەوەو (دایکەئامینەو مامۆستا سنەوبەر) کە دوو شێرەژنی پێشڕەوی خۆپیشاندانەکەبوون شەهیدکرانو دەیان کەسیتریش دەستگیرکران، ئەم کاردانەوە توندەی ڕژێم نەک هەر خۆپیشاندانەکەی سەرکوت نەکرد بەڵکو بەبڕیارێکی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بووە ڕاپەڕین و بازنەکەشی فراوانکرا تا سەرەنجام زۆرینەی شاروشارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە.

ئەوەی لەم ڕاڤەکورتەدا جێگەی هەڵوێستەکردنی ئێمەیە، ئەمڕۆ کە یادی (٣٦)ساڵەی بۆردومانو (٢٨)ساڵەی خۆپیشاندان و راپەرینی شاری قەلادزێیە، هاوکاتە لەگەلی دوو بۆنەی گرنگدا کە بریتین لە پڕۆسەی دادگایکردنی سەدامو دارودەستەکەیو هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان. لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستانو دەوڵەتی نوێی عیراق دوو ئەرکیان لەبەرامبەر شاری قەلادزێ لەئەستۆدایە، ئەویش بەدیکۆمێنت کردنی کارەساتی قەلادزێیە تاوەک شایەتحاڵێک بۆ دادگایی کردنی (سەدام حوسێن) بەکاربهێنرێت کە لەوسەردەمەدا هەڵسوڕاوترین پلەداری بەعس بووە بۆ داڕشتنی پیلانەکانی تواندنەوەی کورد. دووەم ئەرکیش ئاوەدانکردنەوەی زیاتری شاری قەلادزێیە، بەتایبەت کە ئەم شارە جگە لەو بۆردومانو کاولکردنە کارەساتی ڕاگواستنیشی بەسەرداهاتووە.

دواجار پێویستە بوترێت یادکردنەوەو بەرز راگرتنی شەهیدانی ئەو کارەساتە، تەنها بەمەراسیمێکی رۆتینی و هەڵواسینی لافیتەیەک ئەنجام نادرێت، بەڵکو ئاوەدانکردنەوەی شاری قەلادزێ و کۆکردنەوەی دیکۆمێنتەکانی کارەساتەکە بۆ دادگایی تاوانباران، تاکە ڕێگای سارێژکردنی برینە قوڵەکانی ئەو شارەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆردوومانی ساڵی ١٩٧٤ لەنێوان کۆست و ڕاپەڕیندا




م.خدرئیبراهیم

ئەگەرچی بۆردوومان کردنی قەڵادزێ لەچوارچێوەی سیاسەتی جینۆسایدی رژێمێکی تۆلیتاریدا ئەوپەڕی ڕەهەندێکی ترسناکی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە،کەلەبەزاندنی ڕوحی شۆڕشگێرانە و هەستی کوردبوون و سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەیی دا خۆی دەنواند،بەڵام خودی ڕژێمی تۆلیتاری بەعس دا وەک مۆتەیەک بۆ ئەو قووت بۆوە ،چونکە لەلایەن بۆردومانەکە ناسنامەیەکی نوێ ی بەبەعسی دەسەڵاتدار بەخشی کەپێشتر دام و دەزگاکانی بەجۆرێکی تر پێناسەیان کردبوو،واتا ئەگەر پێشتر جیهان لەئاست رژێمی بەعس دا چەشنە هاوسۆزی و نزیکی هەبوو بێت (لەسۆنگەی ئەوەی کە ئەو ڕژێمە لەپرۆگرام و راگەیاندنی خۆیدا وەک هێزێکی مرۆڤ دۆستی ئاشتەوانی و ژیان دۆستی خۆی دەرنەخستووە )ئەوا بەم بۆردوومانە کەلێنێک لەدیواری داخراوی راستەقینەی رژێم و هاتە کایەوە و، لی یەوە حەقیقەتی نیازە شاراوەکانی بەعس دەرکەوتن ،کەرژمێکە لەدەرەوەی بەها مرۆڤی و ژیانیەکان خۆی بەکاراکتەری خۆڵقاندنی تەواوی مەرگەساتە مرۆیی وژیاری وکۆمەڵایەتی و ئابوریەکان دادەنێ.ئەمەش بۆ یەکەم جار وای کرد بەشێک لەجیهان سڵ لەدۆستایەتی بەعس بکاتەوە و نیشانەیەکی پرسیاری لەسەر دابنێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەكی تریشەوە خودی بۆردوومانەكە وای كرد كەجۆرێ لە((بێ منەتی لەئاست بەعس))دا لای دانیشتووانی ئەو شارە بخوڵقێ،بەو پێ یەی كەئەم تاوانە لەو سەردەمەدا بەچڵەپۆپەی خراپەكاریەكانی بەعس دادەنرا كە تا ئەو دەم پەیرەوی كردبوو.

بۆیە خودی ئەو بۆردوومانە بەدبوە ئیجابییەكەیدا وای كرد كەخەڵكی ئەو شارە بێ ترس لەپێش شارەكانی تری كوردستاندا لەدوو سەردەمی لێک جودادا راپەڕن و ببنە نموونەی بەرەنگاری و چاو شكاندنی بەعس لە كوردستاندا.

بۆیە من لێرەوە بێ هیچ دوو دڵی یەک بۆردوومانی ساڵی ١٩٧٤ بەڕاپەرینی ١٩٨٢ و ڕاپەرینی ١٩٩١دەبەستمەوە كەلەهەردوو كیاندا خەڵكی ئەم شارە ڕێنوێنی خەڵک بوون. ڕوودانی ئەم راپەرینانەش لەو دەمەدا گرنگی خۆی دەردەخات كەخەڵكی (ڕاهاتوو لەسەر ستەمكاری بەعس )تەنانەت لەنیوان ئۆردووگای زۆرەملێ ی "خەبات "یشدا بلیمەتی و بوێری خۆیان نواندو لەبوونی هەزاران (جەیش و جاش)و فەیلەقی پێنج و دام و دەزگای زەبەلاحی بەعس لەهەردوو شاری (هەولێر و موصل )سڵ نەكەنەوە كەئەو پەڕی لەئۆردوگاكەوە نزیک بوون، یاخود با بڵێین بەچوار دەوری ئۆردوگاكەوە بوون .هەر ئەم ڕاپەرینە سەرەتاییەی خەباتیش بوو تێكرای كوردستانی گرتەوەو بەدوای زنجیرەیەک ڕووداوی تریشدا حكومەتی هەرێمی كوردستانی لێ پێک هات.

كەوایە ئەگەر راپەرینی ١٩٨٢ و ١٩٩١بەرهەمی بوێری خەڵكی قەڵادزێ ی راهاتوو لەستەمی بەعس بێت، ئەوا خودی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش دەبێتە بەرەنجامی ئەو ڕاپەرینانە كەخەڵكی ئەم شارە پێشڕەوی بوونی،بۆیە راستەوخۆ حكومەتی هەرێم (بەهەردوو باڵەكەیەوە)دەبێتە قەرزاری ئەو شارە و حەقە بەتەواوی قەرزەكانی بداتەوە.خەڵكی ئەم شارە دەیەوێت بەقەد بۆیوونی لەراپەریندا و بەقەد وێران بوونی بەدەستی داگیركەر حەقی بدرێتەوە و خزمەتی ژیاری و مرۆڤی پێشكەش بكرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێكەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەفتە چالاکیەک بۆیادی کارەساتەکانی قەڵادزێ



هۆشمەند چەکوانی

پەشێوی شاعیر لە شیعری(سەربازی وندا)زۆر جوان پێناسەی خاکی کوردستانی کردوە،کاتێک دەڵێ:

(... لەسەر هەر بستە زەمینی.. لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ... مەترسە کەمێ سەرداخەو.. تاجەگوڵینەکەت دانێ).

بەدیدی من یەکێک لەگوزارشتەکانی ئەو هۆندراوەیە ئەوەیە،کە خەڵکی کوردستان لەپێناو بەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانی و ڕزگارکردنی خاکەکەیدا، فیداکاری زۆری کردوەو لەبن هەموو بەردو دەوەنێک خوێنی ڕشتوە.
بۆیە لەڕاستیەوە نزیکم گەر بڵێم هەموو ناوچەکانی کوردستان بەخوێنی گەشی ڕۆڵەکانی پیرۆزو شکۆداربووە، کەواتا هەموو دەڤەرەکانی کوردستان لەشۆڕش وبەرخودانەکاندا،لە چەشتنی ئازارو مەینەتیەکاندا،پشکیان بەردەکەوێ، بۆیە دەشێ هەموومان خاوەنی ئەودەستکەوتانەبین کەئێستا ئێمەمانان لەسایەیدا ژیان گوزەردەکەین،بەڵام دەشگونجێ، زامی هەندێ لەکارەساتەکان و برینی هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان لەهی هەندێ ناوچەی تر گەورەتر بێت.

لەئێستادا کەیادی(٣٦)ساڵەی کارەساتی بۆردومانکردنی قەڵادزێ دەکەینەوە،ئەوکارەساتەی کە لەیەک کاتدا،زانکۆو پێشمەرگەوشۆڕش و خەڵکی سڤیلی کردە ئامانج،لەوانەیە هەڵوەستەکردنێکی زێدەتری گەرەک بێت.

لەکارەساتی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ دا،کە بەچەکی قەدەغەکراوی(ناپاڵم)هێرش کرایە سەرشاری قەڵادزێ، دەکرێ ئەوە بگوترێ کەهێرشەو پەلاماردانەکە چەند لایەنە بوو. ئەوکات هەموو کورد لەپێناو یەک ئامانجی دیاریکراودا،لەژێرسایەی یەک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕش ویەک ڕابەرایەتیدا بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکان تێدەکۆشان وخەمی هەمووان گەیشتن بوو بەئامانجەکانی شۆڕش.

گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ باوەشی قەڵادزێ و گوێڕایەڵی هەموولایێک بۆڕێنماییەکانی شۆڕش و سەرکردایەتی ئەوسای کوردستان، بووە هۆی ئەوەی کەلەهەموو ناوچەو شارەکانی کوردستانەوە پێشمەرگەوخەڵکی شۆڕشگێڕو قوتابی ومامۆستایان ڕوو لەقەڵادزێ بکەن، سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن،کەم و زۆر، لەناو شەهیدو بریندارەکاندا هاوڵاتیانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان بەدی کراون، چونکە ئەوکات قەڵادزێ گەورەترین پێگەو مەنزڵی شۆڕش بووەو لەکەرکوک و دهۆک و سلێمانی وهەولێرەوە پۆل پۆل خەڵکی کوردستان پەیوەندیان بەشۆڕشەوە کردوە، هەربۆیە دەکرێ ئەوپەلامارەی سەرشاری قەڵادزێ لەوکاتەدا وەک هێرشێک بۆسەر تەواوی کوردستان هەژماربکرێت، هەربۆیەش دوابەدوای ڕوداوەکە بارزانی نەمر، ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی ماتەمینی گەلی کورد ناوبردوە، چونکە لەڕووی گەورەیی تاوانکاریشەوە، لەودەمەدا ئەوتاوانە گەورەترین تاوانی لەمجۆرەبوو کە دەرهەقی گەلی کورد و شۆڕشەکەی ئەنجامدرابێت. بۆیە مادام لەو ڕۆژگارەدا،ئەو هێشە وەک چاوترساندن و شکاندنی شکۆی تەواوی خەڵکی کوردستان ئەنجامدرابێت،جێی خۆیەتی هەموو خەڵکی کوردستان لەیادکردنەوەی ئەو بۆنە ماتەمینەدا بەشداری بکەن و هەموان لەوێدا یادی شەهیدو قوربانیەکان بکەینەوە، یادی ڕۆژگارو سەردەمانی یەک هەڵوێستی ودڵسۆزی جوامێرو شێرە ژنانی ئەو شۆڕشە بکەینەوە. بۆئەمەش من پێ شنیارێک دەخەمە ڕوو،هیوادارم لایەنە پەیوەندیدارەکان لەحکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی خۆجێیی شاری قەڵادزێ وبەرپرسانی کارگێری ئەو دەڤەرەو خەڵکی کوردستان و کەسو کاری قوربانیان بەهەندی وەربگرن. بەباشی دەزانم کە یادکردنەوەی ئەو کارەساتە لەو فۆرم و شێوە خوو پێوەگرتوە دەربچێت و ساڵانە لەو یادەدا، کەرنەڤاڵێکی مەزن، کەچالاکی جۆراوجۆر لەخۆی بگرێت،ئەنجام بدرێت، هەوڵبدرێت گەشە بەچالاکیە ئابووری و هونەری و کلتوری وڕۆشنبیری وفەرهەنگی و وەرزشیەکان ....هتد بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەتەواوی کوردستان و لەدەرەوەی کوردستانیش بانگهێشتی بەرپرسانی باڵای میری وکەسایەتیە دیارەکان و هونەرمەندان و ڕوناکبیران بکرێت،چالاکی گەورەی وەکو کردنەوەی خولی وەرزشی وپێشانگەی کتێب وزنجیرە کۆڕو ئاهەنگ و کۆنسێرت وشانۆو نیشاندانی فیلم و....هتد ئەنجام بدرێن،گەشتی ناساندنی شوێنە گەشتیاری و شوێنەواریەکان بۆمیوانانی ئامادەبوو ئەنجام بدرێن، دەکرێت هەموو ئەمانە لەچوار چێوەی هەفتە چالاکیەکدابن لەژێر ناوی هەفتەی چالاکیەکانی یادکردنەوەی ٢٤ - ٤ - ٧٤ و ٨٢ ،یان هەر ناوێکی تر.

من پێم وایە ئەم جۆرە چالاکیانە کە هەفتەیێک یان پتر لە ڕۆژێک بەردەوام بن،چەندین لێکەوتەی ئەرێنی هەمەلایەنە لەگەڵ خۆیاندا دێنن.چونکە سروشتی ناوچەکەو ماندوویی خەڵکەکەو توانستی دانیشتوانەکەی شایەنی لەوەش زیاترن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## رۆژو رواداوە گرنگەکان لە مێژووی شاری قەڵادزێدا




**مەلا سمایلی نوورەدینی**

### ١- رۆژی چوارشەمە(٢٤ - ٤ - ١٩٧٤)

دوای سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان شۆرشی چەکداری کوردو حکومەتی عێراقی تا مانگی(٨)ی (١٩٧٤) شاری قەلادزی و ناوچەی پشدەر ناوچەیەکی ژێر دەسەلاتی شۆرش بوو بەهۆی ئەوەش کە خەڵکی شارەکەش زۆر میوان پەروەربوونو ئەو کاتیش زۆرێک لە خەڵکی شارەکان پەیوەندیان بە شۆرشەکەوە دەکردو لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقیەوە دەهاتنە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆرش ئەو سەردەمە زۆربەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیو مامۆستاکانی زانکۆ پەیوەندیان بە شۆرشەکەوە کردبوو شۆرشەکەش بۆ درێژە پێدانی زانکۆیەکە لە رادیۆی شۆرشەوە بانگەوازی بلاودەکاتەوە بۆ مامۆستاو خوێندکاران زانکۆی سلێمانی کە پەیوەندی بە شاری قەلادزی وە بکەن بۆ ئەو مەبەستەش لە ناوەراستی شارەکە چەند قاعەیەکی توتن هەبوو کران بە شوێنی حەوانەوەی خوێندکارەکان ئیتر بەو هۆیەوە لە رۆژی چوارشەممە(٢٤ - ٤ - ١٩٧٤) کاتژمێر نزیک بە ٣٠ - ١٠ی بەیانی ژمارەیەک فرۆکەی حکومەتی عێراقی کە بریتی بو لە جۆرەکانی(سۆخۆی روسی - باجەری فەرەنسی - مێکی روسی) بۆردومانێکی چڕی ناوەراستی شارەکەیان کرد لە کاتێکدا کە هیچ بەرگریەکی ئاسمانیش بۆ شارەکە دانەنرابوو بۆردومانەکە گیان لە دەستدانی زیاتر لە (٥٠)کەسو برینداربوونی نزیکەی(١٥٠) کەسی لێکەوتەوە لە نێوانیاندا چوار خێزانی شارەکە تەنیا تاکە نەفەرێکیان لێ دەرچوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- رۆژی (٢٤ - ٤ - ١٩٨٢):

هەموو ساڵێک خەڵکی شارەکە کە کردبویان بە نەریت بۆ یادکردنەوەی قوربانیەکانی بۆردومانەکەی(٢٤ - ٤ - ١٩٧٤) لەو رۆژەدا تەواوی شارەکە دەچووە سەر مەزاری شەهیدەکان لە گۆرستانی گەورەی شارەکە کە دەکەوێتە باشوری شارەکە لە کاتژمێر(٨:٠٠) سەرلە بەیانی رۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢) کاتآ کە خەڵکی شارەکە بە پێشرەوی خوێندکاران لە سەر گۆرستانەکەوە دەگەرانەوە ناو شارەکە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی رژێمەکەی (صدام حسێن) رێیان پێدەگیرآو تێک هەڵچون لە نێوان خەڵکی شارەکەو هێزە ئەمنیەکان دروست دەبآ ئینجا زرێ پۆشو بنکە سەربازیەکانی گردەکانی شارەکە بە چەکی دۆشکا تەقە لە خەڵکەکە دەکەنو خەڵکەکەش بۆ پارێزگاری لە ژیانی خۆیان هەوڵی خۆ دەربازکردن دەدەن دوو ئافرەت کە دەیانەوێت لە ئاوی رووبارەکە بپەرنەوە بە هۆی زۆری ئاوەکە کەبەهار دەبێ لە ئاوەکەدا دەخنکێن کە بریتین لە:

(١)- سنۆبەر محمود. مامۆستا

(٢)- دایکە ئامینە, هەروەها دوو خوێندکاریش بە گوللە بریندار دەبنو (٤٩) خوێندکاری کورو کچو (٥٠) منداڵیش دەستگیر دەکرێن.

## قەڵادزی لە ماوەی نێوان شەڕی ئێرانو عێراقدا

شەری (٨)ساڵەی عێراق و ئێران لە ٢٢ - ٩ - ١٩٨٠) بە دەست پێشخەری (صدام حسێن) سەرکۆماری عێراق هەڵگیرسا ئەویش بە بۆردومانکردنی فرۆکەخانەکانی شارەکانی عێراقو داگیرکردنی چەند شارێکی ئێران لە هەرێمی [ئەهوازی عەرەبی] ئەوە بوو ئەم جەنگە (٨)ساڵی خایاند ئەویش بە هۆی درێژە پێدانی [خومەینی] رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئامادەی وەستاندنی شەرەکە نەدەبوو لەمیانەی ئەم جەنگەدا شەری شارەکان یان شەری مەدەنیش لە نێوان هەردوو ولاتەکە پەیرەو دەکرا کە بریتی بوو لە بۆردومان کردنی شارەکانی یەکتر بە تۆپو فرۆکەو موشەک کە شاری قەلادزێش بەهۆی نزیکی لە سنوری ئێرانو بەهۆی بۆردومانی تۆپو فرۆکەی ئێران نزیکەی( ١٠٠) هاولاتی سڤیلی بونە قوربانی.

٣- (٢٦ - ٦ - ١٩٨٩) راگواستنی شارەکە:

دوای وەستانی جەنگی عێراق ئێران لە (٨ - ٨ - ١٩٨٨) رژێمەکەی (صدام) لە (٢٠ - ٦ - ١٩٨٩) وە دەستی کرد



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەراگواستنی شاری قەڵادزێ و تەواوی ناوچەی(پشدەر) بۆ ئۆردوگاكانی خۆرئاوای هەولێرو خۆرئاوای سلێمانی كەوا دوای چۆڵكردنی شارەكەو ناوچەكە لە هاولاتیان بەبەكارهێنانی ماددەی(TNT) سەرجەم خانوبەرەو قوتابخانەو مزگەوتەكانی شارو ناوچەكە تەقێنرانەوەو خاپوركرانو ناوچەكەش بە[ارچ الحرام ویا محرمە واتە: خاكی حەرامو قەدەغە كراو] دانرا. و هیچ كەس لە خەڵكی ناوچەكە بۆی نەبوو بە سەردانی بچێتە ناوچەكەیو ئەگەر بە قاچاغیش رۆیشتبایەو لەلایەن سوپای عێراقی دەستگیركرابایە بیَ سەرو شوێن دەكرا.

٤- (١٢ - ٤ - ١٩٨٩)

بەر لەراگواستنی شارەكە شاندێك لەلایەن پیاو ماقولانی ناوچەكە واتە كەسایەتیە كۆمەلایەتیەكان چونە (بەغدا) تاوەكو دیداری(صدام) بە دەست بهێننو داوای لێ بكەن كەلە راگواستنی شارو ناوچەكە چاوپۆشی بكات, بەلام ئەوە بوو نەک هەر رێگە بە شاندەكە نەدرا كە بگەنە لای صدام بەڵكو سەرۆكی شاندەكە كەوا[ ئیمامو خەتیبی شارەكە بوو] بە ناوی (مەلا محەمەدی دەڵگەیی) دەستگیركراو ماوەی (٤)مانگ زیندانی كرا.

### ٥- ئازادكردن و ئاوەدان كردنەوەی شارو ناوچەكە:

لە ٤ و ٥ - ٣ - ١٩٩١ كە خەڵكی كوردستان راپەرینی چەكدارانەی دژی رژێمەكەی صدام بەرپاكرد ئەوە بوو لە(٨ - ٣ - ١٩٩١) ناوچەی پشدەرو شاری قەلادزێش ئازادكرانو كە تەنیا هێزی سەربازی لیَ بوو كە بە هەزاران سەربازی عێراقی خۆیان دابەدەستەوەو خەڵكەكەش تاكە سەربازێكی نەكوشتو ئیتر لەو رۆژەوە خەڵكی ناوچەو شارەكە توانیان بە شارو ناوچەكەیان شاد ببنەوەو دەست بكەن بە ئاوەدان كردنەوەی

### ٦- ١ / ٥ / ١٩٩٤ هەڵگیرسانی شەری ناخۆ لە قەلادزێ:

بە داخەوە لە(١ / ٥ / ١٩٩٤) شەری ناخۆی نێوان دوو حیزبە دەسەلاتدارەكەی كوردستان [pdk - puk] لە ناو شاری قەڵادزێ هەڵگیرسا كە دوو رۆژ بەردەوام بوو (٢٩) كەس بونە قوربانی و دواتر پڕیشكی ئەم شەڕە هەموو كوردستانی گرتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێكەوتی: ١١ی مای ٢٠١١



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# قەڵادزێ سروشتێکی جوان، بەڵام هەمیشە کارەسات




سەلام عومەر

کاتی ئەوە هاتووە ئەو چیرۆکانەی کە هەر لەئەفسانە دەچن و بەسەر وڵاتەکەمان هاتوون لەشوێنی خۆیان بگێڕدرێنەوەو کارەساتەکان کەهەموو سووچێکی ئەم کوردستانەی تەنی بوو لەنێو دیکۆمێنتەکاندا دەربهێنرێنەوەو بدرێنەوە ئەو وڵاتانەی بەرپرسیاریەتیەکەی هەڵدەگرن، بەتایبەت ئێستا کەخەڵکانێک هەن بەرپرسیاریەتی باڵایان لەئێراقدا لە ئەستۆیەلەبری ئەوەی وەکوجینۆساید بیناسێنن کەچی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیا باران ئازاد دەکەن، پێمان دەڵێن دەتوانین بەم کارتانە وێرانتان کەینەوەو ئەوسەگانەتان تێبەردەینەوە کە پێشتر شارەکانی ئێوەیان گڵاو دەکرد، بۆیە کاتیەتی ئاوڕ لەرابردووبدەینەوە، یان بگەڕێینەوە بۆ سەردەمە سەختەکان، مەبەستم ئەورۆژانەی باشووری کوردستانی تێدا دەهاڕدرا، رێک دەبێت بەسەر ئەو خەتایانەدا بچینەوە کەرژێمی بەعس دەرهەق بەکوردی دەکرد،یان هەڵوێستەیەک لەسەر بیست و یەک ساڵ ئازادی بکەین و بۆ ئەو رابردووە بگەڕێینەوە کەگۆڕانەکان نەک وەکو پێویست نین لەئاستی ئەو کارەساتانە نین کە بەسەر گەلو شارەکانمان هاتوون ، بۆیە بیرکردنەوە لەگۆڕان بەرەو باشتر سوورمان دەکات بەرەو ئەو جم و جۆڵەی کەدەکرێت لە ئایندەدا بکرێ و نابێ ئێمە تاهەتایە لەدوواوەی رەوتی گۆڕانکاریەکان بین و هەرچاومان لەو دەسەڵاتە بێت کەساڵانێکە هەرخەریکی کابینەو دابەشکردنی ئەو بودجانەن کەهی هەموانەو بۆ چەندانێکە، یان پڕۆژەکان بۆ ئەو شوێن و شارانەن کەخۆیانی تێدان و ئەوانەش کەلەوەتەی هەن قەوانیان تێدا بەتاڵدەکرێتەوەو کیمیا باران دەکرێن و بۆردوومان دەکرێن، هەر بۆنی باروتیان لێبێ و ئەو سیما شارستانییە وەرنەگرن کەدەبوو بەر لەشارەکانی دی هەیان بێت، ئەو شارانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە رەگەوە هەڵتەكێنران رقێكیان بەسەردا بـاری تائێستاش لەلایەن دوو وڵاتـەوە بـەردەوام تۆپـو رقـی بەسـەردا دەبـارێنرێ بۆیە خەڵكانی وێ سڕن، دەخوازن چیدی وەكو حیكایەت باس نەكرێن و جگە لەخزمەت بـا ئـەم كارەسـاتانە بكرێنـە كـارتی فشارو بەو حزبـە یـان شیعەو سوننانە بفرۆشێنەوە كەئێستا پێویستیان بەمەیـە،خۆ ئەگەر جـارێكی دی بەسـەر یادەوەریـە تاڵەكاندا رەتبین ،تەواوی كارەساتەكانی گەلەكەمان بێنینەوە بەرچاو بەوانەشەوە كەخۆمان بـەخۆمان كـرد، ئـەوە دەگەینـە ئەو ئەنجامەی كە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ یەكەم ساتی بە كۆمەڵكوژی بوو كەلەلایەن بەعسەوە دەستی پێكردوو بـۆ یەكـەم جـاریش بوو كە لە قـەڵادزێ چەكی قەدەغـەكراوی نێودەوڵـەتی بـەكارهێناو كـەچی كۆمەڵگای نێودەوڵـەتی دوای ئـەم هـەموو تـاوانـە یەک لە دوای یەكانەی بەعس كە خۆی لـە ئـەنفالو كیمیابـارانو وێرانكردنـی هـەزاران گونـددا دیتـەوە بێدەنگ بـوو تـا ئـەو كاتـەی داگیركردنـی كوێتو رووداوەكـەی ١١ی سێپتێمبەری ئـەمریكای بـە دواداهـات، وەهـۆش خۆیـان هاتنـەوەو مەترسـی دەسەڵاتی بەعسیان لەعێراقدا بۆ دەركەوت ئەگەرنا لە خەوێكدابوون لەمەبەئاگاتر؟.

میكانیزمی دەسەڵاتی ئەوسای بەعس ئاراستەی سەرجەم رووداوەكـانی لـەو خاڵـەدا چڕكردبـۆوە كە بـە لـەناوبردنو توانـەوەی شۆڕشی كوردی دەتوانێ جڵەوی فەرمانڕەواییەكـەی درێـژە پێبداتو هەموو پانتاییەكان دەكەونـە ژێـر سێبەری ئـەو لەشكرەی چاوی لەدەورو بەر دەگێڕا هەروا دەشتوانێ ببێتە مایەی ئەو ترسە ئەستورەی كە ئایندەی دەسەڵاتی پێ دەپارێزێ, بۆیـە بـۆ داپۆشینو ونكردنی خاڵـە لاوازەكـانی بەتایبـەت لـە سـەردەمی شۆڕشی كوردی كە ئـەو كـات شـۆڕش لـە بەهێزیـدابوو توانـای بەعسیش سنووردارببوو پەنـای دەبردە بەر كۆمەڵا كوشتن تـا بەرنامە گڵاوەكەی درێژە پێبداتو پیشانی دەوروبـەریش بـدات كە لە هیچ سڵا ناكاتەوە, رژێمێكی ملهوڕەو عێـراق بەهـەموو پانتاییەكانیـەوە لـەژێر دەسەڵاتی تـاكڕەویانـەی خۆیدایـەو هـەرچی بیـەوێ دەتـوانێ بیكـات، بۆردومـانكردنی قـەڵادزێ لـەم رۆژەداو كوشـتنی سـەدان هـاووڵاتیو خـاپوركردنی دەیـان خانووبـەرەو زانكۆی سلێمانی كە زانكۆی سەلاحەدینی ئێستای هەولێرە,داغ كردنی هەر هەموومان بوو، بەڵام پەڵەی ئەو داغە ئەستوورە لەسەر هەردوو شاری هەڵبجەو قەڵادزێ هێندە ئەستوورە هەمیشە بەروخسـارمانەوە دیـارەو زۆر جـاران تۆخیشمان كردۆتـەوە ،ئەم بۆردوومانە سەرەتـاو دەستپێكی یەكەم تراژیادیابوو كە هاووڵاتی كوردی وەخەبەر هێنـاو شۆڕشی ئاراستەی گۆڕانكارییـە خێراكان كـردو وەبیـری هێنایـەوە كە لـە گۆڕەپـانی جەنگدا تەنهایـەو دەبێت خـۆی بـەرگری لـەخۆی بكـات و كۆمەڵگای نێـو دەوڵەتیش لە ئاست كێشەی گەلی كورددا خەوتووێكی بەئاگا بوون وچاویان لەو وێنانە نەدەكرد كەلەمانگە دەسكردەكانەوە پێیـان دەگەیشت رێكخـراوە جیهانییـەكانی مـافی مـرۆڤیش لـە بێئاگاییـەكی میكـانیكی دا نـەیان دەویست ئـاوڕ لـەم رووداوە ترسـناكە بدەنـەوەو بەرژەوەنـدی بـاڵای بازرگانـە قەبـەكانی ئەوسـای نـەوتی جیهـانیو سـاغكردنەوەی چـەكو جبەخانـە كەڵەكەبووەكانی ئەو وڵاتانەی لە دوای جەنگی جیهـانی دووەمەوە دەرگایـان لەسـەر كلۆم درابـوو, هۆكـاری ریشـەیی بێدەنگ بوونو خۆگێلكردن بوون لە ئاست ئەو تـاوانە یەک لە دوای یەكانەی لەلایەن حكومەتی عێراقەوە دژی نەتەوەی كورد ئـەنجام دەدرا, خۆجەنگی ساردوو وڵاتە سۆسیالیستەكانیش لەم نێوەنـدەداو لـە ئاست وڵاتێكی پارچەكراوی وەكـو كوردستان بێخـەتا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەرنەچوونو بەشێکی زۆری تاوانەکان رووبەرووی ئەوان دەکرانەوەو ناپاڵمو فرۆکە مەترسیدارەکانی ئەوسا لە ژێر باڵی ئەوانەوە دەفرۆشرانو شاری قەڵادزێو دەیانو سەدان گوندو شارۆچکەی دی پێ خاپورکراو دواتر تێکدانی بە کۆمەڵاو کوشتنی بە کۆمەڵاو راگواستنی بە کۆمەڵاو کۆچڕەوی بە کۆمەڵی بەدوواهات..!

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە رۆژی بیستو چواری چوار بدەینەوەو رووداوەکە وەک کارەساتێکی دژەمرۆیی هەڵبسەنگێنین تێدەگەین کە بزوێنەری ئەم کارەساتە بێ ئەزموونی شۆڕشی کوردبوو لە ئاست هێرشێکی نەخشە بۆ کێشراو کە تا ئێستاش شکستی هەموو شۆڕشەکانمان لە دوای دانوستانە ژەهراوییەکانەوە دەست پێدەکاتو دووبارە بوونەوەو چەند بارە بوونەوەشی ئەو خاڵە لاوازانە وە دیار دەخەنەوە کە هەموو دەم وەک دیاردەیەکی نامۆ, بەڵام شارەزا لە نێو متمانەکانی شۆڕشی کوردیدا خۆی نمایش دەکات, بۆیە هەموو ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندانە دەکرێ لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا سوودی لێوەرگیرێو سەرکردایەتی کوردی زۆر وشیارانە مامەڵە لەگەڵا ئەو بارودۆخە بکاتو چیدی خۆی وابەستەی هاوپەیمانییەتییەک نەکات کەدەزانێ لایەنی بەرامبەر شەرمی بەو هاوپەیمانییەتتییەیان دێت،هەروا دەبێت لەئاستی بەرپرسیاریەتەکان دابێ ّت و چیدی گیانی پاوان خوازیو خۆ قەبەکردن رابردووی لەبیرنەکات چوونکە ئایندەی لەپێشە، هەروابێتەوە لە بیریشی نەچێت کە ئەم دەستکەوتانەی ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی بەر شەهیدانی ٢٤ - ٤ و ١٦ - ٣ی هەڵەبجە دەکەوێ ئەوە جگە لەوەی کە کۆڕەوەکەی ساڵی نەوەدو یەک فاکتەری سەرەکی ناساندنی گەلی کوردبوو، بە کۆمەڵگای جیهانیو دەستپێکی ناساندنی شۆڕشو تراژیدیا جۆراو جۆرەکانی گەلی کوردو بەجیهانی کردنی کێشەکەو گەورەکردنی زیاتری سەرکردەکانمان بوو.

-----

بۆیە رێزنان لە رۆژانی سەختی تێکۆشانو ناساندنی وەک خۆی رووداوەکان بەس نین بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو شارو گوندانەی بەدەستی بەعس زەرەرمەندبوون, بە قەد ئەوەی کە دەبێت لە ئێستای ئازادیدا کاری جدیو بەرهەم ئامێز بۆ ئەم شارانە بکرێتو لە بیری نەکەن کە یەکەم خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوان کە ترسی بەعسی شەقکردو تەواوی کوردستانی گرتەوەو گەورەترین ورەو توانستی بەپێشمەرگەو سەرکردایەتییەکان بەخشی راپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ی قەڵادزێ بوو کە تەواوی چینو توێژەکانی ئەم شارەو قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینو سەدان قوتابی کچو ژن بەشداربوونو بۆ یەکەمجار داوای جەماوەر بەلابردنی هەندێ سەیتەرەو ئازادکردنی گیراوەکانو چۆڵکردنی رەبیەکانی ناو شار بەسەر بەعسدا سەرکەوتو بەم هەنگاوەش تەواوی کوردستان راچڵەکیو ئەو ترسە ئەستورەیان فڕێدا کە بەعس لە دڵی گەلی کورددا چاندبووی.

لێرەوە قەڵادزێ بووە ئەو رایەڵە بەرفراوانەی کە شۆڕشەکان متمانەی پێبکەنو لانەی ئەو چالاکییە بەردەوامانە بێت کە لەوێوە دژی بەعس دەوەشێنرانو هەر لەوێشەوە رێکخستنەکانی سەرجەم حزبەکان بەرنامەی کارو کردە نهێنییەکانیان بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەنجام دەگەیاندو هەر لەوێشەوە رێگەکانی چوونە چیاو تێکۆشانەکان پیشانی ئەو هەڵۆیانە دەدران کە دواتر داستانە یەک لە دوای یەکەکانیان لە سەرتاپای کوردستاندا دژی بەعس ئەنجام دەدا, بۆیە ئەوێ واتە قەڵادزێ لەئەنجامی ئەو گیانە شۆڕشگێڕیەو توانستی بێوچانی خەڵکە تێکۆشەرەکەی دژی بەعس و لەهەمان کاتدا هەڵکەوتەی جوگرافی لەلایەن بەعسەوە خاپورکراو لە ساڵی ١٩٨٩ خەڵکەکەی, بە جۆرێک پەڕاگەندەکرا کە لە مێژوودا وێنەی نەبووەو دروستکردنەوەشی لە ساڵی ١٩٩١ و دوای ئازادبوونی کوردستان بێ بەرنامەییەکی هێندە ناشیرینی پێوە دیارە کە کاری لە دیموگرافیای ئەم شارە کردووەو راستکردنەوەیو جوانکردنەوەی دەبێت خەمی دەسەڵات بێتو ناکرێ تاسەر حەوزی پشدەر لەپڕۆژەکان بێبەش بن و ئەو پەراوێزەبێت کە نەخشە سیاسییەکان پرۆژە خزمەتگوزارییەکان قوت دەنو ئاوڕی حزبیانەو جێ پەنجەی حزبیانە لەو بۆدجانەدا رەنگبداتەوە کە بە قەد قوربانییەکانی قەڵادزێ نینو نابن.

شارێکی خاپوور شارێک تا سەرمۆخ خاوەن قوربانیو خاوەن دەیان سیاسەتمەدارو رۆشنبیرو پێشمەرگەی لێهاتوو تا ئێستاش هەر بە خواری نەخشەرێژ بکرێتو خوارەوەی هەمان کەلاوەکانی هەشتاو نۆ بێو لە سەردەمێکی وەک ئەمرۆی کوردستانێکی دەوڵەمەندا بەڕاستی بیر لەم شارە نەکرێتەوەو برینەکانی بیستو چواری چوارەکان سارێژ نەکرابێو خەڵکی رەسەنی ئەم شارە وەکو نامۆیەک سەیر بکرێ. ئەی قەلادزێ نەبوو لە هەفتاو چوار زانکۆی لە ئامێز نابوو، دواتریش پردی هاتوچۆی پێشمەرگەبوونو لە خەبات لە نێوانی دوو فەیلەقدا راپەڕین لە بازیان پێش سلێمانی ئالای سەرکەوتن بەرزکرایەوەو لە جدیدەو کەورگۆسکو دارەتوو دۆزەخ بۆ بەعسیەکان دروستکرابوو لە هەموو سەردەمو شۆڕشەکاندا ئێستاشی لەگەڵدابێ کەدوو وڵات بۆردوومانی گوندەکانمان دەکاو هەراسانیان کردووین، لە قەبارەی خۆمان زیاتر قوربانیمانداوەو سەدانو هەزاران لاومان بەخشیوە، کەچی هێشتا ئەوەنین لە خوێندنەوەماندا؟!.

خۆ ئەگەر بمانەوێ بە جدیو گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارییتەوە خاوەنی ئاوڕێکی جوانو خزمەتێکی شایستەو دەوای زامە کۆنو نوێیەکان بین بۆ قەڵادزێ, ئەوە تەنیا یادکردنەوەو مەراسیمی ٢٤ - ٤ەکان کە لە قەڵادزێ نمایش دەکرێتو چالاکی جۆراو جۆری بۆ ئەنجام دەدرێت، بەس نین بۆقەرەبووکردنەوە بە قەد ئەوەی دەست بە جوانکردنەوەی شارەکە بکرێتو چەند بنکەیەکی رۆشنبیریو زانکۆو دەیان کاری خزمەتگوزاری دی هەیە کە ئێستا ئیدی وەختیەتی کاری بۆ بکرێو دەکرێ وابکرێ, پرۆژەی خزمەتگوزاری هێندە زۆر بێت تا هەموو ئەو خەڵکەی ئەو شارەیان لێ نامۆکراوەو ئارەزووی گەڕانەوەی دەکەن کاریان دەستکەوێو هەر لەوێ نەک لە دوورەوە دەست بکەنەوە بە جوانکردنی ئەو شارەی کە هەتا دەمرین چاومان لە دوویەتی .

ئێوەش وەک دەسەڵات و وەک ئەوانەی بەوێدا هاتن و گەیشتنە ئێرە لە بیرتان نەچێ، راستە هەموو کوردستان بایی خۆی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زەبری بەعسی وێکەوتووەو شەهیدی هەبووەو قوربانییەکی بێشوماریان داوە بەڵام تەنها دوو قەزایەک کەزۆر هاریکاری شۆرش بوون ولەسەر دەستکەوتەکانی ئێوە گەورەترین زەبری رژێمە شۆڤینیستەکانی خواردبێ ،قەڵادزێو هەڵبجەیە ،چونکە ئەم دوو شارە بەتەواوی خاپور کران،جگە لەشەهیدەکان خەڵکەکەی پەراگەندە بوو ئێستا ئەوان بەڵێنەکانی دابویان جێبەجێیان کرد، ئەدیکوا بەڵێنەکانی ئێوە کەهەموو ساڵێ و تەنها لەیادەکاندا دەیدەن ؟ بۆردومان و ئۆپەراسیۆنەکانی رابردووی و ئێستای سوپای تورکیاو ئێران بۆسەر گوندە سنووریەکانی قەڵادزێ نامەیەکی ئاشکرایە بۆ دەسەڵاتی کوردی ،کە ئەوێ جێگەی لێقەوماوان و لانەی شۆڕشگێڕانی کوردەو دەبێت هەمیشە لەئاوارەیی دابن ،بۆیە خەڵکی ئەم دەڤەرە دەخوازن دەسەڵاتی پشدەر هەمان ئەو دەسەڵاتە بێت کەلەشارەکانی دی هەیەو باچیدی داهاتە قەبەکان نەرژێنە باخەڵی تاکەوەو قەڵادزێ ئەو شارەیە کە دەکرێ ئەوجار بیری لێبکرێتەوە.پرۆژە گەلێک بێنن ولاوەکانی دوێنێ کە لە شۆرشەکاندا ماندوو بوون پێیان ئاشت بکەنەوە،بابیر لەئایندەیەکی گەش بۆ تەواوی کوردستان بکرێتەوەو هەوڵبدرێ لەگەڵ جوانکردنی شارەکان ئەوپلانانەش هەڵبوەشێندرێنەوە کەدژ بەنەخشەی ئایندەمان لەگۆڕێدان. ئێستا ئێمە لەچەقی روداوەکاندا وەستاوین و بەدوو دڵیەوە لەسەرجەم هاوپەیمانیەتییەکان دەڕوانین، ناخی هاوپەیمانەکانمان بۆشیناکرێتەوەو پێمان وایە روداوەدڵتەزێنەکانی مانگی ئادار کەساڵانە یادیان دەکەینەوە دوور نییە هاوپەیمانەکانمان دووبارەی بکەنەوە بۆیە ئاشتبوونەوەی حکومەت و خەڵک ،حکومەت و شارەکان ،حکومەت و حزبەکان ئەرکی دەسەڵات و هەمووڵایەکەوهەر بەم یەک ریزیەش دەتوانین جگە لەلەناوبردنی پلانەکان ئەوهەنگاوە گەورەی لەپێشیشە ئاسانتری بکەین .

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## یادی راپەڕینی قەلادزێ

## لە یادی ڕاپەڕینی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ قەڵادزێ دا و دیمانەیەک لەگەڵ "بەهرە حسێن"



**ئامادەکردنی: سەلام محەمەد**

ڕۆژی پێنج شەممە یادی ٤٠ ساڵەی بۆردومانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ شاری "قەڵادزێ" یە لە لایەن دەوڵەتی فاشی عێراقی ئەوکاتەوەو یادی ٣٢ ساڵەی خۆپێشاندان و دووبارە شەهید بونەوەی لە ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢دا تێئەپەڕێ، هەر بۆیە زۆر جار بەشاری دووجار شەهید ناودەبرێ، وە هەمیشە لانکی شۆڕش وجوڵانەوەی ئازادی خوازو خەباتگێرانی سیاسی بووە هی هەموو پارچەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ساڵی ١٩٨٢ ڕژێمی بەعس لەو پەڕی هێزو توانای دابوو، توانرا بەڕاشکاوی وبوێرانە خۆپێشاندانێکی شکۆمەندانە تۆمار بکاو بوو بەسەرقافڵەی خۆپیشاندانەکانی تر کەدواتر وەک پریشکی ئاگر گواسترایەوە بۆ شارەکانی تر. لەم یادەدا بەپێویستمان زانی دیمانەیەک لەگەڵ کچە خەباتگێرێکی ئازاو جەسوری ئەوشارەو هەڵسوڕاوێکی بەتوانا و نەترس و خۆڕاگر لەبەندیخانەکانی حزبی بەعسداو (بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان / لقی قەڵادزێی ئەوکات) ئەنجام بدەین، خاتوو بەهرە کە بە(سیما) ناسراوە، لەخێزانێکی خەباتگێرو کوردپەروەری کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بووە، باوکی بەهۆی کاروچالاکی سیاسیەوە لەدەست ڕژێمی پاشایەتی ئەوسا ڕادەکات و لە شاری قەڵادزی نیشتەجێ دەبن. خاوەنی دوو برای شەهیدە (نەوزاد و شێرزاد) و ئێستاش وەک پەناهەندە یەکی هەڵسوڕاوو چالاک لەووڵاتی کەنەدا ژیان بەسەر دەبات.

**سەلام: ئەگەر بکرێت بەکورتی کەمێک لەسەردەورانی منداڵی و سەرەتای ئاشنابوونت بەدنیای سیاسەت و خەباتەوە بدوێیت.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەهرە**: سەرەتا بەسوپاسیكی زۆرەوەو دەست خۆشانە بۆ تەرخان كردنی ئەو دیمانەیە و ڕەخساندنی ئەو موڵەتە پڕلە بایەخە، تا بتوانم كورتەیەك لە شیرینترین یادگاریەكانی ژیانی منالًی وەرگیز لە یاد نەچونەوەی دەورانی لاوی پڕلەخەبات وتێكوشانی بێ ووچان بەدژی نابەرابری كومەڵایەتی و ستەمی نەتەوایەتی بەیان بكەم، لە یادی ڕاپەرینە پڕلە شكۆ دارەكەی قەڵادزێی خۆشەویست. وشارە خنجیلانەكەی جێ مەزارگای كاكە "نەوزاد"ی قارەمان وسیمای خوشەویستی ئازا و جەسوور وكۆڵنەدەری ڕیگای ئازادی بۆ كۆتاهینان بە ستەمی میللی دژ بە بەعسی فاشست، باوكی نەمرو شورشگێرو كوردپەروەری ئاوارەی كوردستانی ڕۆژهەڵات، شاری كاكە "شێرزادی" شەهیدی لاشە وون بوو. بنكەی تیكوشان وخەباتی ماندوو نەناسی خاڵەی ئازیز "عەبدولا سالح" و دەیان ئازیزو خوشەویستی لەیاد نەچووی وەك دایكە ئامینە و شەهید سنەوبەر.

ئاشنا بوونم بەدنیای سیاسەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەدنیا هاتنم لە ناو خێزانێكی شۆرشگێرو پێشكەوتو خوازو هەمیشە ناڕازی لەبەرابەر هەموو جۆرە ستەمێكی نەتەوایەتی وچینایەتیداو، دەست پی كردنیشم لەو كاتەوە بو كە چاوم كرایەوە بەبینینی نابەرابەریە كۆمەڵایەتیەكان وستەمی نەتەوایەتی.

**سەلام**: ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ٧٤ ڕۆژێكی شوم وناخۆشە لە مێژووی شاری قەڵادزێ، خاپوركردنی چەندین ماڵ و كوشتن و برینداربوونی سەدان هاوڵاتی، دواتر ئاوارەو دەربەدەر بوون بۆ ئەودیو سنوری ئێران، ئایا ئەو ڕۆژە تۆ لەوێ بوویت؟ هیچت یادەوەریەكت بیر ماوە؟

**بەهرە**: كارەساتی دڵ تەزینی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ لەمێژوی بەشەریەتدا مۆری شەرمەزاری ودڕندەیی یە بە ناوچاوانی دەوڵەتی فاشستی عێراقەوە.

ڕۆژێكی لەیاد نەچووی هەموو مرۆڤێكی ئازادی خوازو ستەم دیدەی نەتەوایەتیە كەلەوێدا سەدان كەس بوون بە قوربانی وەحشیگەری و دڕندەیی ئەم ڕژیمە.

بەلی من لەوی بوم بەلام ئە وكاتە من منالً بووم، لەبیرمە لەژوورەوە لە تەنیشت لانكەی برا بچكۆلەكەم "بەهزاد" دانیشتبوم. تا كە گریا ڕای بژێنم وەك هەمیشە كاری ڕۆژانەم. كە دایكم پێی دەسپاردم تا خۆی كاروبارەكانی ناو ماڵ ڕادەپەڕێنی لە پڕا گوێم لەدەنگێكی زۆر ترسناك بو كە لە دەنگی تەیارە دەچوو، نەمزانی چییە؟ تاكاتێك هەستم كرد كە تەپ وتۆز خەریكە هەناسەم لێ ببرێ. چاوم تاریك بو بەلام گوێم لە باوكم بو كە هاواری كرد. ڕۆڵەكەم ماوی؟ دەبێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بڕۆین...، تەیارە بۆردومانی کردوە خەڵکێکی زۆر کوژراوو بریندار بوو. بابم بەهزادی برامی لە لانکە کە دەرهینا و ماڵمان بەجێ هێشت بەددەم ڕیگاوە بابم ووتی نازانی کاکە ئازاد و کاکە نەوزاد ماون؟. زۆر ترسام دەستم کرد بە گریان بەڵام هێندەی پێ نەچوو کە هەر دووکیان بە جلی خویناوی و ڕەنگی هەڵبزرکاوەوە کە دیار بوو بریندارو کوژراویان هەڵگرتبۆوە گەیشتنەوە بە ئیمە. بەرەو لادێکانی نزیک شار ڕۆیشین لە وێوە بەرە و ئیران.

**سەلام**: بۆ ڕێزگرتن لەگیانی شەهیدانی ئەو ڕۆژەو وەک نارەزاییەتیەکیش بەرامبەر دەسەڵات هەموو ساڵێک یادی کراوەتەوە بە چوون بۆ سەرمەزارگەی شەهیدان لە سەرقەبران، تۆ وەک بەشداربوویەک لەیادی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢و هەڵسوڕاوێکی سیاسی، دەورونەخشت چی بوو؟

یادەکە چۆن دەستی پێ کرد؟ چیکرا لەسەرقەبران؟ بەشداربوان کێ بوون؟ چۆن کۆتایی هات؟ لەیادەوەریتا چی ماوە بۆمان بگێڕیتەوە؟

**بەهرە**: هەر وەک ووتم ئەو ڕۆژە هەرگیز لە بیبر ناچیتەوە نەفرەت و توڕەیی یە لە دڵی هەمو مروڤیکی ئازادی خوازدا بە دژی حکومەتی بەعسی فاشی و ڕۆژی یاد کردنەوەی ئازیزانمانە کە بوونە قوربانی لەو ڕۆژەدا. هەر بەو بۆنەوە لە روژی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ دا کومەڵێک لە هاورێیانی هەڵسوراو خەباتگیر هەستاین بە یاد کردنەوەو ناساندنی ئەم ڕۆژە وەک ڕەمزی نەفرەت وتوورەیی بە دژی حکومەت، ئەوکات من لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم وهەروەها دەورو کاریگەری "هەرێمی جوتیاران" یش کە کۆمەڵێ کەسانی ڕۆشەنبیری ناوچەکە بوون زۆر بوو، ئەڵبەت پارت و لایەنەکانی تریش هەریەک بەگوێرەی توانای خۆی بەشدار بوو.

چەند رۆژ پیشتر کومەڵێک شیعا رو لافیتەمان دروست کرد و خەڵکمان ئاگادار کردەوە بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە لە سەر مەزارگای شەهیدەکانەوە. هەڵکردنی موم ورازاندنەوەی گۆری شەهیدەکان بە گوڵ وگوڵزار سەراپای سەر قەبرانەکەی ڕازاندبووەو، دیمەنیکی یەکجار دڵگیرو جوان تێکەڵی سیمای توڕەیی ونەفرەتی خەڵک لە و کارە دراندانە یە ببوو، کە هەر لە دیمەنی دەریایەکی قوڵ دەچوو کە لە کاتی توفان وزریاندا شەپۆلەکانی هێزو توانای ڕامالین نیشان دەدەن لە خۆیان، توێژی خوێندکاران ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو. بەم جورە نارەزایەتمان شەپولەکانی ئەو دەرییایە بوون و نیشانمان دا کە هەر ئیمە بەهیزی سروشی خۆمان کە هیزی خەلکە دەتوانین بەرەنگاری دراندانەی دوژمنانی گەلی بن دەست بینەوە. لەو لاوە هیزەکانی حکومەت وەک هەمیشە سەر شۆڕو ترسنۆک هێزی خۆیان نیشان دەدا. لە ڕێگای چەکەکانیانەوەو سەر شۆرو شەرمەزار ببونە پاسەوانی دام دەزگاکانی دەوڵەت .لەدیمەنی دزێوی ئەواندا دەردەکەوت کە توڕەیمان چۆکیان پێ دادەدات دەچنە زبڵدانی مێژوی بەشەریەتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەلی دەستمان کرد بە ووتار خویندنەوەولەسەر گۆڕی شەهیدان و بەڵێن دان بەگیانی شە هیدەکان کە تا کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دڕندانەی حکومەتی بەعس نەوەستین.

ڕێپیوان دەستی پێکرد لەسەر قەبرانەوە بۆ ئەوەی بەرەو ناو شار بێین، شەپۆلی تورەیی خەڵک، توفان و زریانی ڕقی بەسەر پاسەوانە دێوەزمەکانی کە بەر دەرگای سەرقەبرانەکەیان لی گرتبوین دادەباران، ڕێگایان بە خۆپێشاندانەکە گرت و کەوتنە گیانی خەلک وەک هەمیشە بو پاراستنی دەسەلاتی بی ئابرویان، تەقە و دەستڕێژی کردن بەسەرمانا وپەلاماری وەحشیانەیان بو بەهۆی بلاوە پێکردنمان وڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە گۆڕا بۆ لای باشوری قەلآت، بە گردەکەدا چوینە خوار و لە ئاوەکە پەڕینەوەو ،بەلاّم بەداخەوە دایکە ئامینە لە گردەکە خزایە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکەو مامۆستا سنەوبەریش بەر گولە کەوت و شەهید بوون و سەریان دانا لە ڕێگای ئازادی، یادیان بەرزو بەرێز بێ. خۆپێشاندان لەناو شار بەردەوام بوو، بە هوتاف کێشان بەگەڕەکی خانەقادا تا فولکەی لای بانک ڕۆیشتین، دوکان وبازار هەمووی داخرا، ئیتر ڕژێم بە مدرعەو سەربازو چلکاوخۆرەکانییەوە ڕژانە ناوشار بۆ کۆنترۆڵکردن، هەندێ لە دروشمەکانی بیرم مابێ ئەمانە بوون: بیست و چواری چوارە،جێ کەڵبەی سەگی هارە/ بروخێ حوکمی فاشی، بۆ خۆیی و توڵەو جاشی/ گوڵلە، پەتک،سێدارە، ناترسێنێ ئەم شارە ...هتد

**سەلام**: ئەڵێن سەربازێکت چەک کردووە ئەو ڕۆژە؟

**بەهرە**: بەڵێ، لەکاتی تەقەکانی ئەم جارە لەسەر قەبران، مناڵەکەی ساڵی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ نەبووم لاوێکی ئازاو جەسوور بووم و ڕۆیشتمە پێشەوە لە پاسەوانەکەو فرسەتم لێ هێنا لە کاتی مەغزەن گۆڕین لوولەی تفەنگەکەیم گرت بە مەبەستی چەک کردن کە ئەوەندە گەرم بوو ناو لەپی دەستم هەموی سوتا. تا یەکیک لە هاوڕێیان هاواری کرد کە قەرار نییە چەکیان بکەین پەلی گرتم و دواتربە ناو قوراوەکەدا رۆیشتینە خوارەوە بەرەو ناو شار، دواتر ڕژێم هەندێ لەخۆپێشاندەرانی گرت کە زۆربەیان قوتابی بوون ، لە وانە شەهلای خوشکم کە بە پانکەوە هەڵیان واسیبوو زۆر ئازاریان دابوو بۆ ئەوەی زانیاری لێ وەربگرن لەسەر من ، بەهەر حال هەر ئەو شەوە زۆربەیان ئازاد بون چونکە دەوڵەت ترسی هەبوو لە هەڵگیرسانەوەی خۆپیشان دانەکە.

من و چەند هاوریەکی ترئیوارە رویشتین بو نەخوشخانە بو سەردانی بریندارەکان ئەو کاتە "حوسینی حەمە سورا ئاغا" کە جاشێکی پیسی ڕژێم بوو بە مەبەستی جاسوسی هاتبو بۆ ناو خەستەخانە، چونکە بەشیک لە کارەکانی ئەو دەست نیشان کردنی ئەندامانی ڕێکخراوی کومەڵەی رەنجدەران بوو(هەرکەس تەسبیحی قەزوان و پشتێنی ڕەشی لە پشت با دەیگوت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵەیە و دەیگرت). بەلام ئەو ڕۆژە وا خۆی دەنواند کە لایەنگری ئیمەیە ودەیەوێ یارمەتیمان بدات. تاکەسیک لەوێ قسەکەی پی گۆری ووتی ئەوە بۆ لوولەی ئەو کلاشینکوفەت ئاوا توند گرتوە؟ ووتی دەترسم بەهرەی خوشکی نەوزاد لیّم بستینی، هەر وەک لەسەر قەبران کردویەتی. ئەوانەی لە وێ بوون هۆپەیان بۆ کیشا، دواتر ئیمە ڕۆیشتینە دەرەوە بەمەبەستی شوینیکی نهینی تابتوانیین ڕاپورتی خۆپیشان دانەکە بنوسین.

**سەلام**: چویتە شاخ و پێشمەرگایەتیت کردووە ؟

**بەهرە**: پیشمەرگایەتیم نەکردوە بەڵام لە کۆنگرەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە نهێنی چومە شاخ و بەشداریم کردووە، لە ریکخراوی نهینی ئیشم کردوە کە ئەو کاتە ئەندامی کومەلەی رانجدەران بووم و مەسئولی یەکیەتی ئافرەتان بووم لە قەلادزی.

**سەلام**: ئەکرێت کەمێ باسی زیندانی بوونەکەت بکەی ؟ لەکوێ؟ لەسەر چی بوو؟ چەند مایتەوە؟ چۆن بەربوویت؟

**بەهرە**: لە تەموزی سالی ١٩٨٤ لەکاتیکدا لەهەولیر مالێکی تەشکیلاتی کە ئەو کاتە سەر بە ریکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوم لەگەل دوو هاوریی تر بەناوی حەسەن مامە مراد ناسراو بە (کەریم)، توفیق نەعیم مەهدی ناسراو بە (جەلال) بووم. هاوری جەلال روژیک پێشتر گیرابوو. دوایی هاتن بۆ مالەوە و هاورێ کەریمیشیان گرت، بەڵام من لەماڵ نەبووم ئەوکاتە. ئەو شەوە من رویشتم بو مالیکی ترو هەر ئەو کاتە بەکاکە ئازادی برام لەگەل کاکە ئاسۆی پورم (ئاسۆی کەریم زەند) ئاگادار کرد کە لە سلیمانی بون بەتەمابون بەیانی بینەوە. هەستمان دەکرد کە تەلەفۆنەکانمان مراقەبە دەکرێ ،بەیانی لەگەل پورم رۆیشتم کە ئیجازە بوو کاکە ئازادی برام وەربگرم لە بانقی رافیدەین - هەولێر، نەم زانی مدیر ئەمن کە ناوی رائید عیسا بوو لەوێیە، کە بینیمی یەکسەر گرتمی و بەپرچ ڕاکێشان هێنامی بۆ ناو سەیارە، بە خۆڕاگری و باوەڕی بە هێزم هیچ زانیاریەکم نەدا بەدەستەوە کە ڕۆژی ٥ جار دەیان بردم بۆ ئەشکەنجە وبەرادەیەک شەکەت بوبووم کە هەندێ جار کە دەهاتمەوە هۆش خۆم نەم دەزانی کە بۆ لێرەم. بۆ یەک هەفتە مانم گرت لە خەوو خواردن. ڕۆژێک راید عیسا هاتو ووتی: لێوت وشک بۆتەوە دەمری، ئیمە نامانەوی ئاوا بمرێ لە بەر ئەوە دەبێ ئەو لەتە شوتییە بخۆی دەنا دار کاریت دەکەم، شوتیەکەم لێ وەر گرت و پیّم دادا، تفی لێکردم، منیش تفم لێ کردەوە. دوایی وتی ئیستا دەزانم کێ دەنێرم بۆ دارکاریت، ئەوەندەی پێ نەچو کە ئەمنیکی کورد کە ناوی هەمزە سوور بوو، هاتو بەکوردی وتی: تۆ ئەجەلت هاتووە، هەر ئیستا دەزانم چۆن تەمبێت بکەم تۆ هەر وادەزانی ئیرە قەلادزێ یە؟ من تۆ باش دەناسم کاتێ خۆی لە ڕاپەرینەکەی قەلادزێ، تۆ سەرە پەتەکە بوی و خوشکی نەوزادی. بەس لێرە بڵێ من هیچم نەکردوە ڕاستی بڵێ زوتر نەجاتت دەبێ، بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژن شەرمە لە زیندان بێ. وەڵامم دایەوە ووتم بو من سەر بەرزییە بەڵام کار کردنی تۆ لە گەڵ ئەوانە مردنە. ئازاریکی زۆری دام لە هۆش خۆم چووم کاتێک کە بە هوش هاتمەوە لە نە خوشخانەم. بە لۆکە لێوم تەر دەکەن. بەهەر حال هەر چەند بە شێوەی جۆراو جۆر ئازارو ئەشکەنجەیان دام بەلام هەر لەبەرامبەریاندا ئازایانە وەستامەوە هیچ زانیارییەکیان لە منەوە بۆ پەیدا نەکرا نە لەسەر خۆم ونەلە سەر هیچ هاورێیەکی رێکخراو بۆ ماوەی ٥ مانگ. بەداخێکی گرانەوە ئەو دو هاورێیە هەر دوکیان ئیعدام کران، کاکە ئازادی براشم دواتر دەست گیر کرا بو ماوەی ٥ مانگ دوای ئەوە ئیمە ئازاد بوین چونکە هیچ زانیاریەکیان نەبیست لە لایەن خۆمانەوە.

**سەلام: ئێستا پاش تێپەربوونی ٣٤ ساڵ بەسەر ئەورۆژەدا، قەڵادزێ چۆن ئەبینی؟ وە ئەتەوێ بڵێیت چی لەو رۆژەدا؟**

**بەهرە:** ئیستا دوای ٣٤ سال بەسەر تێپەرینی ئەو کارەساتە دڵ تەزینەدا دەبینم کە شاریکی ئاوا کە میژوی خەباتیکی نە پچراوەی هەبووە لە بەرامبەر زوڵم و زوریکی کە جەلادەکانی بەعس کردیان لە بەرامبەر خەڵکی شۆرشگێرو پێشکەوتوخوازدا نەیتوانی خۆراگری و باوەری بەرزی سیاسی خەڵک بوەستێنی و هەمیشە بوەتە بنکەی هەموو جوڵانەوەی ئازادی خوازانەوشۆرشگێرانە دژی دەسەڵاتی ئاغا و کۆنەپەرستانی ناوچەکە و هەردەم پێشەنگی راپەرینەکان بووە لە رۆژانی سەخت ودژواردا.

بەلام بەداخەوە کە ئیستا شاریکی ئاوا کە خاوەنی ئەم میژوە نەمرەیە کەچی ئیستا لە سایەی دەوڵەتی کوردیدا نەک تەنیا کاری ئاوەدان کردنەوە و بینا کردنەوەی تیدا نەکراوە بەلکو لە زۆر بواردا پشت گوێیان خستوەو تا ئێستاش پرۆژەی ئاوی خواردنەوە، کارەبا، رێگاوبان، خەستەخانەو مەکتەب، کەسو کاری شەهیدان...هتد لایان لێ نەکراوەتەوە وبەگوێرەی خواستی هاوولاتیان نین، ئەبوایە تا ئێستا مۆنۆمێنتێک بۆ دایکە ئامینەو خوشکە سنەوبەری شەهید لەدەروازەی شاردا دروست کرابا کە رەمزی تێکۆشان وبەرگری شاری قەڵادزێ بوون، بەداخەوە دەسەڵاتداران هەر خەریکی گیرفان پر کردنی خۆیانن. بەلام مێژووی ئەم شارە نیشانی داوە کە هەمیشە خەلکی ئازادی خوازی ئەم شارەدەست هەڵ ناگرن لە مافە کانی خۆیان.

لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزبایی لە هەموو سەرکەوتەوکانی قەلادزێی خۆشەویست و شاری خنجیلانەم کە پرە لە یادگاری شیرینی ژیانی منالی ولاویم دەکەم.

نەمری و سەر بەرزییش بۆ شەهیدەکان و یادیان هەمیشە لە دلمان دایە.

سڵاوی گەرمم لە کەنەداوە بو هەموان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ماڵپەڕی کلاورۆژنەش - رێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٠٨



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قەڵادزێ، قەڵای ئازادی و بەرگری



م.مشیر سورچی

بەیانی بوو تازەشارەجوانەکەی من لەباوەشی پڕلەسۆزی شەود ئارا مەبوو.

تیشکەکانی زێڕینی خۆر بەرزایەکان و بنارو کێڵی مامندەو قەڵادزەی تازە رووناک کردبوو.

هێدی هێدی زۆر بەنەرمی جوانی و شادی و نوێبونەوەی دا ئەباراند.

تازە فریشتەکانی لەگەڵ بوبول و مەلی جوان نەغمەی خۆشی و میهرەبانیان بە گوێی شارم دا ئەچرپاند.

سەردەمێک بوو ڕق و کینەی جادو گەرو ئەهریمەنە بەدناوەکان!بۆکەنای ئارامیان شەپۆڵیان بوو!

کام رێگا تاریک وسەختە گرتیانەبەر وەک دایکێکی مناڵ وونبوو!

بەیانی بوو مەرگ فرۆش ئازادی دز لەئاسمانی کورد دەرکەوتن کەوتنە گیانی پەپولەکان زۆریان قەتل و عام کردن!

تۆ پێت وایە قەڵادزێ قەڵای خۆراگری نی یە؟ یاپێت وایە ئەم سەنگەرە خۆراگرە تەنها گورزێک و دوایە ؟

خۆ دەزانم بکوژی تۆمێژوو دەست و رووی ڕەشە.

پەتی سێدارەی کەوتەمل هەر لەناو زیندانی رەشە.

دووژمنانت شەرمەزارن حەیای دوونیایان بەش ناکات !

هەموو تەمەنیان پایزەو بێ بەهارەو درەختیشیان چرۆناکات!

دڵنیابە ئازیزەکەم جارێکیتر ڕۆڵەکانت رێگا نادەن ئازارت دەن کەس ناتوانێت جارێکیتر حەزەکانی تۆ حەشاردەن .

هیچ ناحەزێک لەبەر شەپۆلی تورەیت ناتوانێ خۆی ڕاگرێ

قەت ناکرێ جارێکیتر هەوڵی چڵکن بەری رۆژی قەشت بگرێ.

کێ دەتوانێ جارێکیتر سەمای مەرگ بۆ گوڵانی زانکۆ رێک خەن؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چۆن دەتوانن لە ئاهەنگی ئازیزانم لەبەستەڵەک ئاگر هەڵکەن؟
واتەمەنیان ڕوو لەلێژیو گەڵاریزانی ڕۆحیانە
چارەنوسیان سێدارەیەو یاخود تائەبد زیندانە
قەڵادزێ وەک دایکێکی دەم بەخەندە باوەشم بۆدەکاتەوە
وەک نەسیمی بەرەبەیان هەرچی ئازارو مەینەتە گشتم لەبیر ئەباتەوە....

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لە خۆپیشاندانی شەقامەکانەوە تا ڕاپەڕینی ناو ئۆردوگا



**ئازاد حاجی**

نیسانی ١٩٨٢، ساڵو نیوێک بەسەر ئەو شەڕە خوێناوییەدا تێدەپەڕی، کە لەسەردەستی سەرانی بەعس گەلانی (عێراق - ئێران)یان تێوەگلاندبوو، راگەیاندنە عەرەبیو عێراقییەکان، دونیایان وا تێگەیاندبوو، کە لایەنی سەرکەوتوو عێراقەو پاڵەوانی یەکەمی ئەو سەرکەوتنانەش (قائد الضرورە)یە، پێچەوانەی ئەو دەربڕینانە رۆژ بەرۆژ شیرازەی یەکە سەربازییەکان بەرەو لێکترازان دەچوو، بەلێشاو سەربازە عێراقییەکان لەبەرەکانی جەنگ هەڵدەهاتن، بەتایبەتی خەڵکی زۆنگاوەکانی باشورو سەربازە کوردەکانی کوردستان، چونکە رۆژانە بەسەدان تەرم لەبەرەکانی جەنگەوە دەکرانە دیاریو بۆ خاوەنەکانیان دەبرانەوە، سەرەڕای ئەوەی دەیان هەزار کەمئەندامو بێسەروشوێن دەرەنجامی ئەو شەڕە بوو کە بە(قادسیەی سەدام) ناوزەد کرابوو. لەبەرامبەردا سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پتەوترو ریزەکانی رێکخستنی پارتو رێکخراوە سیاسییەکان سەرەڕای تۆکمەیی چەندایەتییەکی باشیان بەخۆوە بینی بەشێوەیەکی گشتی ئەڵقەی نەیارانی سەدام رۆژ بەرۆژ فراوانتر دەبوو، تەنانەت لەناو بنەماڵەکەشی ژمارەیەکی بەرچاو نەیاری سیاسەتە چەوتەکانی هەبوون. سەرجەم گەلانی عێراق بەدرێژایی دەسەڵاتی بەعس، چاوەڕێی رۆژێک بوون کە دەسەڵاتدارانی عێراق لەسەرویانەوە (سەدام حسێن) باجی ئەو سیاسەتە چەوتانە بداتو رۆژێک بێت بەئازادیو دوور لە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرانەی بەعس، سەرنجو بیروڕاکانیان دەرببڕن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

رۆژی ١٤ - ٣ - ١٩٨٢ دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی (ئەحمەد مارف ئیسماعیل ئـاودەل - ئەحمەد حـاجی مەحمود گەرمکەیی)، کە بە سەردانی خێزانەکانیان هاتبوونە نـاو شار، دوای ئەوەی (دائیـرەی ئەمن) لەرێگای سیخورەکانییەوە بە دابەزینیان دەزانێـت، جـەیشو جاشێکی زۆر لەسـەریان کۆدەکەنـەوە، سـەرەتا رژێم ویسـتی لـەرێگای ریـش سـپیو پیـاو مـاقوڵانو کەسوکاریانەوە خۆیـان بەدەستەوە بـدەن، بـەڵام پێشـمەرگەکـان ئامـادە نـەبوون ئـەو داوایـەی رژێم پەسـەند بکـەنو خـۆ بەدەستەوەدان دوور بـوو لـە نـەریتی پێشـمەرگانەو نـەنگ بـوو، نزیکـەی شـەش سـەعات لەماڵەکەیانـدا بـەرگری دەکـەن، زیانێکی زۆریـان بەهێزەکانی رژێم گەیاند، (گەرمکەیی) بەدوا فیشەکی خۆی، خۆی شەهید دەکاتو (ئـاودەل)یش بەبرینـداری دەست هێزەکانی رژێم کەوتو لەمانگی تەموزی ١٩٨٢ لەموسڵ لەسێدارە درا.

هەرچەندە لەروی سەربازییەوە رژێم توانی لەم چالاکییەدا سەرکەوتوو بێت، بـەڵام لـەروی سیاسـیو ئیعلامییـەوە کاریگـەریو رۆڵێکـی گرنگـی هـەبوو بـۆ ورەی جـەماوەر لـەو سـەردەمەدا، تەنانـەت ئێسـتاش ئـەو دوو شـەهیدە جێگـای شـانازی خـەڵکی قەڵادزێو کەسوکاریانن.

هەر وەک لەسەرەتا ئاماژەمان پێدا، هەموو دامەزراوە حیزبیو حکومییـەکانی بـەعس بیبوونـە کـەناڵێکی راگەیاندنو خۆیـان بە پاڵـەوانی سەر گۆڕەپـانی رووداوو پێشهاتەکان دەزانـی، بـەڵام لەراسـتیدا فشـەڵو گـەنـدەڵ بـوون، شـەهیدبوونی ئـەو دوو پێشمەرگەیەیان بەسـەرکەوتنێکی مـەزن دەزانـی، بۆیـە ئەنجامـدانی چـەنـد چالاکییـەکی هونـەری، رێکخراوەیـیو جـەماوەری، سیاسی، ئیعلامیو پێشمەرگانە، لەو سەردەمەدا پێویستییەکی مێژوویی بوو، بۆ ئەوەی گـەلی کـورد بەهـەموو هێـزو تواناـیەوە بەدوژمنی بسەلمێنێ، کە گەلێکی زیندووە نامرێ، هەرگیز لەقوربانیدان سڵ ناکاتەوەو دەیەوێت لەسەر زەوی بـاوو بـاپیرانی بەئازادی بژی.

نـەورۆزی ١٩٨٢ تـایبەتمەندییـەکی جیـاوازی هـەبوو لـەرووی پێشـوازی و یادکردنـەوەوە، ئـەوەبوو خوێنـدکارانی دواناوەنـدی قەڵادزێ ئاهەنگێکیان سازدا، کەتیایـدا شـانۆگەری (کـاوەی ئاسنگەر)و چەنـد سرودێکی نیشتمانی وەک (هێـزی گـەل، دەمـی راپەڕین، ئەی شەهیدان) پێشکەش کران، پیاوانی رژێم شوێنی ئاهەنگەکەیـان جێهێشت، ئاهەنگەکـەش کاریگەرییـەکی باشـی لەدڵ و دەرونی خەڵکی ناوچەکەدا جێهێشت و هاندەرێکی باشبوو، هـەر لـەو رۆژەوە لاوان، ژنـان، خوێنـدکاران بەتایبـەتی و جەماوەری ناوچەکە بەگشتی لەخۆسازداندا بوون بۆ سـاڵرۆژی شەهیدانی بۆردومـانی نیسـانی ١٩٧٤ و لەهـەمان کاتیشدا چل رۆژ بەسەر داستانە کەم وێنەکەی ١٤ - ٣ی (ئاودەڵو گەرمکەیی)دا تێدەپەڕی.

مانگی ئازارو نیسان، چالاکییەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو، کەم شەو هەبوو پێشمەرگە زەبری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوشندە لەهێزەکانی رژێم نەسرەوێنن. بڵاوکراوەو پۆستەری سیاسی بەهەموو شوێنە گشتییەکانەوە دەبینران، شەوانە لە مزگەوتەکانی ناو شار بانگەواز بۆ خەڵکی دەخوێنرایەوە. هەموو ئەمانە هاندەرێکی کاریگەر بوون بۆ ئامادەبوون لەسەر مەزاری شەهیدان لەرۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ دا.

٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ ئەو رۆژە بوو کە چاوەڕێ دەکرا نەمری گەل و رسوایی رژێمی تێدا بەدی بکرێت، ئەوەبوو خوێندکارانی ناوەندی و دواناوەندی بەرەو گۆڕستانی شەهیدان دەستە دەستە کەوتنەرێ. رژێم دەوروپشتی گۆڕستانی بەپیاوانی خۆی تەنیبوو، جەماوەر لەسەر گۆڕی شەهیدان کۆببوونەوە، چەند وتار و شیعری شۆڕشگێڕی خوێنرانەوەو سەرنجی جەماوەریان بۆ لای کاسێتێکی کاروانی شەهیدان راکێشا، ژنان هاوشانی براکانیان رۆڵی سەرەکیان بینی لەپیرۆزکردنی یادەکە. کۆتایی بەرێورەسمەکە هات، جەماوەر پڕ بەگەروویان بەسرودی (ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان) رووەو شار بوونەوە. هێزەکانی رژێم لولەی چەکەکانیان کردە جەماوەری خۆپیشاندەر، جەماوەیش جگە لەچەکی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە چی دیکەی شک نەدەبرد. لەئەنجامی دەستدرێژییەکانی رژێم دوو هاوڵاتی بەناوەکانی (ئامینە سوور) تەمەن ٧٠ ساڵ و مامۆستا (سنەوبەر مەحمود ئەحمەد) ناسراو بە(سنەوبەری مەحمودە رەش) تەمەن ٢٣ ساڵ، شەهید بوون و پێنج هاوڵاتی بەناوەکانی (سووران ابراهیم یوسف)، (عوسمان عەبدوڵڵا ناسراو بە - عوسمان خاس)، (عومەر خدر نورەدینی)، (دلێر زاهیر رەسام)، (حسین حەمە حسین) بریندار بوون. بەشێک لەو دروشمو وتافانەی کە لەو رۆژەدا وێردی سەر زمانی جەماوەر بوون:

بڕوخێ رژێمی بەغدای بۆگەن
گوللەو پەتو سێدارە. ناترسێنێ ئەم شارە
بیستو چواری چوارە. جێ کەڵبەی سەگی هارە
کەم ژیان و کەڵ ژیانە. دروشمی شەهیدانە
ناپاڵم و سیخۆو تاوان. جۆشدارە بۆ خەباتمان
شەهید خوێنی دەڕژێنێ. ئازادی بەدەست دێنێ
بڕوخێ حوکمی فاشی. بۆخۆیو تولەو جاشی
هێزی گەل لەبن نایە شەهیدبوون دکتۆرایە
الجنود اخواننا والفاشی اعداؤنا

ئەمەی دوایی تایبەت بوو بەسەربازان، بەمەبەستی تەقە نەکردن لەجەماوەر، تەنانەت شەوی ٢٥ی مانگ کە بڕیار بوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

رژێم دەستگیرکراوەکان ئازاد بکات و بەڵێنەکەی نەبردەسەر، شار جموجوڵی تێکەوت و خۆپیشاندان بەردەوام بوو لەکاتێکدا خۆپیشاندەران گەیشتنە بەردەم سینەمای قەڵادزێ، سەربازەکانی رەبیەکەی سەر سینەما لەبری تەقەکردن بەچەپڵە لێدان پێشوازیان لەخەڵک کرد.

دیارە لەو رۆژگارەدا رژێم مەبەستی بڵاوەپێکردن و هێمن کردنەوەی رقی پیرۆزی جەماوەر و ئاسایشی شارەکان بوو، چونکە حکومەت ترسی ئەوەی هەبوو پزیسکی راپەڕین شارەکانی تریش بگرێتەوە ئەمەش لەبەرژەوەندی رژێمدا نەبوو، چونکە رژێم گەرەکی بوو هەرچی وزە و توانای سەربازی و جەنگی هەیە لەبەرامبەر ئێران لەلایەک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەکی تر بەکاربهێنێت. خۆ ئەگەر عێراق لەحاڵەتی جەنگدا نەبوایە، ئەوا هەمان رۆژ تەڕو وشکی بەیەکەوە دەسوتاند و سەرجەم خەڵکەکەشی ئەنفال دەکرد. بۆیە لەژێر فشارێکی زۆری جەماوەری خۆپیشاندەر و زەبری پێشمەرگەدا کەوتە دانوستان، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیتەیەک لە ریش سپی و پیاوماقوڵان پێکهات، داواکارییەکانی جەماوەریان بەم شێوەیە خستەڕوو:

١- ئازاد کردنی دەستگیرکراوەکان.
٢- بەکوردی کردنی پرۆگرامی خوێندن.
٣- ناشتنی تەرمی شەهیدەکان بەرێورەسمێک کە شایستەییان بێت.
٤- گێڕانەوەی گوندە راگوێزراوەکان.

جگە لەخاڵی چوارەم، هەرسێک داواکارییەکەی تر جێبەجێ کران.

ناوی دەستگیرکراوەکانی رۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ی قەڵادزێ:

١- گێلاس قادر حاجی شێخە
٢- شەهلا حسێن غەفور
٣- نەزیرە بابەکر
٤- خوالێخۆشبوو بەهار حسێن محەمەدئەمین
٥- نەجات حەمە قادر
٦- سووران ئیبراهیم یوسف



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٧- رەحمە داود ئەحمەد

٨- شەوبۆ فەقێ رەسوڵ

٩- عائیشە حاجی خدر

١٠- روناک مەحمود عەبدوڵڵا

١١- بێگەر عەبدوڵڵا حاجی غەریب

١٢- دڵسۆز ئەحمەد محەمەدئەمین

١٣- گوڵاڵە ئەحمەد ئەمین

١٤- نەجیبە ئیسماعیل سوڵتان

١٥- خوالێخۆشبوو بێگەرد محەمەد ئەمین

١٦- محەمەد محەمەد ئەمین (حەمە زرنگ)

١٧- حەسەن عومەر موسا

١٨- لەتیف عەبدوڵڵا ساڵح

١٩- خدر حەسەن سلێمان

٢٠- محەمەد حەمە عەلی

٢١- کاروان نورەدین

٢٢- دڵشاد تەها مەعروف

٢٣- قارەمان محەمەد

٢٤- فەرەیدون حەمە ئەمین

٢٥- سمکۆ رەفیق ساڵح

٢٦- سەلاحەدین نورەدین

٢٧- رەمەزان هۆمەر باخەوان

٢٨- ئەبوبەکر بایز حەسەن

٢٩- ئەبوبەکر تۆفیق شەریف

٣٠ کامەران مەحمود قادر

٣١- قادر ژاراوەیی

٣٢- جەوهەر حەسەن رسوڵ ئاغا

٣٣- عومەر خدر حەسەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣٤- وسو مارف عەزیز

٣٥- عومەر جوامێر هۆمەر

٣٦- حەمەدئەمین سورە

٣٧- لوقمان حەمە سدیق

٣٨- رەسوڵ مەحمود محەمەد

٣٩- محەمەد سور ژاراوەیی

٤٠- سەلاحەدین مەلا برایم

٤١- ئەبوبەکر عەبدوڵڵا عەزیز

٤٢- عەلی عەبدوڵڵا حسین

٤٣- دڵشاد سەید کەریم

٤٤- عوسمان ئەحمەد فەرەج

٤٥- عوسمان محەمەد رەسوڵ

٤٦- لوقمان وەستا برایم

٤٧- عومەر قادر ساڵح

٤٨- عومەر مەلا عوسمان ساڵح

شایانی باسە، سەرەڕای هەوڵ و هیممەتی زۆری پیاو ماقوڵانی شار و فشاری جەماوەر و هێورکردنەوەی شەقامە خرۆشاواکان، سەرجەم دەستگیرکراوەکان بە مەرسومی کۆماری ئازاد کران١.

لەو بەروارە بەدواوە رژێم بەوردی حسابی بۆ بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکان کردبوو، هەموو ساڵێک لەیادی ٢٤ - ٤ دا شوێنە گشتییەکانو بەرزاییەکانی شارو بەردەمی قوتابخانەکانی بەهێزەکانی (قوات خاصە) دەسپارد شەوانە هێزەکانی بەناو شاردا بڵاودەکردەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا رژێم نەیتوانی گیانی بەرەنگاریو خۆپیشاندان لەدڵی جەماوەری ئەو شارەدا بمرێنێ، نمونەش ناشتنی تەرمی شەهید (خاڵە قوباد) بەرێورەسم کە گەورەترین خۆپیشاندنی لێکەوتەوە، لە ١٣ - ٥ - ١٩٨٧ کاتێک لە هەڵەبجە گەڕەکی (کانی عاشقان)یان لەگەڵ زەویدا یەکسان کرد و خەڵکی ئەو شارەیان شەهید دەکرد، بۆ پشتیوانی لە جەماوەری راپەڕیوی هەڵەبجە، سێ رۆژ مانگرتنی گشتی لەقەڵادزێ راگەیەنرا. دیارە ئەم هەڵوێستەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی هەڵەبجە بەرامبەر بەخەڵکی دەڤەری پشدەر نواندیان لەخۆپیشاندانەکانی قەڵادزێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەنانەت دوای راگواستنی قەڵادزێ و دابەشکردنی بەسەر چەند ئۆردوگایەکدا لەساڵی ١٩٨٩، دووبارە تۆوی راپەڕینو خۆپیشاندان لەدڵو دەروونی خەڵکی پشدەردا چەکەرەی کردەوەو لەسەر دەستی خەڵکی پەروەردەکراو بە (ئەلفو بێ)ی خۆپیشاندانو راپەڕین، رۆژی ٤ - ٣ - ١٩٩١ لەئۆردوگای زۆرەملێی (خەبات) بەرووی دامودەزگاکانی بەعسدا تەقینەوەو بەخوێنی لاوێکی ئەم شارە کەناوی (بەختیار عومەر) بوو، تۆمار کراو بوو بەیەکەمین شەهیدی راپەڕین. جگە لەوەش لەراپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٩١ دا، لە ئۆردوگاکانی بازیان، باینجان، دارەتوو، کەورکۆسک، جدیدە، حاجیاوا خەڵکی چاونەترسی قەڵادزێ رۆڵی دیارو بەرچاویان لەراماڵینی بەعسدا بینی.

بۆ ساخکردنەوەی ناوەکان و چۆنێتی ئازادبوونی دەستگیرکراوەکان، سودم لە بەڕێزان خاتوو گێلاس قادر و هاوڕێی بەڕێزم کاک حەمە زرنگ وەرگرتووە

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەلەیەکی ڕەشی تر بە ناوچاوانی بەعسیەکان لەجینۆساید کردنی خەڵکی کوردستان




**خالید ئەحمەد ئاسنگەر:**

**٢٥ - ٦ - ١٩٨٩ کە ئاخر ڕۆژی ڕاگواستنی ناوچەی پشدەرە بە قەزای قەڵادزێ و هەموو ناحیە و گوندەکانی‌یەوە.**

**دوای کیمیا بارانی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی جینۆساید کردنی کورد بەناوی ئە نفال، ڕژێمی دکتاتۆری بە عس کە وتە وێزەی خە ڵکی شۆڕش گێڕی قە ڵادزێ. بە ناوی جێبەجێ کردنی ڕێکەوت نامەی عێراق و ئێران، چۆڵکردنی ناوچە سنوریەکان بە قوڵای ٣٠ کم.**

**سەرەتا هەموو ئەو کۆمەڵگایانە (پێماڵک ، ژاراوە، بەستەستێن و تووە سوران) کەپێشتر خەڵکی گوندەکانی دەڤەرەکەی بۆ ڕاگواست بوون بۆ جاری دووهەم ڕایگواستن لەگەڵ خەڵکی گوندەکانی کەبەدەورو بەری قەزاکە و ناحیەی سەنگەر. دوایی کەوتە ڕاگواستنی شارەکە، چونکا زۆر ئازاری بەدەستی خەڵکی ئەم شارە چەشت بوو، هێشتا مەترسی لێی هەبوو. دوایی گرتنی سەرۆکی لیژنەی پیاو ماقوڵانی شارەکە بەڕێز (مامۆستا موحەمەدی دەڵگەی) کە چوو بوون بۆ بەغدا بۆ داوای وەستاندنی بڕیاری ڕاگواستنی شارەکە.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٥ - ٦ - ١٩٨٩ ئاخر ڕۆژی ڕاگوێزانی هەموو ناوچەی پشدەر (شاری قەڵادزێ) بوو بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێكانی: حاجیاوا، پیرە مە گروون، بازیان و باینجان لە پارێزگای سلێمانی،

خەبات، كە ور كۆسک، تۆبزاوە، جەدیدە و دارە توو لە پارێزگای هە ولێر.

٢٦ - ٦ - ١٩٨٩ ڕژێمی بەعسی جینۆسایدکەر ، دام و دەزگای ئیداری، بینای قوتابخانە، خانەقا ومزگەتەكانی لەگەڵ ئەرز تەخت كرد. تەنها لەشارەكەدا:

* ٥٠٠٠ خانووی هاووڵاتیان،
* ١٣ مزگەوت،
* ١ خانەقی نەقشبەندی،
* ١٣ قوتابخانە سەرەتایی،
* ٤ قوتابخانەی ناوەندی،
* ١ قوتابخانەی ئامادەیی،
* ١ باخچەی ساوایان،
* بینای سەرا [ قشڵە]،
* خەستەخانە،
* سەرجەم خانووبەرەی دام دەزگاكانی تری دەوڵەتی
* هەموو باخچە، یاریگا، سەرچاوەكانی ئاو و سروشتی ناوچەكە تێكدا

ڕژێمی داگیرکەری گۆڕبەگۆڕی وای زانی بەڕاگواستن دە توانێ ڕوحی شۆڕشگێری خەڵكی قە ڵادزێ

تێک بشكێنێ و ورەیان پێ بەربدات. بە ڵام بە پێچەوانەوە ئەوەندەی تر ڕقی پیرۆزی تۆڵەی خەلكی شۆڕسگێری ناوچەكە ئە ستوور تر كرد.

هەر بۆیە لە ڕاپەڕینە مەزنەكانی بەهاری ١٩٩١خەڵكی ڕاگوێزراوی قەڵادزێ دەسرۆكەی سەرچۆپی ڕاپەڕینیان لە دەست دەر نە هێندرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ٤ - ٣ - ١٩٩١ بەخوێنی ئاڵی شەهید بەختیار هورێوەی لە ئوردوگای زۆرەملێ خەبات چەخماخەی ڕاپەرینی دا و لە ٥ - ٣ - ١٩٩١ لەڕانیە و حاجیاوا و چوار قورنە سێلاوی بارانی پاک سازی دەروازەی لە هەموو کوردستان کردەوە.

خەلکی دەڤەری پشدەر، مەرگە و بیتوێن تەنها بەپاک سازی ناوچەکانی خۆیان نەوەستان بەڵکو بوونە پێشەنگ لە پاک سازی هەموو شارەکانی کوردستان بەبابە گوڕگوڕیشەوە.

بۆ مێژوو بە ئەمانەتەوە چەند بارەی دەکەمەوە کە لە ٧ و ٨ - ٣ - ١٩٩١ پێش دەست پێکردن بە پاک سازی شاری هەڵمەت و قوربانی بە ڕۆژێک خەڵکی ڕاگوێزراوی ناوچەی قەڵادزێ و پشدەر بوون لە ئۆردوگای زۆرە ملێکانی بازیان و باینجان. پەلاماری سەرکردایەتی جەحافلی خەفیفەیان لەچەمچەماڵ و تا سلوجە دا و پاکسازیان کرد. ئەمە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر ڕێگا گرت لە دەرچوونی پیاوانی ئەمن و استقباراتی فاشییەکان و کار سانایی بۆ پاکسازی شاری مەلیک مەحمود، خەڵکی شاری هەڵمەت و قوربانی مەنجەنیقیان لە ئەمنە سورە کە بۆ داگیرکەران داخست.

### دوای ڕاپەڕین و ئاوە دانکردنەوەی قەڵادزێ:

لە کاتێک دا کە لاوو گەنجەکانی قەڵادزێ لە ئاسکی کەڵەک و سەربازگەی خالید لە کەرکوک دەجەنگان، پیر و پەکەوتەکانیش بە بێ هیچ کۆمەکێکی دەرەکی بە پەنجە و نینۆکەکانیان لە سەر بناغەی کۆنەکان بە وویشکە کەڵەک کەلاوەکانیان ئاوەدان کردەوە. جێگای خۆیەتی ڕێکخراوی میدکۆئێنترناشناڵی ئەڵمانی لە بیر نەکەین کە پاش ماوەیەک هەندێک چینکۆ و داریان دا بە هەندێک گوند نشینی ناوچەکە.

### پێشنیار و داواکاری:

لەیادی ئەم ڕۆژە تاڵ و مەینەتیانەدا کە بە بەشێک لە جینوساید لەقەڵەم دەدرێن. بەمافی خەڵکی ناوچەکەی دەزانین، کە بەئەندازەی سەروەری و شەهیدەکانیان ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

١- بودجەی زیاتر بۆ ئەو ناوچانە تەرخان بکرێت کەلەگەڵ ئەرز تەخت بوون و هەموو ژێرخانی ئابووریان لەبنەڕەتەوە هەڵتەکاون،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com


٢- لە پرۆسەی دادگایی کردنی سەرانی جینۆساید کەری کورد (مجلس قیادة الثورە)، ناوچەی پشدەر بەهێند تر بگیرێت. چونکا سەرەتای دەست پێکی جینۆساید کردنی کورد لەلایەن بەعسیەکانەوە لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ بۆردومانی یەکەم زانکۆی کوردستان لە قەڵادزێ دەستی پێکردوە.

٣- بەپێویستی دەزانین کەکۆمەڵێک پڕۆژەی پیشەسازی، کشت وکاڵی، گەشت و گوزار و ئابووری لەناوچەکەدا بکرێت.

٤- سنوری قەڵادزێ - سەردەشت بەڕەسمی وەک باشماخ و حاجی هۆمەران بەڕەسمی بکرێتەوە و کارەبای بۆ ڕابکێشرێت.

٥- پەلە بکرێت لە تەواو کردنی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی (خاسی)

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٢






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وچانێک لە سێبەری قەڵادا



**ڕێبوار بەکرەجۆیی**

مرۆڤ، وەختێک لەگەڵ ماندوو بوونێکی جەستەیی یەکانگیر دەبێت، پشوودانێک ماسوولکەکانی خاو دەکاتەوە، ئەو ئارام بەخشیەش سەر لەنوێ مرۆڤەکە ئامادە دەکاتەوە بۆ کاری نوێ، بەڵام ئەو ساتانەی هۆش و خەیاڵی دووچاری تەنگژەو تێکەڵکردنی بەرنامەکانی دەبێت و بێ ئۆقرەیی تەنگی پێ هەڵدەچنێ، ئەوا ئارام بوون و خەو و پشوودانیش دادی مرۆڤەکە نادات و ئامادەی ناکاتەوە بۆ داهاتوو.

بە حوکمی چەند ساڵی کار و ژیان و خوێندنەوەشم بۆ بیر و رەفتاری مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرە، ئەو بۆچوونەم لا گەڵاڵەبووە، کە رۆڵەکانی ئەم شارە شۆڕشگێڕە هەست بە غەدرێک دەکەن، کە لە مێژووی شارەکەیان دەکرێ و ئەوەش بووە بە گرێیەکی دەروونی بۆیان و بەدرێژایی سەردەمی راپەڕین تا بە ئەمرۆش دەگا بیر و هزری رۆڵەکانی ئەم شارەی جەنجاڵ کردووە و، ئارامیش، دڵەکانیانی فەرامۆش کردووە.

قەڵادزێ، ئەو شارەی کە لە دیرۆکی کوردایەتیدا بەشی شێری بەرخودانی بەرکەوتووە و شۆڕشگێڕێکی راستەقینەش نەماوە وچانێکی ئارام بەخشی لە سێبەری قەڵاکەیدا نەدابێت، کەچی بەرای رۆڵەکانی ئەم شارو ناوچەیە، لەسەر دەستی ئەوان ئەو غەدرەی لێدەکرێ و سەرقافڵە و پێشەنگی راپەڕین و خۆپیشاندانەکانی کوردستانی لێ زەوت دەکرێ، بەوەی کە دان بە دەستپێشخەری رۆڵەکانی لە راپەڕیندا نانرێ، کەچی لە بەرامبەردا بە خاوەنی یەکەم شەهیدی راپەڕینیش ناوی دەبەن، کەئەمەش گومان دێنێتە ئاراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە نێوان جەنجاڵی بیرو بۆچوونەکانیشدا، راستی یەکی مێژوویی و پرسیارێک و داوایەک دێتە ئاراوە، راستیەکەی ئەوەیە کە بڕیاری بەرپاکردنی راپەڕین بەپێی پلانی شۆڕش دەبوایە (٧ - ٣ - ١٩٩١) دەست پێ بکات، بەڵام رق و تووڕەیی خەڵک تائەو ساتە بڕی نەکرد و لە (٤ - ٣ - ١٩٩١) چەخماخەی ئەو راپەڕینە لەسەردەستی پشدەریەکانی دانیشتووی ئۆردووگای زۆرەملێی خەبات بڵێسەیدا، پرسیارەکەش ئەوەیە، دەکرێ ناوچەیەک خاوەنی یەکەم شەهیدی راپەڕین بێت، بەڵام خاوەنی سەروەری دەستپێکردن و رۆژی رزگاربوونی خۆی نەبێت؟! داواکاریەکەش ئەوەیە، راستە راپەڕین لەوناوچەیە و لەرۆژی (٤ - ٣) دا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام ناشکرێ ئەو هەوڵ و بەرخودانەی ئەورۆژە بەهەند وەرنەگیرێ، لەمێژوودا دیزە بەدەرخۆنە بکرێ، هەربۆیە داوادەکەم، هەروەکو چۆن هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان رۆژی رزگاری خۆیان هەیە، با رۆژی (٤ - ٣) ی هەموو ساڵێکیش وەک رۆژی چەخماخەی ئەو راپەڕینە بناسرێ و رۆڵەکانی ئەم دەڤەرەش لەو گرفتە دەروونی و دڵەراوکێ یە رزگار بکرێن و مێژووش چۆن هاتووە ئاوا بنوسرێتەوە، چونکە سەردەمی چاوبەستن و فێڵ و شێواندنی مێژووی ژیانی مرۆڤەکان بەسەرچووە

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - رێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قەڵادزێ مەکۆی کوردایەتی



**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

به بۆنەی ٣٤ مین ساڵوەگەری بۆردوومانی قەڵادزێ، سەری ڕێز و نوازش دا دەنوێنم بۆ شەهیدانی کارەساتی دڵتەزێنی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی شاری قەڵادزێ زانکۆ و قوتابخانەی کوردایەتی و لانکی شۆڕش و بووکی ڕازاوی ناوچەی پشدەر.

شاری قەڵادزی ٣٤ ساڵ بەر لە ئێستا بە دەستی ڕێژیمی گۆرکراو و سەرەڕۆی عێراق بە دڕندانەترین و بە توونددترین شێوە بۆمبباران کراو و لە چرکە ساتێک دا ١٣٨ کەس لە دانیشتوانی شاری "قەڵادزێ"ی باشووری کوردستان بوونە قوربانی و شەهید بوون. جیا لەو پۆلە شەهیدە بێتاوانانە بە سەدان کەس بریندار و بە هەزاران کەسیش لە دانیشتووانی شاری قەلادزێ و دەڤەری سەر سەوزی قەڵادزێ، قەڵای مەردان ئاوارە و پەرێوەی هەندەران بوون.

ئەوەی شایانی باسە خەڵکی قەڵادزێ و بنەماڵەی شەهید و بریندار و کەمئەندامەکانی ئەو جینایەتە سامناکەی کە بە دەستی کوردکوژانی حکوومەتی بەعس بەڕێوە چوو، هیچکات یادی قەڵادزێیان لە بیر نەکرد و هەموو ساڵێک بە شێوەیەک لە شێوەکان یادی ئازیزانی لە دەستچوویان کردۆتەوە و باجی زۆر گەورەیان لە سەر داوە.

لە درێژەی ئەم یادانە دا لە ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ دا خەڵکی شاری قەڵادزێ و دەوروبەری لە شەقام و کۆڵانەکانی قەڵادزێ کۆبوونەوە و بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدان بەرەو گۆڕستانی شەهیدان کەوتنە ڕێ و خۆپێشاندانێکی مەزنیان ساز کرد، بەڵام سەد مخابن ئەم خۆپێشاندانەش لە لایەن رژێمی سەرکوتکەری سەددام حوسێنەوە درایە بەر ڕێژنەی گوللە و چەند کەسی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیکە لە شاری قەڵادزێ بۆ جارێکی دیکە شەهید و بریندار کران و مێژووی پڕ سەروەری قەڵادزێ خوێناویتر بوو.

پێویستە بگووترێ کە شاری قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە ژێر گوشار و زەبرو زەنگی زاڵمانەی حکوومەتی بەعس دا خاپوور و وێران کرا و خەڵکەکەشی ڕاپێچی ئۆردووگا زۆرە ملیەکان و شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان کران. بەڵام ئەو کارەساتانە و پیلانەکانی دیکەی حکوومەتی بەعس چۆکیان بە قەڵادزێ دانەدا و بەڵکوو هەموو کات و ساتێک خەڵکی بە ورە و خۆراگری دەڤەری قەڵادزێ بە دژی ڕژێمی بەعس و دارودەستە گۆرکراوەکەی خەباتیان کردووە و کۆڵیان نەداوە، لەو پێناوەش دا بۆ ئازادی و ڕزگاری کوردستان سەدان ڕۆڵەی قارەمانی شەهید و کەمئەندام و زیندانی سیاسی پێشکەش بە بارەگای گەلەکەی کردووە و لووتکەی شاخە بەرزەکانی بوڵفەت و مامەندە و ئاسۆس و دوپەزە و شارو گوندەکانی ئەم ناوچە ڕەنگینەیان بە خەبات و تێکۆشانی بێ‌پسانەوە وبەردەوامیان بەرز وەک چیای قەندیل ڕاگرتووە.

خەباتی بێوچان و شۆرشگێرانەی ڕۆڵەکانی کورد و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و مێژووی پڕ لە سەروەری قەڵادزێ و هەڵەبجە و بادینان و گەرمیان و ... هەموو شوێنەکانی دیکەی کوردستان بوو بە هۆی ئەوە کە کۆشکی زۆرداران بکەوێتە لەرزەو و بە کوتکی دەستی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دارمێ و تەختو بەختیان تێکەوە پێچرێت و هەوای ئازادی و سەرفەرازی بگەرێتەوە کوردستان.

ئێستا دوای ئەوە کە باشووری کوردستان ئازادە و پارڵمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، پێویستە کە بە گشتی کوردستان و بە تایبەتی شاری قەڵادزێی چەند جار شەهید ئاوەدان و جوان و ڕازاوە بکەرێتەوە. چۆن حکومەتی هەرێم و پارلمانی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدانی قەڵادزێی هەرگیز نەمر و هەموو شەهیدانی کوردستانە. ئاوڕدانەوە لە قەڵادزێ و شار و گوندەکانی دیکە و ئاوەدان کردنەوەیان دەبێتە هۆی ڕزامەندی خەڵک و بە تایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بەم کارەتان دڵی پڕ لە ناسۆری گەلەکەمان سارێژ دەکەن و خەم و ئازارەکان کەم دەکەنەوە.

لە کۆتایی دا جێی خۆیەتی کە سوپاس لە خۆراگری ڕۆڵەکانی قەڵادزێ و پشدەر و دەوروبەری بکەین و سڵاوی گەرمی خۆمانیان لەگەڵ چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی پێشکەش بکەین و ئافەرین بۆ نەبەزیان بڵێین.

ڕووحی شەهیدانی ئەم کارەساتە و تێکرای شەهیدانی کوردستان شاد بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠٠٨



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چیرۆكی یەكەم سرود بۆ بیست وچواری چوار



**د.عمر نورەدینی**

دوای ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) و ئازادبوونی بەشێكی زۆری باشووری كوردستانی داگیركراو لە ژێر دەسەلاتی ڕژێمی بەعسی دیكتاتۆر، قەلادزەیی و پشدەریەكان كە ئەوكات لە میانەی پرۆسەی بەزۆر ڕاگواستنی زۆرەملێیی دژە ئینسانی و تەواو ناكۆك لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی گشتی و جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و بڕوانامەی نەتەوە یەكگرتووەكان، بەسەر چەندین كۆمەڵگای زۆرەملێ دابەش كرابوون و وەک ئاردی نێو دڕووان پەرش و بلاوكرابوون، دەست بەجێ قۆڵی جوامێری و باسكی ئازادیخوازانەی خۆیان هەڵمالی و دروشمی (دوژمن پێی خۆش بآ یان پێی ناخۆش بێ، ئەگەڕێمەوە بۆشارەكەی خۆم )یان بەرزكردەوەو نەعرەتەی ئاوەدان كردنەوەی كەلاوەی شارو گوندەكانیان لێداو پۆل پۆل گەڕانەوە سەر زێدی لە دایک بوونیان و خوێنی ئاوەدانیان خستەوە ناودەمارەكانی قەلادزێ و پشدەرو هەناسەی زیندووبوونەوەیان بە جەستەیان بەخشی و لەناو كەلاوەكاندا تۆوی ژیانێكی نوێ و قۆناغێكی نوێی دژوار بەلام تەژی بەئازادی و سەربەستیان چاند.

ئەوكات كۆمەڵێک ڕۆشنیر و ئەدیب هونەرمەندو نووسەرانی بەهەڵوێست و پێشكەوتن خوازی شاری قەلادزێ، بە جیاوازی ئینتیمای سیاسی وحزبی، لەدەووری یەک كۆبوونەوەو بڕیاری دامەزراندنی (یەكێتی نووسەرانی كوردستان - لقی قەلادزێ) یان دا، لەو خوشك و برا بەڕێزانەی بەشداریان لەدامەزراندن و پاشان چالاكی نواندن دا كردو خۆبەخشانە و پەرۆشانە لە وبوارە گرنگەدا تواناكانی خۆیان وەگەڕخست بریتی بوون لە بەڕێزان (حمە احمدجاف - ئارارات - شەپۆل فەتحی كریم - ساراخان - مامۆستا احمدشادی - مامۆستا هیوا ئەحمد - كەژاڵ ابراهیم - حسن احمد مستەفا - عمر یوسفی- حمەزرنگ -



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبوار محمد یوسف - عمرقاچ - عمرکاکل - مامۆستا هەژارمحمدامین - کەمال ئالانی- جەوهەر میراودەلی - خدرمەولان - عەبدولای ڕەسام - و بەندە) داوای بووردن لەهەریەکێک دەکەم کە ئەو کات لە گەڵمان بەشدار بووبێ و ناوەکەیم لەبیر کردبێ , دەبێ ئاماژە بەوەش بدەم کە لە دەرکردنی گۆڤاری (هەنگاو) کە لەلایەن لقی قەلادزێی یەکێتی نووسەران دەردەچوو شاعیرو نووسەرە دیارەکانی سنوورەکە وەک بەڕێزان مامۆستا غەریب پشدەری و محمد ڕەنجاو و مامۆستا ئازادبابان و جەبار جەمال غەریب و ئەرسەلان حسن هاوکارو پشتیوان بوون. بارەگای یەکێتی نووسەران لە شوێنی ئێستای هۆڵی (فەقآ ئەحمەدی دارەشمانە) بوو، سەرەتا کەپرێک بوو بەدارو گەڵأ درووستمان کرد و پاشان کردمان بە خانوویەکی دووژووری سەربان گڵ ودار. بەهۆی کاروچالاکیەکانی و شێوازی کارکردنی یەکێتی نووسەران، بووە خاوەن پێگەو ناوبانگێکی ئەوتۆ کە هەروەفدێکی سیاسی بالا یان بیانی سەردانی دەڤەرەکەی کردبا دەبوو سەرێکی لە یەکێتی نووسەران داباو کار بەوە گەیشت لە بەرەی کوردستانی نوێنەری نووسەران بەشداربی لە بەڕێوەبردنی کاروباری شار. بەداخەوە دواتر ئەم ڕەوتەباشە بەلاڕی دا بردراو دواتر وەستا هۆکارەکان زۆرن و نامەوی لێرەدا باسیان بکەم و هەڵی دەگرم بۆ دەرفەتێکی دی.

بۆ ساڵیادی ٢٤ی ٤ی ساڵی ١٩٩٢. بارەگای یەکێتی نووسەران بوو بە پووره هەنگ و بەشی زۆری مشوور خواردن و کۆبوونەوەکانی تایبەت بەویادە لەوی کران و ئەندامەکانی یەکێتی نووسەرانیش دەوری سەرەکی و کارایان هەبوو لە پاڵ لایەنە سیاسیەکانی ناوبەرەی کوردستانی، یەکێک لە بڕیارەکانی کە بۆ زیندووکردنەوەی یادی کارەسات و ڕابوون درا بریتی بوو لە ئامادەکردنی سروودێک بەناوی سروودی (بیستو چواری چوار) کەنووسینی تێکستەکەی بەمن سپێردرا و دانانی ئاوازەکەی بە برای مۆسیقار مامۆستا هەژار محمدامین، وەوتنەکەی بە هونەرمەندی دەنگ خۆش کاک عومەر گەرمکەیی، بە هۆی کاری هەرسێ لا سروودەکە لەدایک بوو لە ڕێوڕەسمی ساڵیادەکەدا بە جوانی لەلایەن تیپی مۆسیقای قەلادزێ و بەسەرپەرشتی مامۆستا هەژار پێشکەش کرا. لەم ماوەدا خەریکی گەڕان بووم لەناو ئەرشیفی نامەو بەڵگەنامەکانی خۆمدا وێڕای دۆزینەوەی چەند دەقێکی شیعری هەردووبرای بەڕێزم کاک ئارارات و کاک ئەرسەلان حسن کە ڕەنگە ئەو دەقانەیان لای خۆیان نەمابێ! دەقی ئەو سروودەشم دۆزیەوە کە ئەو کات و بۆ بۆیەکەم جار بۆ ڕێز گرتن لە ساڵیادی بیست و چواری چواری شاری قەلادزێی ئازیز نووسیبووم، واجارێکی تر دەقەکەی دەخەمەوە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز:

**سروودی بیست و چواری چوار**

دەق: عمر نورەدینی

ئاواز: هەژار محمدامین

وتنی: عمر گەرمکەیی




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بیستوچواری چوار زامە زامێکی ئەبەدیە
مۆری سزاو تاوانی سەر تەوێڵی فاشیە
کەبەبۆمباو ناپاڵم خوێنی گەشی شاریان ڕشت
خوێن و سەری بێ لاشە کۆشکی ئازادیان دارشت
شاری دووجار شەهیدم شاری قەلات و دووزێ
بەشی تۆ سەرکەوتنەو دیکتاتۆر هەر ئەبەزێ
قەلای شۆڕش و ڕاپەڕین مەڵبەندی شادی و ئەوین
تۆ باجی خوێن نەبەخشی ئەی ئێمە چۆن سەرکەوین ؟
تائەوڕۆژەی فاشیەت و دیکتاتۆر ئەبڕێتەوە
بیستوچواری چوار زامەو گشت ڕۆژێ ئەکولێتەوە
بیستو چواری چوار زامە زامێکی ئەبەدیە
مۆری سزاو تاوانی سەر تەوێڵی فاشیە

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١




١٩٨٢/٤/٢٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سالم سوڵتان بۆ ئاوای لە قەڵادزێ کرد؟



عومەر ئیسماعیل باوزێیی

ڕائید سالم سوڵتان عەبدوڵلا بەسۆ ناوی ئەو فڕۆکەوانە مەرگ هێنەرەیە، کە ئەفسەرێکی عەرەبی ڕەگەز پەرستی موسڵاوی بوو، سەرکردایەتی ئەو چوار فڕۆکە سیخۆیەی کرد لە بۆمباباران کردنی شاری قەڵادزێدا لە کاتژمێر(٤٥ ؛ ٩)دەقیقەی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە(٢٤ - ٤ - ١٩٧٤). بە بۆمبا مەرگ چێنەکانی بەعس، کۆڵان و گەڕەکەکانی شاری قەڵادزێیی خەڵتانی خوێنی هاوڵاتیانی بێتاوانی شارەکە کرد و ئاسمانەکەشی بە تەم و دوکەڵ تەنی. پلانی بەعسییەکان بۆ(جینۆسایدکردن)ی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی ئەو وڵاتەی کە پێیی دەگوترێت عێراق لەساڵی(١٩٦٨)ئەوکاتەی کەبەعسییەکان دەسەڵاتیان لە عێراق گرتەدەست بە ئاشکرا دەست پێدەکات، دەتوانین بۆمباباران کردنی شاری قەڵادزێ بە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو بەرنامەیە دەستنیشان بکەین، کە دواتر سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە. نیازی گڵاوی بەعسییەکان نەهیشتن و سڕینەوەی ناوی ئەو نەتەوەیە بوو کە چەندین سەدەیە لەسەر ئەو خاکە دەژین، هەمووکاتێک دژی نەتەوە داگیرکەرەکانی دەورووبەریان لە شۆڕش و ڕاپەڕیندابوون. ئەوکاتە شۆڕشی ئەیلول یەکەم شۆڕشی کورد بوو لەسەردەمی بەعس، شاخە سەختەکانی قەندیل و گوندەکانی پشدەر پەناگە و ماڵی پێشمەرگە و سەرکردەکانی شۆڕش بوون.

ئەوکاتە پشدەر ناوچەیەکی ئارام و نیمچە ئازاد کراو بوو، هەر ئەو هۆیەش بوو کە زانکۆی سلێمانی گوێزرابۆوە بۆ شارەکە، لەهەمانکاتدا زوربەی مامۆستا و خوێندکارەکانی زانکۆ ئەندامی کارا، یاخود لایەنگری شۆڕش بوون. ئەوە مەترسیەکی گەورە بوو بۆ حکومەتی ئەوکاتەی عێراق لە شۆڕشی کورد، نەکا لە پشدەر و شاری قەڵادزێ وە هەموو کوردستان بەیەکجاری ئازاد بکەن و ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە بە کوردەکان دراوە بیکەن بە سەربەخۆیی کوردستان و بەشیکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەورە لە عێراق داببڕن. لەبەر ئەو هۆكارانە شاری قەڵادزێ كرایە یەكەم شوێنی تاقیكردنەوەی بۆمبی ناپاڵم و چاندنی ترس و تۆقاندن لە ناوچەكە، لە ئەنجامی ئەو بۆردومانەدا چەندین هاوڵاتی بێتاوانی شارەكە و چەندین خوێندكاری زانكۆكەش شەهید و بریندار كران و خانو و بینایەكی زۆری شارەكەش ویران و تەختی زەوی كران. دواتر و دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر كارەساتە خوێناوییەكەی ساڵی(١٩٧٤)دا لە هەمان ڕۆژی ساڵی(١٩٨٢)ڕێكخستنەكانی یەكیتیی نیشتمانیی كوردستان لەناو شاری قەڵادزێ ڕێپێوانێكی جەماوەری گەورەیان بەرە و مەزاری شەهیدانی(٢٤ - ٤)ڕێكخست، بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی خوێنی شەهیدانی ئەو ساڵرۆژە، بەڵام لەئەنجامدا و لەبەر چاو سوركردنەوە و ڕێگرییەكانی سەربازەكانی بەعس لە ماتەم گێڕان و تەقە كردن بە دۆشكە و بیكەیسی و كلاشینكۆف بەسەر خەڵكدا، ڕێپێوانەكە گۆڕدرا بۆ ڕاپەڕینێكی گەورە. سەرئەنجام دوو شێرەژن بوون بە سەروەری ڕاپەڕینەكە و چوونە ڕیزی كاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری كورد و كوردستان. بۆ ڕێگرتن لەو شۆڕش و سەرهەڵدانانە حكومەتی بەعس لە چوارچێوەی سیاسەتێكی كار بۆ كراودا دوای ئەوەی ڕاگۆێزانی گوندەكانی بناری پشدەری لە ساڵی(١٩٧٨)بەرە و كۆمەڵگا زۆرەملێكان دەستپێیكرد، داگیركەرە بەعسییەكان بەوەشەوە نەوەستان هەتا سەرئەنجام لە(٢٦ - ٦ - ١٩٩ )قینی دڕندانەی خۆیان بە دانیشتوانە قارەمان و خۆڕاگرەكەی ناوچەی پشدەر و شاری قەڵادزێ ڕشت و ناوچەكەیان بە یەكجاری ڕاگوێزا و كردیانە شوێنێكی چۆڵەوانی و شاری قەڵادزێشیان تەختی زەوی كرد، ناوچەكە كرایە شوێنێكی قەدەغە كراو. هەربۆیە قەڵادزێییەكان لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆری و پێشێلكارییانەدا لە(٤ - ٣ - ١٩٩١)تۆڵەی دڵی خۆیان لە داگیركەرانی خاكی كوردستان كردەوە، لە كۆمەڵگا زۆرەملێكەی(خەبات)و لەناوجەرگەی دەسەڵاتی سوپای بەعسدا لە دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەكەی بەعس ڕاپەڕین و بەخوێنی گەشی شەهید(بەختیار)هاوڵاتیانی شاری قەڵای شۆڕش و خۆڕاگری، شاری قەڵادزێ تاجی سەركەوتنی ڕاپەڕینی سەرتاسەری كوردستانیان لەسەرنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێكەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خوێندنەوەیەک بۆ زامی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ و راگواستنی ٣٦ - ٦ - ١٩٨٩ی قەڵادزێ..



حەمید قەڵادزەیی


هەموو ئەو روداوە نەخوازراوانەی لە مێژووی بزاڤی رزگاری خوازیماندا رویانداوە، دەرئەنجامی زاڵبوونی بیری شۆڤێنیزم بوو بەسەر لۆژیک و باوەری پێکەوە ژیان، ئەگەرچی بەردەوامی و گەورەبوونی برینەکانی جەستەی نیشتیمان هۆکارگەلێکیان لەپشت بووە، دەشێ بەشی شێر بەۆ هۆکاری بوونی جەنگی ساردی لەنێوان دوو جەمسەرە مەزنەکە بکەوێ، واتە بوونی شەری سارد و بەرژەوەندی پەرستنی زلهێزەکان لەسەدەی رابردودا، زیاتر و زووتر دەرگای بۆ دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان و هەموو ئەوانەی بە هزری راسیزم گۆشکرابوون خستە سەر پشت، بەردەوامی شەری سارد هۆکارێک بوو بۆ نەکوژانەوەی گڵۆپی سەوز، رووداوە تراژدیاکان و گرێدانەوەی زیاتری بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان داگیرکەران و زلهێزانی دنیا ،کارەساتی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی قەڵادزێ یەکێکە لە رووداوەکانی سەدەی رابردوو، ئەگەرچی ئەم کارەساتە لە زۆربەی ناوەندەکانی راگەیاندنی جیهانی راپۆرتی تایبەتی لەسەر ئامادەکرا، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەشی بەعسی داگیرکەر و زلهێزان، نەک هەر لە روانگەی سیاسیەوە تەنانەت لەلایەنی ئینسانیشەوە هاوپشتیەکی بۆ کورد دروستنەکرد، ئەگەرچی ئەوکارەساتە جگە لە روانگەی زیانی گیانی ،زیانی بۆ لایەنی مەعریفیش هەبوو، چونکە پێکانی زانکۆی تاقانە لەو کاتەدا ساردبوونەوە یەکی بە رەوتی خوێندن دا، جارێکی تر بیری کوردایەتی دمەزەرد کردەوە، هەر بۆیە ساڵانە لەساڵیادی ئەم تراژدیایە دا، زیاتر بیری تۆڵە تێکەڵ بە ویژدانمان دەبۆوە، تا تۆمارکردنی راپەرینە شکۆدارەکەی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢، وەک ئاماژەمان پێکرد لەگەڵ تێپەربوونی زەمەن قەبارەی کارەساتەکان گەورەتر بوون، هەر وەک چۆن کیمیابارانی هەڵەبجە و بالیسان و شێخ وەسانان تا پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و هەموو ئەو وێرانکاریەیانەی روویاندا، بۆیە بەعسی روخاو لەدوای ئەوەی لە شەری سرینەوەی جەستە شەکەت بوو، کەوتە پیادەکردنی ساسەتی( پەرتکەو زاڵبە) و ئەمەش لەپێناو لاواز بوونی یەکیەتی و یەکریزیمان، دواتر قۆناغە کانی راگواستن و وێرانکاری، ئەگەر لە روانگەکانی سیاسی و ئینسانیەوە خوێندنەوە بۆ ٢٤ -



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٤- بکەین، ئەوا خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێک ستوون و رەهەندی جیاوازدا دەبینینەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر خوێندنەوە بۆ راگواستنی بەگشتی و دەڤەری پشدەر بەتایبەتی بکەین، کە لە ٦ - ٦ - ١٩٨٩ دەستی پێکرد و لە ٢٦ - ٦ی هەمان ساڵ کۆتایی پێهات، راستەوخۆ دەکەوینە ناو کرۆکی ئەجنداکانەوە کە بەدیدی من کاریگەریەکانی لەروانگەی مێژوویی و فەرهەنگی و کلتووریەوە زۆرن و، هەروەها لەروانگەی کۆمەڵایەتی و ژیاریەوە چەندین توێژینەوە لەسەر ئاستی باڵا هەڵدەگرێ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین: ئەوەندەی بەعس لە راگواستنندا مەرامی خۆی پێکاوە، هەرگیز لە خولقاندنی مەرگەساتەکاندا نەیتوانیوە بیپێکێ، بۆیە پێویستە چیتر لە روانگەی سۆزەوە کار لەسەر ئەو کارەساتانە نەکەین، بەڵکو بەدیکۆمێنت کردن لە چوارچێوەی رەوتی نیشتیمانیدا و تێکەڵکردنەوە بە سیستمی خوێندن لە کاڵبوونەوەیان دەپارێزێ، هەروەها خوێندنەوەی قوڵتر بۆ مەرامی دوژمنان بکەین لە پیادەکردنی سیاسەتی کاولکاریدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## زیانەماددیەکانی کارەساتی بۆردومانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤

دوای کارەساتی بۆردوومانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ رژێمی بەعسی لەناوچوو بەقەدەغە کراوترین چەک بۆردوومانی شاری قەڵادزێ ی کرد وو،چەندین خانوو ی هاوڵاتیان و دووکان و بینا حکومییەکانی ئەو کات لەناوشاری قەڵادزێ وێران کراون و زیانیان پێگەیشتووە کە ژمارەیان ٢٣خانوو زیاتر دەبێت و ٣٦ دووکان و ٩ بینای حکومی ناوقەڵادزێ .

**لیستی خانووی هاوڵاتیان کەبەر بۆردوومان کەوتوون**:

١- ماڵی ئەحمەدی حاجی سابیر

٢- ماڵی ڕەسوڵی مام ئەحمەد

٣- ماڵی مامۆستا غەریب

٤- ماڵی زاهیری کارەبا

٥- ماڵی مامۆستا عبدولڕەزاق

٦- ماڵی حەسەن حاجی مەحمود

٧- ماڵی ئەحمەد خاسە

٨- ماڵی سەلیم مینە ئاغا

٩- ماڵی مەلا عومەر

١٠- ماڵی حاجی فەقێ

١١- ماڵی محەمەدی مەلا عومەر

١٢- ماڵی حسەینی حەماڵ

١٣- ماڵی ڕەشید بۆرە

١٤- ماڵی حاجی عەلی

١٥- ماڵی فایەقی حەسەن بیلی

١٦- ماڵی عومەری کوێخا ڕەسوڵ

١٧- ماڵی فەتحی حاجی کەریم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٨- ماڵی عەلی کەبابچی

١٩- ماڵی حەمەمینی سوره

٢٠- ماڵی عەزیری نەجار

٢١- ماڵی محەمەد قادر رەسوڵ

٢٢- قادری وەستا ئەحمەد

**لیستی ئەو دووکاندارەکان:**

١- دوکانی مەحمودی کویخا برایم

٢- دوکانی هەمزەی حەمە شوان

٣- دوکانی چایخانەی مەجید کێلەسپی

٤- دوکانی ئەحمەد عەزیز

٥- دوکانی حاجی عەلی

٦- دوکانی زاهیری ڕەسام

٧- دوکانی مەحمود

٨- دوکانی حەسەنە شەل

٩- دوکانی فەتاحی حاجی برایم

١٠- دوکانی ئەحمەدی قەیاغەوان

١١- دوکانی عەلی کۆیی

١٢- دوکانی کەماڵ عەلی کۆیی

١٣- دوکانی نوری سەعید

١٤- دوکانی قادری حەمە حاجی

١٥- دوکانی ئەسکەندەر

١٦- دوکانی وەستا حاجی دارتاش

١٧- دوکانی محەمەدی عەلی تاتۆز

١٨- دوکانی ئەحمەدی عەلی عەجەم

١٩- دوکانی ئیسماعیلی مام ئەحمەد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٠- دوکانی حسەینی مەلا مەحمود

٢١- دوکانی عەبدوڵلاَی مام ئەحمەد

٢٢- دوکانی عەبدولڕەحمانی ڕۆستەم

٢٣- دوکانی سەعید ڕەسام

٢٤- دوکانی شیخ تەها

٢٥- دوکانی عەبدوڵلای مامە لاو

٢٦- دوکانی عەوێزی قەساب

٢٧- دوکانی حەسەنی ڕەسوڵ چاوشین

٢٨- دوکانی عەزیز قەساب

٢٩- دوکانی مام ڕەشیدی قەساب

٣٠- دوکانی شیخ تەها

٣١- دوکانی جەمالی حاجی عەلی

٣٢- دوکانی سالح

٣٣- دوو دوکانی تر کەناوی خاوەنەکانیان نەزانرە

٣٤- چوار دوکانی تر ناویان نەزانراوە

٣٥- چایخانەی عەبدولرەحمانی مام برایم

٣٦- دوکانی ئەحمەد بایز

**لیستی بینا حکومیەکان**:

١- بەنگەڵەی توتن هەڵگرتن - کەئەو کات کرابوو بەشوێنی نوستن و حەوانەوەی خوێندکارانی زانکۆ.

٢- ئۆفیسی سەرۆکایەتی زانکۆ

٣- قوتابخانەی قەڵادزێ ی کچان

٤- قوتابخانەی پشدەری سەرەتایی

٥- خوێندنگەی ناوەندی قەڵادزێ

٦- ماڵی دکتۆر

٧- بەشێک لەنەخۆشخانەی قەڵادزێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٨- بینای شارەوانی

٩- ماڵی قائیمقام

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**یەکەم شاڵوی جینۆسایدی کورد، لەشەهید کردنی یەکەم زانکۆی شۆڕشی کوردستان لەقەڵادزی وە لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ دەستی پێکرد. دەبا ئەو ڕۆژە بەرەسمی بەڕۆژی جینۆسایدی کورد بناسێنین**



**خالید ئەحمەد ئاسنگەر**

**١- پێناسەی ناوچەی پشدەر و هەڵکەوتی جوغرافیایی و کورتەیەکی مێژووی:**

*** ناوی پشدەر:**

وێ دەچێت کە لە (پشت دەر)ە وە هاتبێت، بە واتە پشت (دە ر) یا ئەو دەربەندەی کە زێی بچوکی بەناودا ڕەت دەبێت و چیای کێوەڕەش و ئاسۆس لێک جیا دەکاتەوە. هەر ئەو دەربەندەش ناوچەی پشدەر بە ناوچەی بیتوێن بەیەکەوە گرێ دەدات.

*** هەڵکەوتی جوغرافیایی:**

پشدەر دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی. تا ئێستا ژمارەیەکی ڕووپێوی تەواوی ڕوبەرەکەی لەبەردەست دانیە. بۆیە ڕای جیاواز هەیە لەسەری. هەندێک سەرچاوە بە ١٢١٦ کم ٢، مامۆستا ڕەفیق سابیر بە ١٥٠٠ کم ٢ مەزندەی کردووە. کۆمەڵێک چیا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەوورەیان داوە و سنوری ناوچەکە لە ناوچەکانی تر جیا دەکاتەوە.

- زنجیرە چیای بلّفەت و تەورداسە لە ڕۆژ هەڵاتەوە لە ناوچەی سەردەشت،
- چیای قەندیل لە باکورەوە لە ناوچەی پیران شاری [خانێ]،
- چیای کێوەڕەش لە ڕۆژ ئاواوا لە ناوچەی بیتوێن،
- چیای ئاسۆس لە باشورەوە لە ناوچەی مەرگە [بنگرد].

ئەم لوتکە سەرکە شانە بەسەر ناوچەکەدا دەڕوانن قەندیل، چواس، هەرمێن، مامەندە، بلّفەت و کوریس.

زێی بچوک لە بێتوشەوە بە دامێنی چیای ئاسۆس بە ناوچەی پشدەر دا ڕەت دەبێت لە دەبەند دەڕژێتە ئەو دەریاچەیەی کە سەدی دوکان دروستی کردوە. ڕوبارێک کە لە ئاوی سپی سەروی هەڵشۆ هەڵدەقوڵێت، لە پشت قەڵاتی قەڵادزێ لە گەڵ چۆمی چۆمخڕکە یەکدەگرنەوە. ئەم چۆمانەش [ ژاراوە، بەستەستێن و کە لە گافرێن] کە لە بنارەکانی چیاکان هەڵدەقوڵێن و دەڕژێتە زێی بچوکەوە. ناوچەیەکی کشت و کاڵی، ئاژەڵداری و بازرگانیە. باشترین توتن لەم ناوچە و بیتوێن یە بەرهەم دەهێندرا.

### ⁕ کورتە باسێکی مێژوویی ناوچە کە:

- بە پێی هەندێ سەرچاوەی مێژووی قەڵادزێ مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ئاشورییەکان.
- لە کاتی هێرشەکانی (سەرجۆنی)ی هەشتەم ناوی زمبلی بووە.
- لە ساڵی ٥٧٢ی زاینی ناوی قەڵادزێ (نامرێ) بووە.
- لە سەردەمی عوسمانیەکاندا ناوی (الحمیدیە) بووە.
- لە دوای هێرشەکانی لە شکری عوسمانی لە ساڵانی ١٨٩٢ - ١٨٩٣ بۆ سەر ناوچەی پشدەرو داگیرکردنی، ناوی شارە کەیان گۆڕی بە (المعمورە العزیزە). هەر لەو ساڵانەدا شارەکەیان لەدەست دەرهێندراوە و ڕزگار کراوە، بە کوشتنی سەرکردەی سوپای عوسمانیەکان دەڵێن لە لایەن کەڵە پیاوی ناوچەی پشدەر مام حەسەن خڕە باوکی خوالێیخۆش بێ (مام ساڵحی حەسەنی کەستانێ)

### ⁕ ناوی قەڵادزێ لە چیەوە هاتوە:

ڕای جیاواز هەیە لەسەر ناوی قەڵادزێ. هەندێک ڕایان وایە لە (قەڵادووزێ)وە هاتوە. لە دامێنی خوارەوەی شار قەڵایەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەیە کە مێژووەکەی زۆر کۆنە [هەندێک سەرچاوە بۆ سەردەمی ئاشووریەکان، هەندێک سەرچاوەی تریش بۆ سەردەمی (خان بداغ) کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارە شمانەی دەگێڕنەوە (گوایە بە تورەکە گڵ کێشی دروست کراوە)].

دوو رووبار بە ناو قەڵادزێ دا تێدەپەڕن لە پشت قەڵاتەکە یەک دەگرنەوە.

### هەندێ ڕۆشنبیر و نووسەرڕای جیاوازیان هەیە لەسەر ناوی قەڵادزی:

ا- مامۆستا (خدر ابراهیم خدر) رای وایە کە لە قەڵادووزێ وە هاتووە.

ب- مامۆستا طه بابان لەکتێبەکەی کۆستی شارێک ڕای وایە کە (قەڵا) کە ئەوە هەیە، (دژ) کە هەمیشە دژی داگیرکەران بوووە. بەتێپەڕ بوونی مێژوو دژە کە بووە بە دزێ. واتا قەڵادژێ بووە بۆتە قەڵادزێ. هەروەک چۆن: ڕەواندژ بۆتە ڕەواندز، نەورۆژ بووە بە نەورۆز.

ج- میرزا خدری هێرۆیی دەڵێ هەندێک کەس پێیان وایە لە قەڵای زی هاتووە،
(زی: جۆرە دڕک و داڵێکە). بە واتا کاتی خۆی دەبێت هەر چوار دەوری قەڵاکە زی بوو بێ.

بە ڕای من ئەو بۆچوونە لاوازە چونکا زۆر قەڵای تریش لەوانەی هەبن چواردەوریان بە زی گیرابێت و ئەو ناوەشیان بەخۆوە بە سەردا نەبڕاوە.

### * ناوی هەندێ شوێنەواری مێژووی:

زۆر شوێنەواری مێژووی لە ناوچەکە دەبیندرێن، لەوانە:

١- قەڵاتی (قەڵادزێ، سەید ئەحمەدان و دینگە).
٢- بەرشاخان لە ناحیەی هێرۆ،
٣- بێموش لە گوندی بێموش،
٤- زندان لە گوندی بادەڵیان،
٥- گردی حەسار لە گوندی حەسار



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٦- گۆڕی فەقێ ئەحمەدی دارە شمانە،

٧- گلکۆی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە،

٨- گلکۆی شێخ فەرخ

٩- گلکۆی سۆفیەکانی سیکەنە و سەرخانان،

١٠ - زۆر شوێنەواری شەڕەکانی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی بۆ نموونە (دۆڵی شە یدان) لە پشتی سەنگەسەر. وە زۆری تریش.

### ٭ هەندێک داب و نەریتی ناوچەکە:

- هەر لە کۆنەوە شورایەک لە ناوچە کە هەبووە کە نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی تێدابووە، بەپیاو ماقوڵان و ڕیش سپیانی ناوچەکە ناویان هاتووە. کە هەرچی کێسە و مەشاکلی ناوچەکە بووە بەئەستۆی خۆیان گرتوە و بە بێ مقابیل خەریکی حەل کردنی کێشەکان بوون،

- لە کاتی مردوو مردندا هەموو خەڵکی بەشداریان تێدا کردوە و بە دەفەلێدان و بە پێیان لە سەر شانیان داناوە تا سەرقەبران، دوایش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هەموو گرڕەک سێ جەمە بەتایبەت ئێواران سینان بردۆتەوە بۆ ماڵی خاوەن مردوو، نانی بە کۆمەڵیان خواردوە و نەیان هێشتوە خاوەن مردوو بە تەنها هەست بە ئازارەکانی بکات.

- زۆر میوان دۆست و خزمەت گوزار بوون بە رامبەر بەڕێبوار و غەریبانەی ڕێیان کەوتبێتە ناوچەکە، یا خود لێی قەومابێ و پەنای بۆ بردبن.

### ٭ ئەم عەشیرەت و تیرە و تایفە و بنەماڵانە لە ناوچەکەدا دەژین:

ژمارەیەکی سەرژمێری دانیشتوانی تەواو و دروست ناوچەکە لەبەر داست دانیە، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ - ٣٦١٠٣ کەس ناونوس کراوە. ژمارەی دانیشتوانی پێش ڕاگوازتن زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەس مەزندە کراوە، ئەمەش ناوی هەندێک لەو عەشیرەت و تیرە و تایفە و بنەماڵانەیە کەلە ناوچەکەدا دەژیان:

- پشدەری [ کە سەرەتا تەنها (میراودەلیەکان) بە واتا ئاغاکان خۆیان بە پشدەری ناوزد دەکرد، لە پیاوە ناو دارە کانیان (بابەکر ئاغای گردە سپیان و هەباساغای چۆم خڕکەن) کە وەک دوو بەرەبابی جیاواز خۆیان نیشان دەدا. بەڵام



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوای پەرت بوونی خەڵکی قەڵادزێ بە شارەکانی تر و هەندران زۆر کسیە ڕۆشنبیر و سیاسی وەک نازناو پشدەریان بۆ خۆیان هەڵبژارد].

- نورەدینی مێژوویەکیان هەیە بەڵام لە ساڵانی ٧٠ تاکان کۆمە ڵێک شۆڕش گێڕ لە جوتیارانی ناوچەکە لەوانە ( ئەحمەد مستە فا، سالحی حەسەنی، ساڵحی دەروێش قادری، حاجی برایم شیرخۆرو هەباسی سۆفی ڕە سو ...چەند کەسی ناوداری تر)، بۆ جیاکردنەوە یان لە میراودەلیەکان وەک عەشیرەت لە دەزگا ڕەسمی و حزبیەکان ڕایان گەیاند عەشیرەتی تریش جگە لە میراودەلیەکان لەناوچەکە هەن.

- مەنگوڕ ئەمان عەشیرەتێکی گەورەن ناوچەی مەنگوڕایەت تا ناوچەی مهاباد درێژ دەبتەوە تا چۆمی ژاراوە لەناوچەی پشدەر. لە باشووری کوردستان (عەلیاغای) مەنگور سەرۆک عەشیرەتیان بوو. ڕژێمی سەدام لە سێدارەیدا.

- مامەش کە ئەمانە گوندەکانی دێلۆ و مێرتکەیان لە ساڵانی ٦٠ە کان بە دەستی ئاغاکانی پشدەر لێ سوتێندرا. لە پیاوە ناوداره کانیان (حەمەدی کا خدری دێلۆ و مەلا ڕەسوی باداوانە) بوون.

- ئاکۆ کە ئەوانەی دیووی پشدەر باڵوڵ ئاغا بە گەورەی خۆیان دەزانن، چونکا زۆربەی عەشیرەتی ئاکۆ لە ڕانیەوە تا حاجی ئۆمە ران (هەبا ساغای سەرتەپکانی ڕانیە) بە گەورەی خۆیان دەزانن.

**کۆمەڵێک تیرە و تایەفە و بنەماڵەی گەورەشی تێدا دەژین وەک:**

شۆڕی، بەگ، مەرەسەنە، کۆیی، سلێمانیەیی، مەرگەیی، جاف و مهابادی و سەردەشتی، زۆری تریش.

**٢- کارەساتی بۆردمانی یەکەم زانکۆی شۆڕشی کورد لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ لە قەڵادزێ:**

ڕژێمی داگیرکەری عەفلەقی بەغدا دوای ئەوەی لە بەیان نامە ١١ی ئازاری مێژووی پاش گەز بۆوە کورد هەمووی بێ جیاوازی دایانە پاڵ شۆڕش و بەرە و ناوچە ئازادەکان و بنکەکانی پێشمەرگایەتی هەڵکشانە سەرەوە. قەڵادزێش ئەو کاتە یەکێک بوو لەو شارە ئازاد کراوانەی کە سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا ببێت بە بنکەی دامەزراوە مەدەنیەکان کە لە ٧٠ وە تا ٧٤ لە کوردستان گەشەیان کرد بوو، لە هەموویان گرنگ تر زانکۆی سلێمانی بوو بڕیار درا بگوازرێتەوە بۆ قەڵادزێ. لە ماوەیەکی کورتدا سەرۆکایەتی زانکۆ ئۆفیسێکی بۆ خۆی کردەوە و مەنگەڵەکانی ئینحساریشیان خاوێن کردەوە بۆ شوێنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حەوا نەوەی زانكۆییان. ڕژێمی داگیركەرەكان كە زانست بەڕەوای كورد نازانن و چاویان بە ڕۆناكی هەڵنایە پێش ئەوەی زانكۆییان دەست بەخوێندن بكەن لە دەور و بەری كاتژمێر ١٠ بەیانی بە تازەترین چەكی ئەو سەردەمە كە سۆخۆی ٧ ڕوسی و ناپاڵمی قەدەغە كراوی نێو دەوڵەتی بوو قەڵادزی بۆردومان كرد. لەماوەی چەند چركە یەكدا زیاتر لە ٣٩٠ ژن و منداڵ و خوێندكار و زانكۆیی شەهید و بریندار كرد. شوێنی سەرۆكایەتی زانكۆ و بەشی ناوخۆیی و خوێندنگاكان و ماڵەكانی دەوروبەری خەڵتانی خوێن كرد، كردیە كەلاوە و وێران.

⁕ ژمارە ی شەهید و بریندار مەزندە دەكرێت:

- ژمارەی شەهیدەكان زیاتر لە ١٤٠ كەس،
- ژمارە ی برینداران زیاتر لە ٢٥٠ كەس.

⁕ ناوی هەندێك لەو ماڵانەی كە زۆرترین شەهیدیان داوە:

٢ - ١ كاك ئەحمەدی حاجی سابیر ٩ شەهید، بەداخەوە تا پاریش كە كۆچی دوایی كرد جلی ڕەشی هەر لەبەر دا بوو. هەرچەندە خێزانی پێك هێنابۆوە، خواش ئەو منداڵانەی كە لێ سەند بۆوە هەمووی سەر لەنوێ لە خێزانە تازەكەی پێ بەخشی بۆوە.

٢ - ٢ كاك قادری وەستا ئەحمەدی ٦ شەهید،
٢ - ٣ كاك حەسەنی حاجی مەحمود ٥ شەهید،
٢ - ٤ مامۆستا عەدول ڕەزاق سەڕاج ٥ شەهید،
٢ - ٥ جەمال كابانی هونەرمەند ٤ شەهید.

زۆر بنەماڵی تریش كە زیاتر لە یەك كەسیان لێ شەهید ببوو.

⁕ ناوی هەندێك لە شەهیدەكانی زانكۆی سلێمانی لە قەڵادزێ:

٢ - ١ سۆران محەمەد سەڵتە
٢ - ٢ ئازاد حوسێن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢ - ٣ سەروەر عەلی قادر

٢ - ٤ بورهان عەبدوڵا شاسوار

٢ - ٥ حه مه ساڵح سام سام

٢ - ٦ هیوا عه بدول غەفور

٢ - ٧ عەبدول حەمید خانەقینی

دڵنیام جگە لەم زانکۆییانە کەناوەکانیان تۆمار کراوە، مامۆستا وکارمەندی زانکۆش شەهید بوون. وەک شەهید ئەمیر ڕەئوف نەجیب، شەهید عومەر مەجید ...زۆری تریش.

## وەک ئەمانەتێک بۆ مێژوو:

## ٣- ڕۆڵی خەڵکی ناوچەی پشدەر لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان:

لە ئەنجامی پلانە گڵاوە شوومەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ جەزائیر کە لە نێوان حەمە ڕەزا شای گۆڕ بە گۆڕ و سەدامی گۆڕبەگۆڕ مۆرکرا ، شۆڕشی ئەیلول نسکۆی هێنا، کە نسکۆی هەموو کورد بوو، ڕۆژێکی ڕەش باڵی بەسەر کوردستان دا کێشا. بەڵام خەڵکی شۆڕشگێڕی ناوچەی پشدەر نەیان هێشت ئاوردانی شۆڕش سارد ببێتەوە. ڕقی پیرۆزی ٢٤ / ٤ تێکەڵ بە هەستی بەرزی دێرینی شۆڕش گێڕی ناوچەکە بوون.

بە بێ بوونی سەرکردایەتی شۆڕش، یاخی بوون و بەرەنگاری لە بناری قەندیل درێژە ی دا.

## ⁕ یاخیبوونی کوێخاکانی مەنگوڕایەتی، دەست وە چیای قەندیل دان:

بۆ یەکەمین جار کوێخا مەحەمەدی مەلا شەریف دەستی وە چیا داو یاخی بوو، دوا بە دوای ئەویش کوێخاکانی تری مەنگوڕایاتی و دوا تریش عەلیاغای مەنگوڕ. ئەمانە بوونە ڕێخۆشکەر و تاقیکردنەوەیە ک بۆ سیاسی و شۆڕشگێڕانی کورد بۆ ئەوەی جارێکی تر لە بناری قرندیل بە هاوکاری کۆمەگی خەڵکی ناوچەی پشدەر جارێ شۆڕسی نوێ بدەن.

⁕ گوندەکانی باوزێ، هەڵشۆ، بێگەلاس، سرێجێ، سەیدە ئەحمەدان، چۆمخرکە، کەرسۆنان، سندۆلان، دەشتێو، گەرمکان، بەری ئاسۆس، شێنێ، زەڵێ، بێ دەلان، ڕەزگە و مارە دو دۆڵەتوو. زۆربەی گوندەکانی تری ناوچەکە یەکەم بنکە و بارەگای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێشمەرگەیان وەخۆگرت، ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاویان بینی لە دروست بوونەوەی پێشمەرگایەتی و شوڕش دا..

### خۆنیشاندانەکەی سەرەتای ساڵی ١٩٧٦:

* جموجوڵ و کار و چالاکی لاوەکانی قەڵادزێ شاراوە نەبوو، ڕژێم دەرکی پێکرد بوو، بۆیە بەدوای چارەسەرێک دا دەگەڕا بۆ لەخشتەبردن و لە هەستی شۆڕش گێری کەمکردنەوە وتێکدانی خووڕەوشتی لاوەکان. لەبەهاری ١٩٧٦ بۆ یەکەم جاربۆ تێک دانی عادەت و عورفی ناوچەکە و سەر گەرم کردنی لاوەکان تیاترۆخانەیەکی لەقەڵادزێ کردەوە. هەرزوو خەڵکەکە نارەزایی و رەدکردنەوەیان نیشاندا. بەپێشەنگی مامۆستای خوالێخۆش بوو مەلا سەعدی ڕێپێوان و خۆنیشاندانیان ساز دا. لەوێ رۆژێدا کە بەعس لەو پەڕی دەستەڵات دابوو. بۆ خەڵکی قەڵادزێ جوامێریەکی زۆری تێدا بوو کەخۆنیشاندان و ڕێپێوان بکەن لەژێر هەر ناوونیشانێکدا بێت دژی بڕیارەکانی بیێتەوە.

### * یەکەم دەستەی بە کۆمەڵ لە سێدارەدراوی خەڵکی شۆڕشگێری ناوچەی پشدەر بوون:

لە مانگی ١١ - ١٩٧٧ دە زگا جاسووسیەکان بەهۆی گیرانی کاک (ئەحمەد عەبدوڵا ئیسماعیل ) هەندێک پۆستی شۆڕشیان کەوتە دەست. بەلێدان و ئازاردانێکی زۆرلێیان دەرهێنا بوو کە بۆ کێی هێناوە. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بگیرێن:

٣ - ١ ئە حمەدی کاکە ئەمینی

٣ - ٢ ئەحمەدی حەمەی عەوڵای

٣ - ٣ عوسمانی مام شەفیقی کارێز هەڵ قەن

٣ ٤ حوسێنی ڕەسوا ئاغای

٣ - ٥ خدری مام ڕە سوی شەملۆرێ

٣ - ٦ لەتیفی بانق

٣ - ٧ عەبدوڵا حەسەن سوور

٣ - ٨ مام ڕەسوڵی میرزا دڵشادی

٣ - ٩ ئەحمەد عەبدوڵا ئیسماعیل

هەموویان لەبەرواری ٤ - ٤ - ١٩٧٨ لە قەسابخانەکەی موسڵ ڕوحیانەتی پاکیان بەبەهەشتی پیرۆز شاد بوو ڕوحیان شاد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەنها کاک ئەحمەدی سێمانی و کاک مەحمودی مامە لاوەی نەبێت کە حوکمی زیندانیان بۆ دەرچوو.

باقیەکەی تریش خۆیان شاردەوە و هەڵاتن بۆ دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی. جێگای خۆیەتی ناوی هەندێک لەو قارەمانانە بهێنین بۆ ئەوەی خەڵک بەرێزەوە سەیریان بکات هەر چەندە هەر هەموویان زۆر بەرێزن:

شەهیدان(خالیدی مەلا مستەفای، نەوزادی حوسێنی مام سالحی، موختاری عەوڵای حاجی غەریبی،

سەید ئەنوەر، ئاراسی ڕەسو بێچووی، ووریای حاجی ئەحمەدی، مەحموودی مام پیرۆتی، خدری حەسەنە خواری، وەستا قادری ئاسنگەر، وەستا عوسمانی ئاسنگەر، مەولود ئاغا، برایمی حاجی حەمەوەیسەی، پیرۆتی ڕەسوە عەولەی، عەوڵای ڕەسوە عەولەی، حەمەی ئاڵی، حەمە مام حەسەنی و ڕوحی شاد خدرە خوار لەدەم زێی سندۆڵان سەکتەی گرت، وا لێی خۆش بێت. کۆمەڵێکی زۆری تریش داوای لێبووردنیان لێدەکەم کە بە داخەوە ئێستا ناوە کانیانم لە بیر نەماوون. تکا دەکەم هەر کەسێک ناوەکانیان دەزانێت با بۆمان بنێرێت زۆر سوپاسیان دەکەین.

* یەکەم داستانی قارەمانانەی شۆڕشی نوێ لە گوندی دەشتێو:

تازە سەرەتای دروست بوونەوەی پێشمەرگە بوو، لە ٨ ئازاری ١٩٧٨ پۆلێک پێشمەرگی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە دەشتی هەولێرەوە دەگەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی لە شێنێ. لە گوندی دەشتێو ڕووبەڕوی گەورەترین هیزی داگیرکەری بەعس دەبنەوە. کە بە ١٠ یان فرۆکەی شەڕکەرو تانک و تۆپ بە شداری تێدا کرد، بە سەرپەرشتی [ئیسماعیل تەها نعێمی فەرماندەی فەیلەقی ١ ئەو کاتەی بەغدا دەبێت (لە یادەوەریەکانی خۆی ئەزموون لە سەرکردایەتیدا) باسی قارەمانیەتی ئەو پێشمەرگانە دەگێڕێتەوە]. لە بەیانیەوە تا ئێوەرە شەڕ بوو بە دەیان سەرباز و جاش کوژران. سەعدی گچکەی سەرکردە و ١٣ لەهاوخەباتەکانی لەمەیدانی شەڕەکە شەهید بوون و ٥ی تریش دوای ئەوەی بەبریندار بەدیل دەگیرێن، ٤ یان لە سێدارەدەدرێن و یەکێکیشیان بەهۆی کەمی تەمەنی ٢٠ ساڵ حوکم دەدرێت.

( هەموو خەڵکی قەڵادزێ سەیر شەڕەکەیان دەکرد کزەیان لە جەرگ دەهات، منیش لە مزگەوتی خانەقاوە بە رامبەر بە شەڕە کە هەنیسکم دەخواردەوە و سەیر تەیارە شەڕ کەرەکانی داگیر کەرانم دەکرد کە چۆن ٤ ، ٤ و ٥ . ٥ شەریان لە گەڵ ئەو قارە مانانە یان دەکرد. هەندێک لە هێلی کۆپتەرانە بار هەڵگربوون بریندار و کوژراوی سوپای داگیرکەریان بۆ کەرکوک و خەستەخانە سەربازیەکانی تر دەگوازتەوە) باشترین سەرچاوەش بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم داستانە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بیرەوەری پێشمەرگەیەکی لە نوسینی خاڵە سەید کاکەیە کە خۆی لە شەڕەکە دا بە موعجیزە دەرباز بوو. تەرمی شەهیدەکان لە سەر قەبرانی قەڵادزێ نێژراون.

{لە ١٠ مەی ٢٠٠٨ (ڕزگارسید کاکەڕەش (هەردی) لە کوردستان پۆست نوسیویەتی: بەگەیشتنی نامە وبروسکەیەک لە لایەن سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆشیالست بۆ فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر شەهید سەعدی گچکە و سەید کاکەی فەرماندەی هەرێمی سەفین ، بگەڕێنەوە بنکەی سەرکردایەتی لە گوندی شێنێ؟

ژمارەیان لە ٤٣ پێشمەرگە تێپەر نەدە بوو بەهەردوو هەرێم دوای ڕۆیشتن بە ڕێگا و بە شەو بە بەلەم لە ئاوی دوکان پەرینەوە بەرەو شاخی ئاسۆس، ئێوارێ گەیشتن بە گوندی گەرمکان، دوای حەسانەوە نان خواردن سێ پێشمەرگە لەم دێی یە بوون، بۆ ڕێنمای کردن ویارمەتی پەرینەوە یان لە ڕووباری گەوەر و پەڕینەوە بۆ لای قەڵادزێ، بۆ گوندی نوورەدین دا ڕۆشتن لە ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ سەرەو هەوراز گوندێک پێش گوندی دەشتێو. پێشمەرگەکان سەربازێکی زۆر و پڕ لە چەک و هێزێکی گەورە بەرەو گوند ئەهاتن، کات بەرەو بەیانیە ناوچەکە پڕلە سەربازە دوژمن پێشمەرگەی بینیو دەستی بە تەقە کرد ٨ - ٣ - ١٩٧٨ پێشمەرگە بەرەو زنجیرە شاخێک ڕای کرد بۆ سەنگەر دامەزراندن، قارەمان و سەرکردە سەعدی گچکە شەڕی دەست پێکرد؟

لە دوژمن قائید فەیلەقی (١) اسماعیل تەها نعێمی سەرپەرشتی شەڕدەکات ! لە پێشمەرگەش ! شەهید سەعدی و سەید کاکە ! شەڕ تا دەهات گەرم دەبوو ،تا سەعات ٤ پاش نیوەڕۆ ١٠ هێرشی دوژمن شکا، پێشمەرگە ١٢ شەهید و ١١ بریندارى هەبوو، لە سەر بڕیاری شەهید سەعدی مانەوە بۆ سەعاتێکی تر پێشمەرگە شەڕ بکات. تا دەهات شوێنی پێشمەرگە بەر تەسک دەبۆ وە فەرماندە سەعدی گچکە شەهید بوو }

**ناوی شەهید و دیل و بریندارەکانی سەروەرەکانی شەڕی دەشتێو:**

١- سەعدی عزیز (گچکە) خەڵکی هەولێر فەرماندەی هەرێم دەشتی هەولێر
٢- فاروق سەدیق خەڵکی هەولێر
٣- ئەحمەد حەمە کریم خەڵکی گوندی گورزەیی قەزای کۆیە
٤- حەمە حەمەدەئەمین خەڵکی گوندی سکتان قەزای کۆیە
٥- فەرەج قادر ئەحمد خەڵکی قەزای مەخمور



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٦- شاهین عزدین خەڵكی پردێ
٧- تاهیرمحمەد علی خەڵكی گوندی كەندار
٨- عەسمان ئەحمەد حەسەن خەڵكی گوندی باوەقوب
٩- سەباح جەمیل خەڵكی گوندی چەمرگە
١٠- ئەحمەد حەمە حەمین خەڵكی گوندی چەمرگە
١١- فەریق هەمزە خەڵكی گوندی سەربیر
١٢- جواد سەید كەیم خەڵكی گوندی گۆمەشین قەزای كۆیە
١٣- جەعفەر سەید كریم خەڵكی گوندی گۆمەشین قەزای كۆیە
١٤- جەبار سەید ئسماعیل خەڵكی گوندی گۆمەشین قەزای كۆیە

**ناوی ئەم پێشمەرگانەی كە بە بریندارى گیران و لە سێدارە دران...؟**

١- حوسێن سەید ڕەحمان خەڵكی گوندی گۆمەشین قەزای كۆیە
٢- كەمال سەید واحید خەڵكی گوندی گۆمەشین قەزای كۆیە
٣- سامی سەید عومەر هەولێر
٤- جەعفەر ئەسوەد كۆیێ
٥- عەزیز.... تەمەنی بچووك بوو بیست ساڵ حوكم بوو..؟

**ناوی ئەم پێشمەرگانەی كە بریندار بوون و ڕزگاریش كران...؟**

١- جمال كوردە
٢- بكر حەمە
٣- عبدوڵلا سەید حەسەن
٤- ...............................؟
٥- باداخەوە ئەو ناوانە تەئكید نیم ببوورن.........؟

**٤- ڕاپەڕینە مەزنەكانی ساڵی ١٩٨٢ و ساڵانی دواتر، كاردانەوەی لە سەر ڕاپەڕینی گشت شارەكانی تری كوردستان:**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵانە خەڵکی لە سەر قەبرانی قەڵادزێ یادی شەهیدەکانیان بە بەرزی ڕادەگرت و یادیان دەکردنەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ فۆڕمێکی شۆڕشگێڕی تر بەخۆوە بینی. بە هۆی ووشیاری خەڵکی ناوچەکە و نزیکیان لە سەرکردایەتی هەموو حزبەکان و پەرەسەندنی ڕێکخستنەکانەوە. قوتابی و خوێنکارە خوێن گەرمەکان بەرێپێوان بێ جیاوازی بیر و ڕا لە ناو شارەوە بەرە و گلکۆی شەهیدان کەوتنەرێ. داگیرکەری بەغدا وەک پیشەی هەموو دکتاتۆرەکانی تری دنیا بە ئاگر و ئاسن کەوتە ئاوێزانی گیانی ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕە. بە تانک و زرێ پۆش ڕووبە ڕوویان بۆوە. لە ئەنجامدا (مامۆستا سنە و بەر وادیکە ئامینە) شەهید بوون و زیاتر لە ٥٩ کچ و کوڕی خوێنکاریش کەوتنە زیندانی عەفلەقیەکانەوە. بۆ مێژوو بە ئەمانەتەوە دەڵێم ئەگەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بەرنامەیە کیان هەبوو بێ من حاشای لێ ناکرێت چوون دەورێکی بەرچاویان بینی. بەڵام بەرەی جود لە ئەوانی کەمتر نەکرد.. من شاهیدی دەدەم وە بۆ خۆم لەوێ بەشدار بووم کاتێک کە زرێپۆشەکانی ڕژێم بە دوای لاوە خوێن گێرمێکانە وە بوو لەو دەشت و دەرە ئێمە بۆ مێژوو دەڵێم ئێمە واتا ڕێکخستن و هەوادارانی بەرەی جود هەموو کەس و کارمان لە ناو ڕێپێوانەکەی سەر قەبراندا بوون.، ( خوالێی خۆش بێت برایمی ڕەسوی میرانی یەکیەت و فەرهادی حەوێزی قەساب، فەرەیدوونی وەستا مەحمودی بە ناو و چەند هاوڕێکی تر لە حزبی شیوعی هاوکات لە گەڵ بەندە دا ئەم ڕێپێوانەیان سازدا لە بەردەمی مزگەوتی کارەباوە دەستمان کرد بە ڕێپێوان و ووتاف کێشان بۆ ناو بازاڕو خەڵکێکی زۆرمان کۆکردەوە. ڕوبەڕوی تەقەی دۆشکەکانی سەر قەڵات ئینزباتەکانی سەربازی ناو بازاڕ بووینەوە. ڕێپێوانی ناو شار زۆر سەرکەوت بوو بووە هۆی کەم کردنەوەی زەخت ڕژێم لە سەر خۆپێشاندەرانی ڕاونراو لە سەر قەبران. هەستانەوەی خەڵکە ڕاونراوە کەو گەڕانەوە یان بۆ ناو شار. هەموو خەڵکی ناو شارەوە گەڵ ڕێپێوان کەوتن. ئەوجا هەموو خوێندنگاو فەرمانبەر کارمەندانی شارەکە دایانە پاڵ خەڵکی مانگرتوی شارە کە. شەهیدەکان هێندرانە مزگەوتی کارەبا بە شێوەیەکی کاتی نێژران. هەموو خەڵکی شارەکە بێ جیاوازی لە دەور و بەری مزگەوتی کارەبا کۆبوونەوە. شارەکانی تریش دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی قەڵادزێ. خوێندکار و لاوانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولیرو موسڵ و بەغدا زانکۆیان جێهێشت و بوونە پێشەنگی مانگرتنەکان. هەموو شارەکانی کوردستان دوکان بازاڕ و خوێندنگا و دائیرە کانیان جێ هێشت، ئاخرین شار شاری دەستە خوشکی قەڵادزێ بوو مانی گرت و دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیووی کوردستان.

* چۆک دادانی داگیرکەران بۆ ئیرادی گەل و داوای گفتو گۆ:

ڕژێم دڵی لەرزی چۆکی دادا بۆ ئیرادەی گەل، پەیوەندیان بەرێش سپی پیاو ماقوڵانی شارەوە کرد بۆ ئەوەی لە گەڵ لیژنەی سەر پەرشت کاری مانگرتنە کە وات نوێنەری حزبەکان گفت و گۆ بکات. زۆر باشم لە بیرە بە ئەمانەتەوە دەڵێم کە کۆمیسیۆنی پیاو ماقوڵان (مامۆستای دەڵگەی، حەمەی کانەبی ئاغا، ڕەسوی حەسەن ئاغا و چەند کەسێکی تر بوون) .



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نوێنەری سەرپەرشت کاری مانگرتن و ڕێپێوانیش [ کاک ئەمینی مام قادری، خوالێ خۆشبێت مامۆستا مەحەمد سوڵتان لە یەکیەتی، مامۆستا حەسەنی مەلای فەقێ ڕەسوڵ لە پارتی و بەندەش لە سۆسیالیست (هەڵبەتە من ئەو کات بەرپرسی ڕێکخستنە کانی سۆسیالیست نەبووم بەڵام ڕێکخستنەکان ئەم شەرەفەیان بە من بەخشی سوپاسیان دەکەم)، شیوعیەکان لە وێ بوون بەڵام لە بەر ناحیەی ئەمنی خۆیان کە سیان بە ئاشکرا بەشداری نەکرد] داواکاریەکانی ئێمە ئەوکات:

١- ئازاد کردنی زیندانیانی ڕێپێوانەکە و هەموو زیندانە سیاسیەکانی کوردستان بوو،

٢- گێرانەوەی گوندە راگوێزراوەکان بۆ شوێنی خۆیان،

٣- ڕێگادان بوو بە ئازادی و بە ڕێپێوان شەهیدەکانمان بەرین بۆ سەر قەبران.

لەوەڵامدا ووتیان لەسنووری پشدەر لە ژێر دەستەڵاتی ئێمەدایە و دەتوانین داواکاریەکانتان جێ بەجێ بکەین. بەڵام بۆ زیندان سیاسیەکانی هەموو کوردستان و گێڕانەوەی گوندەکان ئەوە دەبێت ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لێ بدات!

ئیرادەی گەل سەرکەوت و ڕژێم هەموو زیندانیەکانی قەڵادزێ ی ئازاد کرد و ڕێگای‌دا بەئازادی شەهیدەکانمان ببەین بۆ سەرقەبران. ئەمە بووە هۆی شکاندی تەلیسمی ترس. بە ڕژێمیان نیشاندە کە ئێوە ئەوە نین کە ئێمە جاوترس بکەن. بۆیە یا دەوەری ٢٤ / ٤ بووە هەوێنی خۆنیشاندان و ڕاپەڕین لە هەموو کوردستان و هەموو ساڵێک لەو کاتە دا شۆڕش گێڕان و قوتابیان وخوێندکارانی کوردستان قەڵادزێ یان دەکردە مەیدانی خۆنیشاندان و ڕاپەڕین. هەروەک و شایی و سەیرانی لێهات بوو بۆ شۆڕش گێڕان.

ڕژێمش دەکەوتە دڵە لەرزە و چەند هە فتەیەک پێشتر ئامادە باشی بۆ وردەگرت و هێزی تایبەت و گۆپاڵ بەدەستی لەبەغداوە بۆ قەڵادزێ دەهێنا.

### ٥- پریشکی ئاگری شەڕی نە گریسی ئێران وعێراق، تۆپ بارانی ڕۆژانەی تۆپە کانی ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨:

خەڵکی ناوچەی پشدەر بە گشتی و شاری قەڵادزێ بە تایبەتی تەنها قورسایی شۆڕش و ڕاپەڕین و بەخێو کردن و حەشاردانی پێشمەرگەیان لە ئەستۆ نەبوو، بەڵکو بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لە ژێر ڕەحمی تۆپباران و قەسفی هەوایی ڕژێمی ئێرانی دا بووە. بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٨ کۆتایی شەڕە نەگریسەکە. بە دەیان کەس سەر و ماڵیان تێدا چوو. ڕۆژی وا هەبووە زیاتر لە ٨٠ تۆپی لە سەریەک لێداوە بۆخۆم ژماردوومە. ئەوەش بووە هۆی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر پێش ڕاگواستنی ساڵی ١٩٨٩ شارە کە جێبێڵێت و بچن بۆڕانیە و سلێمانی و هەولێر و شارەکانی تر نیشتەجێ ببن.

### ٦- ڕاگوێزانی قەڵادزێ لە ٢٥ - ٦ - ١٩٨٩

دوای کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکان، ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس کەوتە تۆڵە لە خەڵکی شۆڕشگێڕی قەڵادزێ. بە ناوی جێبەجێ کردنی ڕێکەوت نامەی عێراق و ئێران چۆڵکردنی ٣٠ کم بە درێژایی سنوری.

٢٥ - ٦ - ١٩٨٩ ئاخر ڕۆژی ڕاگوێزانی هەموو ناوچەی پشدەرە {بە شاری قەڵادزێ وەش} بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکانی: حاجیاوا، پیرە مە گروون، بازیان و باینجان لە پارێزگای سلێمانی،

خەبات، کەورکۆسک، تۆبزاوە، جەدیدە و دارە توو لە پارێزگای هەولێر.

### ٢٦ - ٦ - ١٩٨٩ ڕژێمی بەعس هەموو ئەم خانووبەرە و بینای قەڵادزی تەختکرد:

- ٥٠٠ خانووی هاووڵاتیان،
- ١٣ مزگەوت،
- ١ خانەقی نەقشبەندی،
- ١٣ قوتابخانە سەرەتایی،
- ٤ قوتابخانەی ناوەندی،
- ١ قوتابخانەی ئامادەیی،
- ١ باخچەی ساوایان،
- بینای سەرا [ قشڵە]،
- خەستەخانە،
- سەرجەم خانووبەرەی دام دەزگاکانی تری دەوڵەتی

ڕژێمی داگیرکەر وای زانی بەڕاگواستن دەتوانێ ڕوحی شۆڕشگێری خەڵکی قەڵادزێ تێک بشکێنێ و ورەیان پێ بەربدات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەشیان بوو بە سەروەریەکی تر بۆ خەلکی شۆڕسگێر و ئەوەندەی تریش ڕقی پیرۆزی تۆڵەیان ئەستوور تر بوو.

### ٧- ڕۆڵی خەڵکی ناوچەی پشدەر و قەڵادزێ لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری ١٩٩١:

لە ڕاپەڕینە مەزنەکانی بەهاری ١٩٩١ خەڵکی ڕاگوێزراوی قەڵادزێ دەسرۆکەی سەرچۆپی ڕاپەڕینیان لە دەست دەر نەهێندرا:

* ٣ و ٤ - ٣ - ١٩٩١ خوالێخۆش بێت کاک ڕزگار (ئەمین ئەحمەد) کۆمەڵێک پێشمەرگی سۆسیالیست بەنهێنی هێنابوو کە ژمارە یان لە ١٨ کەس زیاتر بوو، بەرپرسەکانیان موحسین بایز، سابیر فەقێیانی کۆیی و مام هێنی ڕە واندوزی) بوون لە بناری کونەسەیە و گوندی کفرە دۆڵ حە شاری دا بوون. بەررە بەیانی ٥ - ٣ هێشتا ماندوبونیان نەحەسا بۆوە کە وەکو یەکەم دەستەی پێشمەرگی کوردستان تێکەڵ بە جەماوەری ڕانیە و حاجیاوای ڕاپەڕیو بوون و یەکەم ئارپیجیان بە دائیرەی ئەمنی حاجیاوا وەنا. بە غەیر عە عەزیز بەگی رانیە کە بە تەنها لە لای لە دۆڵێ خۆی حەشار دا بوو کەسی تر لە ٥ - ٣ لە هیچ حزب و ڕێکخراوی کوردستانی لە پێش پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە مزگەوتی گەورەی رانیە نەبوو.

### ٤ - ٣ - ١٩٩١ لە ئۆردوگای زۆرە ملێی خەبات:

* ڕۆژی ٤ - ٣ - ١٩٩١ مەفرەزە تایبەتیەکانی ڕژێمی داگیرکەر بە بیانوی گەڕان و دەست گیرکردنی سەربازانی ڕاکردو پەلاماری کۆمەڵێک لاوی قەڵادزێ دەدەن لە ئۆردوگای خەبات، لاوە کانیش لێیان هاتنە دەست و ڕووبەڕویان بوونە وە تا ئێوارە شەڕ بەرەوام بوو، ڕێگایان نەدا ڕژێم بێتە ناو ئۆردوگا و خەڵکەکە ڕەش بگیر بکات. شەهید بەختیار هورێوەی شەڕەفی یەکەم شەهید و لاوێکی تری دیبەگەیش کە لەو ڕۆژەدا بریندار بوو (بەداخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە)، شەڕەفی شەهیدی دووهەم ڕاپەڕینی تۆمار کرد لە بەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە دوور بوو، هەڵکەوتی ئۆردوگای خەباتیش لە ٤٠ کم شاری موسڵ بوو بۆیە هەر ئەم شەوە واتا شەوی ٤ و ٥ - ٣ - ١٩٩١ بە سەدان لاوی خوێند گەرمی قەڵادزێ خۆیان گەیاندە شاری ڕانیە. لە بیتوێنەوە کە ئەوکاتە خەڵکێکی زۆر قەڵادزێی لێ دەژیان بەتایبەت لە ئۆردوگای زۆرە ملێی حاجیاوا ڕۆژی ٥ - ٣ پاکسازی دەستی پێکرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(بۆ مێژوو بە ئەمانەتەوە دەڵێم ٢)

٧ و ٨ - ٣ - ١٩٩١ ڕۆڵی خەڵكی ڕاگوێزراوی قەڵادزێ لە ئۆردوگای زۆرە ملێكانی بازیان و ⁕ باینجان:

خوا لێی خۆش بێت رەسوڵ مامەند بە نامە لە ڕێگای كاك ئەحمەد خاسەوە پەیوەندی كرد بە حوسێنی حەمە سوور ئاغا و چەند مستەشارێكی تر لە ئۆردوگای بازیان و باینجانە بە كە دەبێت بەشداری ڕاپەڕین بكات و بەرعەفوی عام كەوتوە. حوسێنیش بە خۆیەوە ١٨ مستەشاری تری قەناعەت پێكردبوون. پێش پاك سازی شاری هەڵمەت و قوربانی بە ڕۆژێك كە پەلاماری سەركردایەتی جەحافلی خەفیفە لە چەمچەماڵ و تاسلوجە داو خاوێنیان كردەوە. ئەمە كاردانەوەی ڕاستە وخۆی هەبوو لە سەركار سانایی بۆ پاكسازی شاری هەڵمەت و قوربانی. ڕێگا گرتن لە دەرچوونی پیاوانی ئەمن و استخباراتی فاشییەكان و بۆ بەیانی خەڵكی شار ڕاپەڕین مەنجەنیقیان لە ئەمنە سورەكە بۆ داگیركەران داخست.

٨- دوای ڕاپەڕین و ئاوە دانكردنەوەی قەڵادزێ:

لە كاتێك دا كە لاوو گەنجەكانی قەڵادزێ لە ئاسكی كەڵەك و سەربازگە خالد لە كەركوك دەجەنگان و پێشیان بە داگیركەران گرتبوو بگەڕێنەوە كوردستان، پیر و پەكەوتەكانیش بە بێ هیچ كۆمەكێكی دەرەكی بە پەنجە و نینۆكەكانیان لە سەر بناغەی كۆنەكان بە وویشكە كە ئەك كە لاوەكانیان ئاوە دان دەكردەوە. جێگای خۆیەتی ناوی بەڕێز كاك مەحموودە درێژ وەك یەكەم هاووڵاتی قەڵادزێ كە گەڕاوەتەوە بەڕێزەوە بهێنی تەنانەت هیچ كەسێك نەبوو خۆی بەبەرپرسیاریان بزانێ. جێگای خۆیەتی میدكۆ ئنترناشناڵی ئەڵمانی لە بیر نەكەین كە هەندێك چینكۆ و داری لە دوایدا دا بە هەندێك گوندنشین. لە وانەیە لە دویش دا ڕێكخراوی فریاكەوتنی ئیسلامیش هەندێك یارمەتی منداڵە هەتیوەكان دابێت. بەڵام سەرچاوەی سەرەكی هێز و بازوی خەڵكی ماڵ كاول بووی ڕەش و ڕووتە كە بوو. زۆر كەس جێگا پەنەجەی خێریان بە ئاوەدان كردنەوە و ڕوناك كردنەوەی قەڵادزێ وە دیارە لە وانە:

⁕ كاك حەسەن و حوسێنی حاجی عەلی چەند كەسێكی تریش و

⁕ برایانی ئەندازیار سەروەر، فەرەیدون، دلاوەر، عەبدوڵا حوسێن، حەسەنی مەلا بێشیری، دلاوەر قوباد و چەند ئەدازیارێكی بەرێزی تر،

⁕ جێگای خۆیەتی ناوی دكتۆر عەبدول ڕەحمان حەمەدەمین ببردرێت كە بە بێ هیچ ئیمكاناتێك شەو ڕۆژ لە خزمەتی نەخۆش و نەدارەكاندا بوو. جێگای خۆیەتی وەكو سومبولی ئاوەدانی و مرۆڤ دۆستی بە زیندوی پەیكەریان بۆ بكرێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

* جێگای خۆیەتی لێرە بۆ مێژوو روخسەدتان لێبخوازم بڵێم: (٣)

### ٩- پرشکی شه ڕی براکوژی لە ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ و ١٩٩٦:

وەک وەفایـەک بـۆ خـوێنی شـەهیدان و ڕوحـی شۆڕشگێڕی خەڵکـی قەڵادزێ، لـە جیـاتی گـوڵ بـاران و بڵاوکـردنەوەی تـۆی خۆشەویست و ئا ئاوەدانی، یەکەم گولە خۆکوژی وبرا کوژیان بە جەرگی قەڵادزی وە نـا لـە ١٩٩٤. هەر چەنـدە خەڵکی ئەو شـارە زۆر جـار جـەرگیان سوتـاوە بـە تۆپبـاران و بۆردومـان ڕژێمەکـانی عێـراق و ئێـران بەڵام عزبەکـان دڵیـان بـەوە ئـاوی نەخواردە وە هەتـا تۆپەکانی خۆشیان لـێ تـاقی کردەوە و بـە ١٠ یـا ژن و منـداڵیان لـە ماڵەکـانی خۆیـان دا بەبـێ تـاوانی کوشت. زۆر ماڵ کە هەر پێشمەرگە نەبوون لە وانە کاک حەسەن و حوسێنی حاجی عەلی و عومەر چاوشین و عوسمانی حـاج عەوڵای نورە دینی کە بـە یەک جـار ٢١ کاسیان لەو بـێ گوناحانە کوشت. ئەمە جگە لـەوەی کە بـە سـەدانیان لـەو ناسکو نازدارانەی قەڵادزێ یان بە بەرچاوی خەڵکەوە لە ناو شار و دەورو بەرەکەی کوشت، ئەو جـا کەوتنـە تیـرۆرو ڕەشـە بکوژی بە تـاوانی جیاوازی بیرو ڕا. یا مل بۆ کەچ نەکردنیان یا شەڕ بۆ نە کردنیان. لە وانە کاکە مین ناسراو بە (ڕزگار) کـە لـە شەوی ٢٦ - ٢٧ / ١٢ / ١٩٩٦ لە تەمەنی ٢٧ سـاڵیدا لەبـەردەم مزگـەوتی کارەبـا تیرۆریـان کـرد. بـە مەرجـێ هەموو ژیـانی ئەم کورە خەبات و پێشمەرگایەتی بوو. ئەمانـە و بـە سـەدەها تـاوانی لـەم شێوەیە کە بـەرامبەر بـە خەڵکی کوردسـتان بـە گشتی و قەڵادزێ بەتـایبەتی کردویانە. لە ئـاخر کۆبـوونەوەی هەر دووک مەکتەبـی سیاسی دوکـان و سـەری ڕەش بڕیاریـانـدا کە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلمانی تازە هەڵبژێردراو لە یادی ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٥ قەڵادزێ بکرێت خەڵکی کوردستـان زۆریـان پـێ خۆش بوو وەک ڕێز لێنانێک لەم کارەسـاتە گەورە و نەفرەت کردن لـە شـەڕی نـاوخۆ کـە لـە وێـووە دەستیان پـێ کردوو لـە وێشەوە کۆتـایی پێ بهێنن و هەر دوک ئیدارە کە یەک پێ بگرنەوە. بەڵام بەداخەوە دوایـان خست لـە بەر بـە هێنـد گرتنـی کە بوونەوەکانی بەغدا. لە خوا دەپـاڕێینەوە و ئومێـد دەکـەین کـە چیتـر یـاری بـە موقـەدەراتی خـەڵکی کوردستان نەکەن و هەرچی زوە واز لە پاوان کـاری سیاسی خۆسەپاندن بە سـەر ئیـرادە گـەل بێـنن و ڕێگـا بـدە ن پەرلمـانی تـازە کۆبێتەوە و هەرچی زووە ئیدارە کە تێکەڵ بکەنەوە و کار بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە بـە عەرەب کراوەکـانی تـریش بـۆ سەر ئیـدارەی حکومەتی کوردستانی یەکگرتوو. کە ئەمەش ئاواتی هەموو خەڵکی کوردستانە و شەهیدەکانیشمان ڕوحیان پی شاد دەبێت.

### ١٠- پێشنیارمان:

وەک تاکێکی کورد کە بۆچرکەیەکیش لە سەنگەری داگیرکەرانیووڵاتەکەم دا نەبـووم هەمیشە لـە سـەنگەری گـەل و ووڵاتە کەمان بووم و خاوەنی خەباتی پێشمەرگایەتی، بریندار بەزەهر و زیندانی سیاسی و خاوەنی شەهید پێشنیارم دەکەم:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بۆ پەرلمان و حۆكمەتی كوردستان:**

**یەكەم:** رۆژ ٢٤ - ٤ بە رۆژی جینۆسیدی كوردستان بناسێنن لە جیاتی ١٤ - ٤ چوونكا:

١- سەرۆک مستەفا پارزانی نەمر ئەم رۆژەی بە رۆژی شەهیدانی كوردستان و ماتەمینە راگەیاند،
٢- پێش ئەم روداوە جۆری كۆمەڵ كوژی لەم جۆرە لەكوردستان رووی نەدا بوو،
٣- دەتوانین بەدەست پێكی بەرنامەی جینۆسیدی كورد لەلایەن بەعستەكان لەقەڵەمی بدەین،
٤- بۆ یەكەم جار لە مێژووی شۆرشەكانی كوردستان، لە قەڵادزێ یەكەم زانكۆی شۆرشێ كوردستان كرایەوە، كە پێش دەست كردن بەخوێندن بەم كارەستە درندەیە شەهید كر.

**دووەم:** قەرە بووی هەموو شەهیدان و زەرەندمەندانی را گوێزراوی قەڵادزێ بكەنەوە. هەروەكو هەڵەبجە و بارزانیەكان و بە ناو ئەنفالەكان و هەموو شەهیدانی كوردستان بە بێ جیاوازی بیر و بۆچوون و دەنگ و رەنگیان.

**سێهەم:** مەرزی قەڵادزی - سەردەشت بەرەسمی بكەنەوەو وەک مەرزەكانی تری حاجی هۆمەران و باشماخ و خانەقین و شوێنەكانی تر. بۆ ئەو مەبەستە جادە و بانەكانی سنور فراوان بكەن.

**بۆ سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی:**

**یەكەم:** دۆسیەیەک بۆ یەكەم زانكۆی شەهید كراوی كورد لە قەڵادزێ بكەنەوە، لە رێگای یونسكۆ و ناوە ندی زانكۆ جیهانیە كان بەرز بكرێتە وەک یەكەم شالاوی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی كوردستان. وە لە دادگایی لاهای لە هۆڵندا بخەنە بەردەم دادگا.

**دووەم:** ئەو چەند كۆلیژەی كە لەقەڵادزێتان كردوونەوە و سەر بە زانكۆی كۆیەن، بیان خەنە سەر زانكۆی سلێمانی و پەرەیان پێ بدەن و لێی زیاد بكەن. بەتایبەت كۆلیژ سەربازی و ئەركان بگوازنەوە بۆ بناری ئاسۆس و بنكەكانی كۆنی پێشمەرگە لە ناوچەكەدا. بۆ ئەوەی بەكردار روحی پێشمەرگایەتی بەزیندو رابگرین و بە ئەكادیمی بكەین،

**سێهەم:** وەک وەفایەک بۆ خوێندكارە شەهیدەكان زانكۆ سلێمانی لە قەڵادزێ. مۆنیمێنتێک بۆ زانكۆی شەهید كراو لە ناو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زانکۆی سلێمانی بکەنەوە و باسێکی مێژووی لە و بارەوە لە هەموو کۆلیژە کان لەو بارەوە پێش کەش بکەن.

### بۆ خەڵکی قەڵادزێ:

- داوام لە خەڵکی زوڵم لێکراوی قەڵادزێ یە کە بەزەیان بە یەکتر دا بێتەوە و باوەشی خۆشەویست و برایەتی بۆ یەکتر بکەنەوە و لە یەکتر ببوورن. دەرس لە ڕابردوو وەربگرن، بینیان کە بەرهەمی قسەی ناخۆش و ڕەق تەنها شەڕ و ماڵ وێرانی و دەر بە دەری یە. با ئەوجار هەموو بە هەموو زمانی خۆشەویست و گۆڵ تاقی بکەینەوە بزانین بەرهەمەکەی چیە. دڵنیام ژیانێکی پڕ ئاسودۆ و بە یەکەوە ژیانە، کە دەبێتە بەر قەرار بوونی ئاسایش و حکومەتی سەربەخۆی کوردستان. کە ئەوەش خەونی هەموو لایەکمانە.

- داوام لە قوتابی و خوێندکار و لاوانی قەڵادزێ یە کە بە بێ جیاوازی بیروڕا کۆمیسیۆنێک دروست بکەن بۆ کۆکرنەوە و تۆمار کردنی ناوی هەموو شەهیدانی قەڵادزێ و هەموو زەرەندمەندان و ڕاگوێزراوانی ناوچە کە. چاوە ڕوانیان لە هیچ حزب و ڕێکخراوێک نەبێت کە شتێکیان بۆ بکات خۆیان بیبەن پێش کەش بە پەرلمانی کوردستان، هێزە کانی فرە ڕە گەز کە ئێستا حاکمن لە کوردستان و بە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکانی بکەن.

### بۆ ڕۆشینبیرانی کوردستان:

داوا دەکەم با هەموومان بە یەکەوە کار بکەین بۆ سارێژ کردنی مەغزی شێوێندراوی مرۆڤی کورد، چونکە وەک هەموو لایەکمان دەزانین، ڕژێمی داگیرکەری بەعس تەنها وڵاتە کە مانیان کاول نەکردوە بەڵکو مەغز و ڕوحی میللەتەکەشمانیان کاول کردوە. با بە هەموومان کارێکی وا بکەین لەو چەواشەکاری راگەیاندن ڕزگاری بکەین. بە زمانێکی پڕ خۆشەویست وسۆز و ڕاستی ڕوداوە کانیان بخەینە بەردەست. بە ووشە و کلتوری ڕەسەنی کوردی ڕوحیان زاخاو بکەین و دەمارکرژ بوو و جەستەی هیلاکیان ئارام بکەینەوە. با چیتر بەم کەس و بەو حزب هەڵاگوتن نەکەینە خۆراکی ڕۆژانەیان و هێندەی دی ڕاستیەکانیان لێ هەڵنەگێڕنەوە. چونکە بەڕاستی ئەوەندەی کە بەدەست هاتووە بەرهەمی قوربانی و ماڵ کاوڵ بوونە کانمانە. بە شان و پیلی هیچ کەس و لایەنێک بە تەنها بە بەرهەم نەهاتۆتوە. با ڕێگا نەدەین چیتر ڕاگایاندنی دیماگۆگانە لە ناو ڕیزەکانمان جێگای ببێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**دوا ووتەم:**

* - با لە یادەوەرە تاڵەکانماند ڕابردوومان وەبیر بێتەوە و لە ١٩٦٤ تا ئێستاش زۆرترین ماوەیە بۆ دەرس لێ وەرگرتن. سەلمێندرا کە بە دژایەتی و تەفرەقە تەنها لە سوکایەتی خۆمان و گەلەمان زیاتر هیچی تری تێدانیە. بە یەکگرتن و لە یەک حاڵی بوون و ڕاوێژ نەک هەر دەتونین ماڵی خۆمان ڕێک خەینەوە بەڵکو سەرۆکایەتی کۆماری عێراقیش ببەینەوە. ئەوە شیان نابی کەس نەهی خۆی بە تەنها ببینێ و غروری بیگرێت، دەبێت بە بەرهەمی نانی شێنێ و زەڵی و قەڵادزێ و هەڵەبجەی بزانین. وەکە چەند ڕۆژێکی ترش کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاری کرا، دەبێت پێ بڵێین ئەمە ئەمانەتی بارزانی و بارزانیەکان و ئەنفالەکان و هەموو شەهیدانی کوردستانە دەبێت زۆر بە ئەمانەتەوە تەعامولی لەگەڵدا بکەی ئەوجار ئێمە تۆ مان لە ئازیز تر و بە ڕێزتر دەبێت. ئێمە سەرکردەکانی خۆمان دەبێت زۆر بەڕێزەوە تەماشا بکەین بەڵام نابێت ڕێگا بدەین کەس خۆی بە سەردار و ئاغا و بەگ بزانێ و کەس و کار ئەنفال و شەهیدان و تاکەکانی میللەتەکەمان دا فەرز کات و بە نۆکەر و ڕەعیەتی خۆیانی بزانێت. دەبێت سەرکردە کانمان خۆیان پێ خزمەتکاری گەلەکەمان بزانن ئەوجا ئێمەش بەگەورە و سەروەری خۆمان تەماشایان بکەین.

* - زۆر جار لە میدیاکان بەرگوێمان دەکەوت کە فڵانە مەسئوولە هەستاوە لە سەر بوودجەی حکوماتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی فڵان پرۆژەی دانا، یا خوود فڵانە پرۆژە کردەوە. بە بێ ئەوەی گوێ بەسەرپەرشتی کوالیتایت و چاوەدێری و کۆنترۆڵی ووردی قۆنتەرات چیەکان و ماوەی جێ بەجێ بوونیان بدات. پێم وانیە هیچ مەسئوولوک ئەو کارانە بە ئەرکی خۆی بزانێت!!

**بۆ مێژوو بە ئەمانەتەوە ئەم خاڵانە خوارەوە تۆمار دەکەم کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە:**

١- بەندە لاوێکی تازە پێ گە یشت و بووم، ماڵمان لە ئۆردوگای سەرئاوی گەرم بووین لە سەرڕێڵی زەهاو. سەرکردەی شەهید دکتۆر خالید سەعید کە لە کۆبوونەوەی ئورمی کادیرو سەرکردە کانی شۆڕش بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بەشداری کردبوو. خەڵکی هاندەدا بۆ گەڕانەوە بۆ ناو عێراق و جارێکیتر لەوێوە دەست بە شۆڕس بکەینەوە. [ بەندە و کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرمی تر لەوێ بووین باسی خیانەتی شای ئێرانی بۆ دەکرین و دەی ووت پێویستە خەڵکی کورد بە زوترین کات ئێران و ژیانی ئاوارەیی ڕەدکەینەوە و بگەڕێینەوە بۆ ناو ووڵات و درێژە بە خەبات دەین. بۆ مێژوو دەیڵێم هەر چەندە من ئە وکاتە زۆر لە سیاسەت حاڵی نەدەبووم ، بەڵام بە چاوی خۆم بینیم شانۆگەریەکیان ساز کرد بە بەردەم ئەو کۆمەڵەی کە دکتۆ خالید قسەی بۆ دەکردن. یەکێک دەسرۆکەیەکی لەچاوی خۆی بەست بوو، بەئەنقەست خۆی لە شتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵدەنگواند و سەد جار خۆی بە ئەرزی دا دە داو هەڵ دەستاوە. دە یویست پێمان بڵێت بە کوێرانە بەو ڕێگایەیدا مەڕۆن و خۆلە خندڕکان ماون. هەر لە ئێرانێ بمێننەوە و مەڕۆنەوە . وابوو بە نهێنی هەندێک خەڵک قەولیان دا بوو کەرگەڕانەوە لە کوردستانەوە پەیوەندیان پێوە دەکەنەوە.(من یەکێک نەبووم لەو قارەمانانە بەداخەوە لەبەر خوێندن و کەم تەمەنی) بەڵام چەندین کەس لە خێزانەکەی ئێمە بەنهێنی قەولیان پێدا بوون . لەوانە کاک قادرم. ئەمانە لە ماوەیەکی زۆر کەم دا گەشەیان کرد زیاتر لە ١٠٠ لاو و گە نجی قەڵادزێ کاریان دەکرد. بە ئاشکراو بە بێ ترس کۆبوونەوەکانیان دەکرد و یارمەتیان بۆ دروست کردنەوەی شۆڕش کۆ دەکردەوە و ووشیاری خەڵکیان دەکردەوە کە شۆڕش هەرماوە ، وورەیان وەبەر خەڵک دەدا. تەهدیدی ئەوانە یان دەکرد کە دەبوونە بە بەعسی یا دەستیان لەگەڵ دەزگا جاسووسیەکان تێکەڵ دەکرد. ڕێگایان لە قۆنتەرات چیەکان دەگرت کە قۆنتەراتی دروست کردنی ئۆردوگاکان وەر بگرن.

٢- { وەک شاهیدێک بۆ مێژوو دەیڵێم بەندە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە دوای کیمیا بارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکان بڕوام بە خەباتی تەقلیدی نەما بوو، پێم وا بوو دەبێت خەبات بە خەباتی جەماوەری بکرێت و بگوازرێتە وە بۆ ناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان و شارەکانی کوردستان. بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ مەکتەبی ڕێکخستنی حزبی سۆسیالیست کوردستان کە ئەوکات عادل مراد لێپرسراوی بوو مامۆستا عەبدوڵا کەریم (بری شە هید مام ئاراس) ئەندام بوو تێیدا باسم کرد زۆریان لاپەسند بوو. پێیان باش بوو لە گەڵ کاک ڕەسولی ڕەحمەتی باسی بکەم. بە ڕێکەوت ئەو کاتە چوو بۆ وە بۆ ماڵی خۆیان لە ئورمێ. بۆ ئەو مەبەستە سەفەری ئورمێم کرد. بابەتەکەم بۆ ڕەحمەتی کاک رەسوڵ باس کرد و ڕاو سەرنجەکانی مەکتەبی ڕێکخستنیشم پێ ڕاگەیاند. زۆری لە لا پەسند بوو. بەڵام لە گەڵ ئەوە دا نەبوو من ئەو دەورە ببینم. پێی وابوو ڕژێم من باش دەناسێت و هەرزو دەمگرن و لە سێدارەم دەدەن. چوونکە پێشتر لەگەڵ خۆی و کاک دکتۆر، کاک عەدنان موفتی، مستەفا چاوڕەش و کۆمەڵێک سەرکردەو کادر و پێشمەرگەی تر بە زەهری مشک (تالیۆم) دەرمان خواردی کرا بووین و لە هەموو ڕۆژنامە کانی دەرەوە بڵاو کرا بۆوە. دوای ئیلحاحی زۆری من بە نا بە دڵی ڕازی بوو. ووتی زۆر باشە بچۆ بە لام نەهێڵیت بەردەستی ڕژێم بکەویت. گەر تینیشت بۆ هات لە ڕێگای ماڵی مینە قومبەلە لەئۆردوگای ژاراوە خۆت بگەیەنە وە شاخ. نازناوی (هیوا کەریم) و ژمارەی نهێنی (٣٥١) پێ بەخشیم. وا بوو من هاتمە خوارە وە خۆم خێزانە کەمیان گرت و بردیانین لە ئۆردوگای بەرد حوشترو گردە چاڵ لە پارێزگای هەولێر کە هەرچی ماڵی پێشمەرگە و بارزانیە کانیان لێ کۆ کرد بۆوە دەست بەسەر کراین. بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی کارەکانم تەواو بکەم کەوتمە دەستیان و بردیانم بۆ (مدیریە استقبارات العسکریە العامە / شعبە الرابعە) دواتریش بۆ هەیئەی خاسە لە ئەبوغرێب. زیاتر لە ٣ مانگ زیندانی بووم دوایی بە بڕیارێکی تایبەتی (مجلس قیادە الثور) پێش ڕاپەڕینەکان بە ماوەیەک بەر بووم، نامەیەکی تایبەتی کاک ڕەسولم پێگەیشت لە ڕێگای شەهید ڕزگاروە. داوای کرد بوو کە دەبێت پەیوەندی بە سەرۆک جاشەکان وە بکەین و ڕێکیان خەین خۆمان ساز بکەین بۆ ڕاپەڕین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣- بەندە لە لیژنەی تەنسیقی سلێمانی بووم، وەک میحوەرِی قەلادزێ، رانیە، دووکان تا سلێمانی. خوالێخۆش بوو کاک رەسوڵ مامەند نامەیەکی بۆ ناردم، داوای لێکردم کەچاووم بەپارێزگاری سلێمانی بکەوێت و بەناوی ئەو وەک ئەندامیکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی داوای لێ بکەم بۆ گێرانەوەی ءخۆراکی بایعی بۆ ناوچەکە. بەجوهد و ماندوو بوونێکی زۆر توانیمان خۆراکی ئۆردوکانی بازیان و باینجان بەناوی رانیە بگوازینەوە بۆ قەڵادزێ. { لەبەر ئەوەی بەعسیەکان بەمەرسومی جەمهوری پشدەریان لەخەریتەی عێراق سرِیبۆوە}.

٤- خوا لێی خۆشبێ کاک رەسوڵ مامەند یەکەم ئە ندامی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیە کە لە ٧ / ٣ / ١٩٩١ کە لە سونێ وە بە ناو پشدەری سوتماک کراو و راگوێزراودا گەیشتە شاری رانیە.

سەرچاوەکان:

١- ماڵپەری قەڵادزێ لە ئامادەکردنی کاک قوباد قەڵادزێیی
٢- کۆستی شارێک نوسینی پارێزەر تاها بابان
٣- بیرەوەری پێسمەرگەیەک نوسینی کاک سەید کاکە
٤- نوسراو و بڵاوکراوە نهێنیەکانی حزبی سۆسیالستی کوردستان


هۆڵندا/ لاهای

سەرچاوە: ماڵپەرِی قەڵادزێ - رِێکەوتی: ٤ی مای ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قەڵادزێ




کورتەیەک لە مێژووی شاری قەڵادزێ، قەڵادزێ سەر بە پارێزگای سلێمانیە و دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی عێراق، لە نێوان قەزاکانی (رانیە و دووکانە). لە هەر چوارلاوە بە شاخ دەورە دراوە و لە رۆژئاوا زنجیرە شاخی ( کێوەرەش) و لە باشوور (ئاسۆس) و لە رۆژهەڵات (بولفەت، چواس و مامەندە) و لە باکوور (قەندیل). رووبەرەکەی بە (٤٠٠٠ کم) دووجا دیاری کراوە و پێنج ناحیەی (هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە، ژاراوە و سەنگەسەر) لەخۆ دەگرێت. لە رووی پۆلێنی جوگرافی دەکەوێتە ناوچەی چیا بەرزەکان و بەرزایی لە دامێنی زێی بچووک دەگاتە (٧٨٠) پێ و تا بەرەو باکوور بچین زیاد دەکات و دەگاتە (١٨٠٠) پێ. سەبارەت بە ناوی قەڵادزێ دوو بۆچوون هەیە کە یەکەم پێی وایە لە دوو ووشەی (قەڵا، دژ) هاتووە و ووشەی دژ لە فارسی واتەی قەڵایە و بەم پێوەرەش واتە (قەڵای قەڵاکان). بۆچوونی دووەم تێکەڵ بوونەوەی دوو زێ لە نزیک پاشماوەکانی شوێنەوارێکی دێرینە و واتە (قەڵایەک لە نێوان دوو زێدا بێت). شاری قەڵادزێ لە سەر دەستی رژێمە ستەمکارەکان دووچاری نەهامەتی زۆر هاتووە و دیارترینیان بۆردمانی ئەو شارە لە (٢٤ - ٤ - ١٩٧٤) بە چەکی قەدەغە کراوی ناپاڵم بووە، دواجار رژێمی درندەی بەعس تەواوی ئەو شارە و ناحیە و گوندەکانی بە یەکجاری لە پرۆسەیەکدا وێران کرد کە لە (٢٦ - ٦ - ١٩٨٩) کۆتایی هات و تەواوی دانیشتوانی ناوچەکەی بە زۆر بۆ ئۆردوگاکانی (خەبات، کەورگۆسک، دارەتوو و جدیدە) لە نزیک هەولێر و ئۆردوگای بازیان لە نزیک سلێمانی ڕاگواست. خاکی پشدەر زۆر بە پیتە و بەرهەمی کشتوکاڵی جیاوازی وەک: (گەنم، جۆ، نیسک، نوک، تووتن، گوڵە بەرۆژە، تەماتە، پیاز، شوتی، خەیار و سەوزەمەنی و ...) لێ بەرهەم دێت، چاندن لەو سنوورە دوو وەرزە و لە شوێنە فێنکەکانیش جۆری میوەی زۆری وەک: (هەنار، هەنجیر، هەرمێ، سێو و ترێ و... هتد) بەرهەم دێت، بەرهەمی سروشتی ئەو سنورە لە شاخەکان زۆرن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەک: (کەنگر، رێواس، کارگ، بنێشتی کوردی، قەزوان، گێوژ و کرۆسک و... هتد). ناوچەی هەرە جوان دڵڕفێنی ئەو سنووره بریتیە لە چیاکانی قەندیل کە پریەتی لە دوند و لوتکە و دارستان، ئاو و کانی و کانیاو، گوڵ و جوانی و سەوزایی، بەفر و شەختە و بەستەڵک و... هتد. لە راستیدا جوانی سروشتەکەی لە باس نایات و هەر بستێکی بۆخۆی شوێنی حەسانەوە و سەیرانگا و هەوارێکە، دەیان گوند و ئاوەدانی جوان لەخۆ دەگرێت و هاوینان هەواری خاوەن ئاژەڵەکانی زۆرێک لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانە. هەروەها گوندی جوانی زۆری کە هەموویان بە دار و ئاو و باخەکانیان رازاون هەر لە دەوروبەری شارەدێی سەنگەسەر تا ناو دڵی قەندیل هەیە و جگە لەمەش ئاوبەندی سەنگەسەر کە لە سەر چۆمی (گاڕفێن) دانراوە، جگە لەوەی بۆ مەبەستی ئاودێری دروست کراوە، دیمەنی ناوازەشی بەم سنووره بەخشیوە. شارەدێی هەڵشوو خاوەن جوانترین سرۆشتە و لەناو دڵی چیا و بە درێژایی دۆڵێکی بەرتەسک درێژ دەبێتەوە و جوانترین دیمەنەکانی تێدایە کە بە دیتنیان مرۆڤ ئاسودە دەبێت، گوندە جوانەکانی وەک (ئەشکەنە، باوزێ، شێخ ئاودەلان، ئەمەر کاکۆڵ، هێرۆ، شێنێ و سونێ) هەریەکە بە دار و باخەکانیان، ئاو و کانی و جوگەکان، جوانی و شاخەکانیان سەرەنجی گەشتیار ڕادەکێشن. هەروەها سەیرانگاکانی وەک: (گرد ئێستر، جۆلانان، باژار لە نێوان هەردوو شاری قەڵادزێ و سەردەشتی رۆژهەڵات واتە لە سنوور، سوولی دەوژان، بەکاو لە هێرۆ) لەو سنورەن و (بەکاو) دیمەنێکی جوانی ئاوی سروشتە. مەزارگەکانی (شێخ ریشوان و شێخ فەرخ، شێخ محمودی بنەوشان) کە بە لای خەڵکی ئەو سنووره مەزارگە و شوێنی پیرۆزن، هاوکات لە ناوچەی گەشتیاری جوانن. دەکرێت بۆ گەشتی شوێنەوارەکانیش ناوی هەریەکە لە (قەلاتی دینکە) کە بە داخەوە شوێنەوارەکەی بەکەمی ماوەتەوە و (گۆری فەقێ احمدی دارشمانە) دامەزرێنەری میرنشینی بابان باس بکەین.


سەرچاوە: ماڵپەڕی قەڵادزێ - ڕێکەوتی: ٤ی مەی ٢٠١١






سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# قەڵادزێ



قەڵادزێ ١٩٦٥




١٩٨٢/٤/٢٥







١٩٨٢/٤/٢٥



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی - ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com